فەلەکەدین کاکەیی

# چرکەساتی هۆشمەندی



وەرگێڕانی :
شێرزاد هەینی

هەولێر ٢٠١٤

# چرکە ساتەکانی هۆشمەندی

## کتێبی شەشەم

نووسینی فەلەکەدین کاکەیی

وەرگێڕانی شێرزاد هەینی

# چرکە ساتەکانی هۆشمەندی

## کتێبی شەشەم

نووسینی فەلەکەدین کاکەیی

وەرگێڕانی شێرزاد هەینی

چرکە ساتەکانی هۆشمەندی

فەلەکەدین کاکەیی

ئەو کتێبە بە زمانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ لە هەولێر چاپکراوە

ناوی کتێب: چرکە ساتەکانی هۆشمەندی

نووسەر: فەلەکەدین کاکەیی

بابەت: وتاری فەلسەفی

وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی

**سوپاس بۆ کاک شێرزاد کە کتێبەکەی نارد بۆ هەواڵنامەی کتێب بۆ بڵاوکردنەوە**

پێڕست

ئەو پەیڤە دەکەمە پێشەکی

فەلەکەدین کاکەیی

سەرەتایەك لەسەر هۆشمەندی

بەشی یەکەم

چرکەساتی هۆشمەندی

بەشی دووەم

کودەتایە رۆحییەکە نۆرە و دەورانی زۆرە

بەشی سێیەم

چرکەساتی دوا هەڵسانەوەکە

بەشی چوارەم

فەلسەفە لەبن پێی ژنانە

ئەو پەیڤە دەکەمە پێشەکی

هەر لە سەردەمی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی بەغدا و وتارە کورتانەکانی دوا لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامەیە، کە دەنگ و رەنگ و سیاسەت و شانازی کوردستان بوو، ئازایانەش لەناو بەغدا دەردەچوو، ئێمە ئەو پیاوەمان ناسی و خۆشمان ویست، کە ئازایانە وەڵامی ناحەزانی کوردی دەدایەوە.

دوای چەند ساڵ، هەر لە بەغدا لەناو کۆنە کتێبەکانی بازاڕی سەرای کتێبفرۆشان، رۆمانێکم بە زمانی عەرەبی بە ناوی (بیتاقەی یانسیب) بینی، کە لە نووسینی ئەو بوو، رۆمانەکەم کڕی و هەتا ساڵانێکی زۆریش وەك شانازی هەڵمگرتبوو، بەوەش ئەو پیاوەم زۆرتر خۆشویست.

کە ئەو لە ناو شۆرش و حزبەکەی، ناو و دەنگێکی راستگۆ و خاکی و بە هەڵوێست دەردەکەوێت، زۆرتر قەڵەم و هزرەکەی پایەدارتر دەکات، لە پۆستە سیاسی و حزبی و حکومی و ناحکومییەکانی، ئەو وەك کەسێکی رووناکبیر و ئاشتی ویست و بە بەرهەم ناودار دەبێت .

لەلایەن کاك (زریان کاکەیی)یەوە، وەك هاوڕێیەکی فەلەکەدین کاکەیی و رەزامەندی خاتوو (ناز فەلەکەدین کاکەیی) داوام لێکرا، ئەو کتێبە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی، تا ئەو خوێنەر و خوێندکارانی لەسەر هزر و نووسینەکانی ئەو کار دەکەن، سوودی لێ وەربگرن، بە شانازییەوە پێشنیارەکەم وەرگرت، بە خۆشییەوە چوومە ناو بابەتەکان، بێجگە لە وەرگێڕانەکەی، چێژم زۆر لە خوێندنەوە و هزرەکەی دەبینی، شانازیشم دەکرد من بەرهەمێکی رووناکبیری ئەو دەکەمە کوردی و کتێبخانەکەمانی پێ دەوڵەمەندە دەکەم .

بەڵام، لە تێگەیشتن و وەرگێڕانی زاراوە فەلسەفییەکان، بەتایبەتی سۆفیگەراییەکان پەریشان دەبووم، بە کۆششی خۆم و یارمەتی هاوڕێیان، توانیم زۆریان شرۆڤە بکەم و دەستەواژەی گونجاویان بۆ دابنێم، رەنگە لە هەندێکیان هەڵەشم کردووە، بۆیە داوای لێبووردن

دەکەم، ئەگەر مانا و ناوەکانم باش نەپێکابێت، یان هەر وشە عەرەبییەکانم دانابێتەوە .

کتێبە عەرەبییەکان، وتارە فەلسەفییەکانی مامۆستای گەورە فەلەکەدین کاکەیی زۆرن، هیوام وایە هەمووڵایەك کار لە وەرگێڕانی هەموو بابەتەکانی بکەن، چونکە بە راستی هزر و بۆچوون و فەلسەفەکانی زۆر پایەدارن، پێویست و پیرۆزە خوێنەرەکانمان لەو گەوهەرانە بێ بەش نەبن. دروود بۆ گیانی پاکی و شانازییش بۆ بەرهەم و هزرە رووناك و بە جورئەتەکانی فەلەکەدین کاکەیی.

شێرزاد هەینی

مانگی فبرایەری ساڵی ٢٠١٤

ستۆکهۆلم

له ویکیپیدیاوه، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

فەلەکەدین سابیر حەمود کاکەیی لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٣ لە شاری کەرکوك ، کەسایەتی ناسراوی کاکەییەکان و کوردە و ئەندام پەرلەمانی یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان بووە، هەروەها لە کابینەکانی سێیەم و پێنجەم لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم وەزیری ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان بووە، جگە لەوەش پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، هەروەها راوێژکاری سەرۆکی هەرێم مەسعوود بارزانی بووە، لەدوای رووخاندنی رژێمی سەدام دەستپێکی نووسینەکانی فەلەکەدین کاکەیی وەك کەسێکی چەپی کورد دەستی بە نووسین و کاری سیاسی کردووە لەگەڵ چالاکڤانانی سیاسیی عەرەبی عێراقیدا بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التاخی) لە بەغدا، کە ئەوکات یەکێك بوو لە بەربڵاوترین ڕۆژنامە عێراقییەکان. لە ڕێکەوتی ٣١ی تەممووزی ٢٠١٣ دا بە نەخۆشیەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کردووە.

هەندێك لە بەرهەمە چاپکراوەکانی:

- ڕۆمانی بیتاقەی یانسیب ساڵی ١٩٦٧، بەغدا بە زمانی عەڕەبی.
- کورتەیەك لە شانۆی کوردی، موقەرات جەبەلی لە کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ بە عەڕەبی.
- لە بارەی خوێندن لە کوردستان و لە شاخ ١٩٨٥
- کاروانی کاری بەرەیی ١٩٨٥
- گەلێك بێ رۆژنامەی ڕۆژانە، ١٩٨٨
- قەزافی و کێشەی کورد، بەشی یەکەم، ١٩٨٩
- ڕۆمانی (کیف علمونا الحقد) نووسەری سۆڤیەتی چۆلۆخۆف لە فارسی کردووە بە کوردی و لە ١٩٨٥ بڵاو بۆتەوە.

- کورتەیەکی بۆ لاوان نووسیوە، لە شاخ، بە زمانی کوردی و عەرەب
- ئەلزەمیر و ئەلحوریە بەشی یەکەم ٢٠٠٧
- ئەلزەمیر و ئەلحوریە بەشی دووەم ٢٠٠٨
- رۆناهی زەردەشت، بە کوردی
- رۆناهی زەردەشت، بە کوردی، هەولێر ٢٠٠٩
- موتن نور
- دفاتر کاف، هەولێر
- ایام راژان، یان razhan بە کوردی
- احتفالا الوجود
- البیت الزجاجی للشرق اوسەت
- لمن تتفتح الزەور
- عەلەوییەکان
- جۆرناڵیزم
- شۆرشی رۆحی
- بێداری

سەرەتایەك لەسەر هۆشمەندی (حیکمەت)

١

ئەوە کتێبی شەشەمە، زەنجیرەیەکە، لەگەڵ ناوهێنان و ناسینی چەند ئاکارێکیش، بە ئاماژە و نیشانەش، قسەمان لەسەر عیرفان و تەسەوف و ڕەنگدانەوەیان لەسەر فەلسەفە کردووە.

ئەو زەنجیرە وتارە، سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی، لە کتێبی پێنجەمم، ئاماژەم بە ئەگەری ڕوودانی کودەتای ڕۆح دابوو، کودەتایەکی جیهانی، ڕەنگە مەزاج و هزری خەڵك و ڕەووشتیان بگێڕێتەوە، هەستە ئازادییەکانی بورووژێنێت، تا لە تاریکی ڕۆژەکانی برسیەتی و جیاخوازی و تاوان و ڕەگەزپەرستی و دەستدرێژییەکان و پیسکردنی ژینگە و بۆگەنیبوونی کۆمەڵایەتی، خۆیان دەرباز بکەن.

یەکەم وتارم لەسەر (کودەتای ڕۆح) دەگەڕێتەوە، بۆ پایزی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی، وەك چۆن لە کتێبی پێنجەم ئاماژەی پێدراوە.

لەو پێشەکییەدا، کە یەکێکە لە ئەتەکێتی نووسین، بە کورتی، قسە لەسەر حیکمەت و هۆشمەندی دەکەم، ئەگەرچی کتێبەکە، ناوی چرکەساتی هۆشمەندییە... ئایا من گەیشتومەتە ئەو چرکەساتە؟!

دواییش، بە کورتی، ئاوڕ لە چەند مانا و ئاماژە و دەلالەتەکانی حیکمەت دەدەمەوە.

لە گەنجیمەوە، من هاواری ئەو هۆشمەندییە دەکەم، ئەوەی بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو لەلام گەلاڵە بوون، حیکمەتیش حیکمەتی مرۆییە، ئادەمیزاد، لەناو خودی خۆی دەدۆزێتەوە، لە خۆی و لە سرووشت و کاروانەکەی ژیان. هەموو ساتێك، حیکمەت دەبریسکێتەوە و مرۆڤیش هەستی پێ ناکات، تەنها چەند کەسی زانا و حەکیم و فەیلەسوفەکان دەرکی پێ دەکەن.

٢

خۆپیشاندان و ڕێپێوانە مرۆڤایەتییە جیهانییەکە، ئێمە و هەموو خەڵکی سەرسام کردووە، یەك دەنگ، خەڵکەکە، داوا دەکەن

دەسەڵاتی قۆرخکردن و چەوسانەوە و هەژموونی سیستەمی دەوڵی هەڵگرێت، داوا دەکەن، سەرمایەداری و قۆرخکردنی (پەڕینەوەی ئاسان لە سنوورەکان) کۆمپانیایە گەورەکان، سنووردار بکرێن، پاشماوەکانی سیستەمی زۆرداری و ئەشکەنجەدان و ئەتکردنی کەرامەتی مرۆڤ و بازرگانیکردن راگیرێت، بە لە دەستدانی ئاراستەی حیکمەت، خەڵك لە هەموو وزە و هەژموون و هوشیاری رووتدەکەنەوە، بێ دەسەڵاتی دەکەن، تا بە ئاسانی و بە ناچاری بەکاریانبهێنن.

هەندێك لەوانەی بەشدارییان لەو خۆپیشاندانانە کردووە، (ئەوەی لە رۆژی ١٥ی ئوکتۆبەری ٢٠١١ لە زۆرتر لە ٩٢٥ شاری وڵاتانی جیهان کراوە) داوا دەکەن و دروشمی گۆڕانی جیهانی، دەربازبوون لە چاوچنۆکی و تەماعکاری و خۆپەرستی بانکەکان و دەستە دەوڵەمەنەکانیان بەرز کردۆتەوە.

ئایا ئەوە، رابوونێکی ویژدانی جیهانییە؟ یان سەرەتایەکە، بۆ کودەتایەکی رۆحی چاوەڕوان؟ یان وردە بارانێکی پایزییە، دەیەوێ وزە و ویستی ئادەمیزاد ببوژێنێتەوە، چارەنووسی دیار و بایەخدار نیشان بدات؟ یان بزاڤێکە، لە هەڵچوونی کاتی و لە وێستگەیەکدا دەوەستێت؟

فەلسەفەی زەردەشتی، ئازادی مرۆڤی لەنێوان چاکە و خراپە سەرپشك کردووە، واتە ئادەمیزاد، ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو دوو لایەن و رامانە: پێشکەوتن و سەربەستی، یان پاشکەوتن و مانەوە لەناو تاریکی نەزانین. واتە ویست و بەرنامەی ئەو شەپۆلە ناڕەزاییە جیهانییە، ئەگەری ئەوە هەیە، گۆمە وەستاوەکە بشلەقێنێت. هەڵچوون و داواکارە جەماوەرییە جیهانییەکە و بەیەك دەنگ، لە زۆرترین وڵات و لەناو چەندین نەتەوە و کیشوەرەکان، ئاماژەیەکە، بۆ سەرهەڵدانێکی هوشیاری، رەنگە مەزندەش بکرێت، لە جیهان کودەتایەك بۆ باشبوون و رەوشێکی تر بکرێت.

٣

ئەو کاروانەش درێژەی کۆششە مرۆییە بنیاتنەرەکەیە، کە لە سەرەتای مێژووەوە، نزیکترین ئەزموونە رزگارییەکانمان بۆ

دەگوازێتەوە، سەرهەڵدانەکەی (سپارتاکۆس) بوو لە گریك (یونان)... وادەزانم، ئەوەش لە مێژوو، یەکەم سەرهەڵدان و شۆرشی نەبووە، کتێب و کەلەپوور و شوێنەوارە دەوڵەمەندەکانی ئەو جیهانە، ئەزموونی زۆری میللەتانمان بۆ دەگێڕنەوە، هەمووش باس لە کۆشش و وزەکانی مرۆڤایەتی، بۆ سەربەستی و ئەنجامدانی دادپەروەری بەر لە سپارتاکۆسیش دەکەن.

کتێبە ئاینییەکان و یاسایە دانراوەکان و فەلسەفە کۆنەکان، سەرەتا و دەستپێکی بزاڤە کۆمەلایەتییەکان بووە، بۆ رزگاربوونی مرۆڤایەتی بە چەند سەدە لە زاینیش.

چیرۆکی خەباتی میللەتان، دژ بە زۆرداری و نەزانینەکان، وەك چۆن لە کتێبە ئاینییە کۆنەکانیش ئاماژەیان پێدراوە، لە عەدەم و خۆڕاییەوە نەهاتووە، بەڵکو رەنگدانەوەی رووداوە رزگارییە مەزنەکانی مێژووە.

لە کتێبی پێنجەمم، واتە بەر لەو کتێبە، بە قەناعەتەوە، ئاماژەم بە نزیکبوونەوەی کاتی بوژانەوەی گۆڕانێکی رۆحی ویژدانی هزری داوە، کە کۆمەڵگای مرۆیی کۆششی بۆ دەکات، رەوشی مرۆڤ، لە نەهامەتی و نامەرادی و سەرشۆرییەکانی زۆربەی خەڵکی سەر رووی ئەو زەمینە تێیدا دەنالێنن (چەندین سەدەیە) بگۆڕن.

لەو سێ سەدەی رابردوو، کۆششە مرۆییەکان، چڕ و گەرمە بۆ یەکبوونی کۆششە مرۆییەکان، بۆ رزگاری کۆمەڵەی گشتی، ئازادی تاکیشی تێدا مسۆگەر بێت. بزاڤەکە، لە سەرهەڵدانەکەی کۆمۆنەی پاریسەوە دەست پێ دەکات، هەتا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە توندی دەگاتە بزاڤی سۆسیالیستی و بزاڤی هاوکاری جیهانی، لەسەر هەموو ئاستەکان، رەنگە بەو هەڵچوون و رابوونەی ئێستا، لە یەکبوون و کۆششەکان، بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەلایەتی، بگاتە دەرئەنجام .

دەستە زۆردار و چاوچنۆکەکان، لە سەرانسەری جیهان و ئاودیوبوون لە سنووری کیشوەرەکان، بە ددان و کەڵپەی تیژیان، وزە و خوێنی خەڵکە داماو و بێکار و هەژار و بێبەش لە هەموو خۆشییەکانی ئەو ژیانە، دەمژن و هەناسەی ژیان دەگرن، ئەوانەش بوارساز دەکات، لەو دواییەدا رابوونی ئەو سەدان شارەی بەگەرمییەوە، هاوار دەکەن، ئەنجامی بۆ ئەو خەڵکە هەبێت.

وەك تارماییەکەی جاران، ئەوەی چەند سەدە بەر لە ئێستا، هەوار و قەڵاتی زۆردار و قۆرخکەرانی هەژاند و هەڵتەکاند، روو بداتەوە، وا لە چەند شوێن بزاڤەکە دەجولێتەوە، بەڵام، کە لەراستییدا تارمایی نییە، هەڵفڕینی رەوەیەك نییە، بەڵکو ویستی خەملیووی ناو ویژدان و ئارەزووی خەڵکەکەیە، بۆ ئازادی و دادپەروەری.

هەمان تارماییە، لە پشتی پەردەوە هەڵدەچێت، بە هیچ پەردە و دەمامکی نوێ، یان بە هاتنی سەردەمی نوێ ناشاردرێتەوە. ئەوەش... چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا، هەڵچووە و لەوەتی مرۆڤ، کەوتووتە ناو داوی چاوچنۆکی و نەزانین و خۆپەرستی بەردەوام و گەرمە.

٤

هۆشمەندی ئەو زەمانە لەوەدایە، بزاڤە کۆمەڵایەتییە مرۆییە جیهانییەکەی ئەو رۆژانە، بە چاوی کراوە و ویژدانی زیندووەوە،

سەیری بکەین، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە (چرکەساتی هۆشمەندی)، لەبەردەم چاومان دەجریوێنێت، سوودی لێ وەربگرین، کە وەك تیشکی خۆری بەیانییان لەبەر ئاسۆمان دەردەکەوێت.

لەناخی دڵەوە هیوامان وایە، هیواکانی مرۆڤ، ئەوەی بە بڕوا و گەشبینی و ئیمانەوە، جەختی بەردەوامی گەیشتنی کاروانەکەی بۆ دەکات، فەراهەم و جێبەجێ بێت. نەوەکەی ئێمە، کەمێك گەشبین ژیاوین، لە نووسینەکانیشم ئاماژەم بەوە کردووە، وا خەریکە گەشبینییەکانمان کەمێك بەرتەسك دەبێتەوە، بەڵام! دیارە من کەمبین و هەڵە بووم، هەروەها دانیش بەوە دادەنێم، ئێستا، گەشبینییەکە بەهێز ماوە، بەڵام لە ویست و ئیرادەی ئێمە، ئێمەی مرۆڤ، بەرەو لاوازی دەچێت. گەشبینی تێر بە هیوا و بڕوا هەبووە، ئێستاش هەر ماوە، ئینجا ئەوە چ لە ناوەوەیە و دیار نییە، یان دیار و بەرچاوە.

ئەو کتێبەی (ئێستا لەبەر دەستانە)، فەرهەنگێك نییە، لەسەر هۆشمەند و حیکمەت، یان توێژینەوەیەکی ئەکادیمی نییە، کتێبەکە بەردەوامییەکە لەسەر ڕەوتە کۆنەکە، بۆ ئیلهامبەخشی بزاڤێکی نوێکاری گەشبینی بەرەو هاتنەدی هیواکان.

نووسین لە حیکمەت، چەندین بەرگی گەورەی نووسینی دەوێت، بەڵام سەرەتاکەی و کۆتاییەکەی سادە و ئاسانە. حیکمەت، ئەو قۆناخە مرۆڤایەتییە، کە بە جووڵە و چالاکییە دیالیتکی بازنەیی لوولەیی یان حەلەزونییەکانی، بۆی دەڕوات. بزاڤێکی ئازادە، ئینجا چ لەسەر ئاو یان لەسەر کاغەز، یان لەسەر زەوی و ئاسمانیش بێت، شل و نەرم دەڕوات.

دیارە کە حەکیم و فەیلەسوفە کۆنەکان، ئەو عارفانەی، لەو سەردەمە تازە بەئاگاهاتوون، کۆکن لەسەر ئەوەی کەون، یان بوون، هەمووی لە ئاکامی تێکەڵبوونی هەمیشەیی بێ سنووری، پێنج ئامرازی سەرەکی پێکهاتووە، وەك: هەوا، ئاو، ئاگر، خۆڵ و فەزا. ئامرازی

پێنجەم، فەزاکە، کە هەموو ئامرازەکانی لە خۆ کۆکردتەوە، بەیەکەوە چەسپی کردوون و بەیەکەوە گرێی داون.

ئەوەی زۆر گرینگە، دەبێ مرۆڤ بیرۆکەی فەزا، بە ئامرازێکی کەون و بوون قبووڵ بکات، ئینجا بۆ ژیان و مانی ئێمەشی قبووڵی بێت. پەیڤەکە بە دەستەواژەیەکی تر دەکەم، ئێمە بەشێکین لە فەزا، هەروەها ئێمە بەشێکین، لە هەوا و ئاو و ئاگر و خۆڵ.

فەزا، ڤالا و چۆل نییە، بەڵکو ئامرازێکە، بە پێکهاتەکانی و زەمان پێ دەبەخشێت، لەوانە خۆر و کۆمەڵەکەی و کۆمەڵە خۆرییەکان و هەسارەکان، ئەوانەی دیار و زانراویش نین.

کەواتە، ئێمەش تەواوکەری ئەو فەزایەین، کە بەشێکی گرینگی گەردوونە، بۆیەش هەندێ لە زاناکانی فیزیا (رەنگە بۆچوونەکانیان مەزندەش بێت)، دەڵێن، ژیانی ئۆرگانی سەر هەسارەی زەوی، رەنگە لە فەزاوە هاتبێت، یان وەك غوبار و گەردەکان، لە هەسارەیەکی ترەوە دابەزیبێت.

ئەوەی مایەی رامانە، تیمێك لە زانا و حەکیم و فەیلەسوفەکان (بەتایبەتی فەیلەسوفەکانی ئیشراق (١) دەڵێن ئامرازی پێنجەمی کەون (عیشق)ە، واتە بوونمان لە هەوا و ئاو و ئاگر و خۆڵ و ... عیشق پێکهاتووە.

کەواتە عیشق چییە؟ عیشق بەندێکی نهێنییە، ویژدان و دڵی مرۆڤ، بە وزەیەکی کەون، یان رۆحە گەورە مەزنەکە سنووردارەکە، دەبەستێتەوە. ئادەمیزاد رۆحدارە. هەتا دەمرێت، نهێنی بوون و مانەوەیەتی. بەڵام رۆحی مرۆڤ، بە شێوەیەکی شاراوەی مەستوور، بەندە بە رۆحێکی گەورەتر و مەزنتر، بە هەمیشەیی. ئەوەش مانای ئەوەیە رۆحی مرۆڤ، رۆحی هەموو گیانەوەرێکیش، لە فوو و باتیکردنی ئەو رۆحە هەمیشەییە، دەکرێ بە یەکێك لە شکۆداری و مەزنییەکانی خالیقە مەزنەکەی بزانین.

ئیتر بەو شێوەیە، مانا و لێکدانەوەکان بەرەو کون و کەلەبەنی زۆر دوورمان دەبەن.

رەنگە عیشق، دەکرێ عیشق، مانایەك بێت لە ماناکانی حیکمەت (٢). حیکمەتیش رەنگە لە عیشقەوە پەیدا بووبێت.

عیشق ئارەزوویەکی سەرپێی لەناکاو نییە، وەك ئەوەی هەر مرۆڤێك، بەرامبەر رەگەزێکی تر لە خۆی دایمالێبێت. بەڵکو عیشق ئەڤینێکی گشتی، بوون و هەموو پێکهاتەکانیەتی، عیشق سۆزداری بێ سنوورە، بەرامبەر هەموو شتەکانی ئەو کەونە، عیشق تاوانەوەیە، لەناو هەستێکی گەشاوە و دڵخۆشکەر، لەگەڵ شتەکان و پێکهاتەکانی بوون.

خۆشەویستی گشتگیری ناو ویژدان و هزر و دڵی ئادەمیزادی عارف و فەیلەسوفی ئیشراقی عاشق، گوزارشتە لە عیشق و بە ئامرازی پێنجەمیش ئەژمارد دەکرێت.

کەواتە، دەکرێ بڵێین عیشق، لە فەزایە بەرینە بێ سنوورەکە، ئەوەی کەم رێزی دەگرین و نازی دەکێشین، لەدایك ببێت و گەشە بکات. راستە ئەگەر بڵێین، فەزاش بەشێکی بوونی ئێمەیە، هەتا عیشق و خۆشەویستیی گشتی، بوون لە ناخمان بدۆزرێتەوە.

ئیتر لەو روانگە کەونییەوە، دەکرێ مرۆڤ، تیرۆژە ئیلهامەی لە دوور و لە کەون و گۆشە لاچەپەکانی فەزا دەهاتن، وەربگرێت.

مرۆڤ، سێ دەرئەنجامی رۆحی هزری مەزن بەرهەم دەهێنێت، یەکەمیان هونەرە (مەبەستم مانایە زانیاری و فەلسەفییە قووڵەکەی هونەرە)، دووەمیان حیکمەتە، سێیەمیان زانستە (لەگەڵ شکۆیە تاکتیکییەکان)ەوە. زانست، هۆشمەندییەکە تەواو دەکات، هەموو کەرەستەکانی بۆ دابین دەکات، وەك چۆن زانست، مانای فەلسەفە ئاوا دەکات و زانین و هەستەکانی قووڵتر دەکات. هونەریش وێنەیەکی

جوانە، هۆشمەندی و زانست و جوانییەکان، خۆیان، پێ گوزارشت دەکەن. دەبێ هونەریش هەبێت تا هۆشمەندی بەرجەستە ببێت.

لە حیکمەتیش، شاکاری هونەری و شێوازەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بوونیان هەیە، هونەریش، شێواز و شێوەکانی زیرەکی زانستییان پێوەیە، یان ئەوانەی شارستانیەت شانازییان پێوە دەکات.

دیارە، دەربڕین و گوزارشتەکانم، لەو بوارەدا تەماویی و شپرزە و کرچ و کاڵن... داوای لێبووردن دەکەم، من لەو دواییانەدا، گەیشتوومەتە ئەو زانیارییانە. منیش لەناو تاریکی و نەزانین و غافڵبوونی لەبیرکردنەوەدا بووم. حیکمەت لەوەدایە، مرۆڤ ئاگاداری خودی خۆی بێت، تا کەون لەناو خۆییدا بدۆزێتەوە، نەك زۆر دوور لەو کەونەی تۆش تێدا بەشێکی، باشە ئەی ئادەمیزاد.

هەندێ لە حەکیم و فەیلەسوف و عارفەکان، دەڵێن: مرۆڤ جیهانێکی گچکەیە، لەناو جیهانێکی مەزنی گەورەدا، وەك چۆن هەندێك لە شاعیرەکان، یان هەندێك لە زاناکانی فیزیا دەڵێن: (گەردە قومێك)یش سیستەمی خۆری خۆی هەیە. بەپێچەوانەش راستە. ئەوەی لەناو جیهانی گەورەدا، بوونی هەیە، لەناو جیهانە گچکەکەشدا هەیە.

---

[1]. ئیشراق: له ویکیبیدیادا بەو جۆرە پێناسەی ئیشراق کراوە: ئیشراق مەزهەبێکی فەلسەفییە، وشەکە لە (الاشراق)ەوە هاتووە، کە لە زمانەدا بە مانای رووناکییە. ئەو زاراوەیە بە بۆچوونی هەندێك مانای (دەرکەوتن و پەخشانی رووناکییەکانی خودایییە لەناو دڵی مرۆڤی سۆفی (عارف). بەڵام هەندێکی تر دەڵێن: ناسینی خودایە بە بواری دۆزینەوە، یان دەرئەنجامی دەرکەوتنی رووناکییەکە لە جیهانێکی هەست پێنەکراو بۆ زەیەن و بیر. (وەرگێر).

[2]. حیکمەت، هۆشمەندی مانایە زمانەوانییەکەی، بە ئاوەز و زانست کردەوە، کارکردنە لەسەر بەرنامەی راستی و حەقیقەت و گەیشتن بە حەق و رەواییەکان (وەرگێر).

کەس نازانێت، بزاڤە نارەزاییەکانی جیهانی ئیمڕۆ، دەگاتە کێندەرێ، ئەوەی لە ڕۆژی ١٧ی سپتەمبەری ساڵی ٢٠١١ی زاینی لە نیویۆرک سەریهەڵداوە، بەڵام! دەزاندرێت ئەوەیان لە بواری ئازادییەکانی مرۆڤ سەرەتای هاندانی بزاڤێکی نێونەتەوەیی ترە، بۆ دەربازبوونیان لە کۆڵەواری و توندکاریی و زەبرە کوشندەکان، کۆشش دەکەن دادپەروەری بچەسپێت.

بواری گەشە و فراوانبوونی بزاڤە کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابوورییەکەی ئەو سەردەمە، زۆرە، بۆ چارەسەرکردنیان بەشداری گشتی بە کۆمەڵی هەموو کیشوەرەکانی دەوێت.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، نەبەردی و ئەرکی قوورسی لەبەردەمە، لەوانە دەستپێکی ئەرك و پیرۆزییەکانی، ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی هەموو جۆرە چەکە حەرامکراوەکان، یان تاقیکردنەوەی چەکە ناوەکییەکان و دوورخستنەوەی تارمایی شەڕە ناوەکییە دژوارە کوشندەکانە، هەروەها دەبێ مرۆڤایەتی، یەکدەست، کۆشش بکەن پیسبوونی ژینگە و شێواندنی ژینگە، لەسەر رووی زەوی ڕابگرن، کۆشش بکەن، برسیەتی و هەژاری و توندڕەوی و دەمارگیری، لە هەر شوێنێك هەبێت، ڕابگیرێت.

ئەو بەرنامە و هیوایانە، پرۆگرام و ئەرکێکی گشتگیرە، بە یەك کەس، یان بە یەك کۆمەڵگا و بە یەك وڵاتیش، جێبەجێ نابێت، بەڵکو ئەوەیان واڵایی و کردنەوەی ئازادی بزاڤێکی لە سەرانسەری جیهان و چارەسەری جیهانی هاوبەشی دەوێت، ئەگەر لە سەرەتاوە بەرنامەکە بچووك و پەرتوبڵاویش بێت.

ئەوەی شایانی باس و بایەخدارە، لەناو ئەو هەموو گۆڕان و پێشهاتانە، دەبێ ئادەمیزاد بگۆڕێت. ئادەمیزاد دەبێ، خودی خۆی شاناز بکات و بگاتە ئاستی هەستکردن بە یەکبوونی مرۆیی، وەك چۆن حەکیم و عارفەکان و کەسی هاوچەرخی ئەو سەردەمە و نزیك لەوانە، دالای لامای چواردەم (تینزن گیاتسو) پێشەوای ئێستا

جیهانی بودییەکان، پێناسەیان کردووە، پێشەوایە بودییەکە، بە حیکمەت و فەلسەفەی ئاشتییانە ناسراوە و کۆشش دەکات، ئەو هزرەش بڵاوبکاتەوە.

دالای لاما دەڵێت ([1]):

(بەو پێناسەیەی بووینەتە ئادەمیزاد، هەمووومان بەیەکەوە پێداویستییە سەرەکییەکانمان لەنێو خۆماندا دابەشکردووە، هەمووشمان بانگی شادومان دەکەین، ژان و دەردەسەرییشمان ناوێت). ئەو لە بوارێکی تردا وتوویەتی، مەبەست لە بوونی ئێمە، چێژوەرگرتنە، لە شادومانی و سەرفرازییەکان. حەکیمە زەردەشتییەکەش، هەمان گوتاری وتووە، کە شادی مەبەستی بوونە.

هەروەها دالای لاما وتوویەتی:

(دوو بوار و هەنگاو، بۆ گەیشتن بە شادومانی هەیە، یەکەمیان دەرەکییە، ئەوەش بە دەستکەوتنی خانوو و جلوبەرگ و هاوڕێ باش و گونجاو دەستەبەر دەبێت. بەوەش دەتوانین پێوانەی سنووورداری شادومانی و رازیبوون بدۆزینەوە. هەنگاوی دووەمیش، بە پێگەیشتنی عەقڵەوە دەبێت، ئەوەش لە ناوەوە شادومانییەکت پێ دەبەخشێت).

(شادومانییە دەرەکییەکە، ناکرێ زۆر بەردەوام بێت... بەڵام ئەگەر ئاوەزێکی سەلیمت هەبوو، دەکرێ شادومانییەکە لە ناخۆشترین رەوش و حالەتەدا هەبێت).

هەروەها وتوویەتی:

(پێشکەوتنی مادی هەندێجار، کێشەکان چارەسەر دەکات، بەڵام کێشەی ترت بۆ پەیدا دەکات... بەڵام! لە بەرامبەردا، کەسانی واش هەیە، بڕە پارەیەکی کەمیان هەیە، خۆیان بۆ سەخڵەتیش ناکەن، ئینجا ئارام دەژین و شەوانە خەوی خۆشیان لێ دەکەوێت...).

دالای لاما، گەیشتووتە بایەخی گەیشتنی ئادەمیزاد، بە ئاستی باڵای بەزەیی و چاکە، بەرامبەر کەسانی تر، ئەو وتوویەتی، چاکە و خۆشەویستی مانای راستەقینەیی برایەتی مرۆییە، هەردووکیان گەوهەری بەهادارن. ئەوانە بەیەکەوە، دەتوانن یەکبوونی مرۆڤ، ئاسان و بەرقرار بکەن، بۆیەش لە هیچ کۆمەڵگایەك، ناکرێ لێیان دوورەپەرێز و تەریك بیت.

ئەو هوشیاری لەسەر تووڕەیی و خۆپەرستی دەدات (ئەوەی تەنها هەستکردنێکی رووت نییە بە من، بەڵام چڕبوونەوەیەکی زۆرە لەسەر خود)، بۆیە وتوویەتی کەسانی نقوومبوو، لەناو تووڕەیی و خۆپەرستی، ناگەنە شادومانی ناوەوەیان.

زۆریش جەخت لەسەر هاوسۆزی هاوبەشی، نێوان خەڵك و هاوکاری و بەزەیی و ئیحسان دەکاتەوە، دەڵێت سەدەی بیست و یەك، بە بوونی تۆڕە پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکە و گەیاندنە خێراکەی زانیارییەکان، ئابووری جیهانی گشتگیر کردووە، بۆیەش، خەڵك لە هەموو شوێنێك هاوکاری یەکتریان پێویستە، زۆر پشتیوانیان دەوێت، ئیمڕۆ مانەوە و ژیانی تاکەکەسی و تەنهایی، بوویتە مەسەلەیەکی نەگونجاو و موستەحیل. ئاماژەی ترسناك و کاریگەر لە بوونی ئاریشە و کێشەی مەزن، لەنێوان وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەندەکان، لەنێوان دەستە هەژار و نەدارەکان، کۆمەڵە دەوڵەمەندەکان بەڕوونی دیارە. چاکبوونی ئەو رەوشە ئابوورییە، ئەو درزە زۆرە، بەندە، بە هەستکردنی مەزنی هاوبەش و بەرپرسیاریەتی دەکرێت. هاوڵاتیانی میللەتان، دەبێ هاوڵاتیانی تری وڵاتان، بە خوشك و برا بزانن، گەشەسەندن و پێشکەوتنەکانیان بە دروست و شایستە بزانن.

کە دالای مای، باسی مەترسییەکانی بەردەوامی شەڕ و درزی گەورەی نێوان چینە هەژار و دەوڵەمەندەکانی تاك و کۆمەڵگاکانی کردووە، ئاخاوتنەکە لەو پرسەدا لەوە چڕکردیتەوە:

(تاکە بوار، بۆ بەرقراربوونی ئاشتییەکی هەمیشەیی، متمانە و بڕوابوون و خۆشەویستی و ڕێزگرتن و ئیحسان و هاوسۆزی لەنێوان خەڵکەکە دروست بێت، ئەوەش تاکە بوار و چارەسەرە. بەڵام کۆشش و پلانی زلهێزە دەسەڵاتدارەکانی جیهانی و ململانێیکردنیان، بۆ زۆرتر چەکدار بوون، ئینجا چەکەکان ناوەکی یان کیمیاوی یان بایۆلۆژی یان ئاساییش بن، کۆششی بەربەست و رووخێنەرن.

رەوشە ناڵەبارەکەی جیهان تێی کەوتووە، هانای جوولە و بزاڤێکی پێویستە. هەمووما‌ن لەسەر ئاستە مرۆییە هاوبەشەکە، بەرپرسیەتییمان لەسەرشانە، بۆ یارمەتدانی قووڵتری چارەسەری رەوشەکە).

هزر و کۆششە رەوشن و ئازاکانی دالای لاما، نزیکەی نیوە سەدەیە، بەردەوامە، پەیامەکەش وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی جیهان، ئەوەی دیارە، لەوە دەچێت، چەندین ساڵە بووە بە بناغەیەکی بیردۆزی و فەلسەفەیی، بۆ بزاڤە ناڕەزاییەکانی، دژ بە قۆرخکردنی سەرمایەدارەکان و جیاوازییە زۆرەکەی، نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکان و دژ بە چەکسازی و زۆرداریی‌ەکان.

من بەدڵنیاییەوە، پەسەندی ئەوە دەکەم، کە هزرە فەلسەفییە رۆحییە قووڵەکانی دالای لاما و قوتابخانەکانی، لەسەر ئاستی ئەو بزاڤە جیهانییە گەشە دەکات، لە هیندیش کەسێکی وەك گاندی بزاڤێکی ناڕەزایی ئاشتییانەی بۆ گۆڕان لە هیند دەجولێنێت، واتە لە یەکێك لە وڵاتە مەزن و گەورەکانی جیهان. هزری ئیمرۆی گاندی، نزیکە لە رەگ و ریشەی هزری (مهاتما گاندی) کۆچکردوو و دالای لامای ئێستا، ئەوانە لە حیکمەتی هیندییەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە بودییەتی تێدا خولقاوە. دالای لاما، پێشەوایەکی رۆحییە و رۆشنبیرییەکەی لە بودییەکانی تبتەوە هەڵقولاوە.

٦

دالاما لاما لە کتێبە ناوبراوەکەیدا، لە کتێبەکانی تر و نامەکانییدا، بایەخی زۆری بە رزگاری رۆحی و بە (رۆشنایی) مرۆڤ داوە، یان رووناکبونەوە. وشەی (بودا) مانای (ئادەمیزادی رووناکیویست لە ناخەوە دەگەێنێت). هەروەها مانای (ئادەمیزاد لە ناوەوە پرشنگدار)یش دەگەێنێت.

ئەو لە کتێبەکەی، راڤەی ئاستی بەرزی پرشنگداری دەکات، واتە هەڵسانەوەی رۆحی، کە من لە ساڵی ١٩٦٧ی زاینییەوە بایەخم بە باسی ئەو بابەتە داوە.

مەبەست لە پرشنگداری و رووناکردنەوە و هەڵسانەوەی رۆح (ئەفلاتۆن و سەهروردی و زۆر لە هۆشمەند و عارفەکان بە ئیشراق ناویان بردووە)، گەیشتنی مرۆڤە بە حیکمەت، کە بریتییە لە رێکەوتنی خود و سرووشت و کەون.

مەبەست لە رێنماییەکانی دالای لاما چییە؟

مەبەست گەیشتنە بە رووکردنی ئەخلاقی و تێگەیشتنی حەقیقەت، ئەو تێگەیشتنە، بوار بە تەرکیز دەدات بگاتە حیکمەت و رووناکبوونەوە.

ئەو وتوویەتی: لە سەرەتاوە هەتا کۆتاییەکەی، فۆکسی سەرەکییمان لەسەر وەرگرتنی دڵی باش و ئاوەزی باشە، بۆ ئاراستەکردنی ئەخلاقی و تێگەیشتنی حەقیقەت... مەبەستی سەرەکی مەشقەکانمان ئاراستەکردنی تایبەتە، بۆ ئاشتی و هاوسۆزی و تەرکیزی هێمن و مەند و حیکمەت (٢)...

لە شوێنێکی تردا، رێنماییەکانی بودا بە سێ بەش راڤە کراوە:

– پابەندبوون بە رەووشت و فەزیلە.

– ئاخاوتن لەسەر تەئمل و کۆنترۆڵکردنی ئاوەز.

- زانیاری دروستی راڤەی مەشقکردن لەسەر هۆشمەندی.

کەواتە حیکمەت و هۆشمەندی، نیازی ئیمانداره، ئەوەی لە حەقیقەت دەگەڕێت.

مەبەست لە حیکمەتیش (حیکمەتی بینینی تایبەت)ه، پاش هەڵگرتن و نەمانی بەربەستەکانی بەردەم تێگەیشتنی حەقیقەت.

٧

سەهروردی حیکمەتی ئیشراقی یان مەشرقی بە (زانستی ئامادەبوونی، حەزووری) راڤە کردووە، کە زانین و گەیشتنە بە زانیارییەکە، بەبێ ئەوەی مێشك و بیرکردنەوە هەستیان پێ بکات، واتە ئامادەییە، بەڵام فەلسەفەی بەو پێناسە کردووە (کە زانستێکی تەسویری یان بیردۆزییە) لەناو هزر و مێشکی کەسەکە سەرهەڵدەدات. مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە فارابی (٨٧٨_٩٥٠ی زاینی) یەکەم فەیلەسوفی موسلمان بووە، سەرەتاکانی حیکمەتی ئیشراقی بردوتە ناو فەلسەفەی عەرەبی و ئیسلامی، لەسەر ئەوەش وتراوە، ئەو یەکەم کەس بووە، مەزهەبی (الصدور یان الانبثاق یان الفیض)ی هێناوەتە ناو ئەو فەلسەفەیە.

دەڵێن فارابی، سەرقاڵی خۆشییەکانی دونیا و تەئملی ئاوەز و رۆح بووە، (هەروەها بودییەکانیش هیوا بەوانە دەخوازن)، فارابیش ئەوانەی لەگەڵ ئەو رەوت و ئاراستەیەدا بەرجەستە دەبێت وەریاندەگرێت، ناوك و تۆی حیکمەتی ئیشراقی لە هزری ئیسلامی داناوە، کاریگەری مەزنیشی لەسەر دانان و ئاراستەکردنی فەلسەفەی ئیسلامی و لایەنە ئیشراقییەکەی هەبووە (٣)، دوایی ئیبنی سینا و سەهروردی و برایانی سەفا و کەسانی تریش پەیدا دەبن، بەرنامەکەی لەو ئاراستە تەواو دەکەن.

ئیبنی سینا، لە راڤەی بنچینەی بیردۆزی ئیشراق، زۆرتر ورد دەبێتەوە و وتوویەتی: ئاوەزی قودسی (العقل القدسی) (٤) دەگاتە ئیشراق. پێغمبەر و عارفەکان و فەیلەسوفە راستەقینەکان، تایبەت ئەوانە، دەگەنە زانیاری پاکی ئیلاهی و ئاوەزی قودسی، ئەوەی بە رامان دەگاتە زانستەکان (ئەوەش باڵاترە لە ئاوەزی وەرگر و سوودمەند (العقل المستفاد)، کە لە سنوورەکانی ناوەڕاست هەستیان پێ دەکات)، چونکە رامان پلەیەکی تایبەتە، بۆ گەیشتن و پەیوەندیکردن بە ئاوەزێکی ئەکتیڤ (العقل الفعال)...

ئیتر بەو جۆرە، توێژینەوەمان لەسەر حیکمەت بۆ گەیشتن بە باڵاترین پلەی بیرکردنەوە و تەئمل و وردبونەوە و سوود وەرگرتن لەسەر بینین، کۆتایی دێت....

دالاما لاما، بێجگە لەوانە هیچ مەبەستی تری نییە، ئەو بە زاراوە و دەربڕینی تایبەت، بە خۆی و ئیلهامبەخش لە کەلەپووری تیبتی تایبەتی و کەلەپووری بودی بە شێوەیەکی گشتی، ئاماژەی بە هەمان مەبەست کردووە.

زانستی مرۆڤ، وەك جارانە و کۆششەکەی پەریشانە، بۆ زۆرتر زانیاری و حیکمەت. توێژەرەکان، جیاوازییەکی روون لەنێوان حیکمەت و فەلسەفە دادەنێن. حیکمەت، لەکن حەکیم و عارفەکان، مەزندەیەکی ئامادەییە، واتە نیگاکردنە بە دیتنی راستەوخۆ و رامان. بەڵام فەلسەفە نیگاکردنێکی بیردۆزییە، بە شرۆڤە و گەڕان و پێوان و بەستنەوەی فاکتەرەکان بە دەرئەنجامی بەرجەستە دەخولقێت.

لەناو فەرهەنگەکانیش، لەسەر حیکمەت نووسراوە، مەبەستی حەکیم و عارفەکانە، کە بەرەو تەئمل و بیرکردنەوە لە نیعمەتی بوون دەڕوانێت، واتە، نیعمەتی خودا، لەسەر هەموو شتە ئامادە و بەرجەستەکانە، تا مرۆڤ، دەگاتە عیرفانی کامیل، واتە زانیاری کامیل.

بەڵام حەکیمی یەکەم و باڵا، کردگار و خالیقە.

هەندێ لە فەیلەسوف و عارفەکان، بە حەکیم دەناسرێن، ئیبنی سینا دووسەرە حەکیمە:

کارکردنی لە پزیشکی و سەرقاڵبوونی بە فەلسەفە و حیکمەت. زووتر و لە سەردەمە کۆنەکان، بە دکتۆرەکانیان وتووە حەکیم. نازناوی زەردەشت پێغمبەریش حەکیم بووە. لەڕاستییدا پێغمبەرەکان، حەکیم و فەیلەسوفیش بوون. شاعیری عارف، عومەری خەیام، بە حەکیمیش ناسراو بوو (حەکیم بیشاپوور، ئەوەش ناوی شارەکەیەتی). خەیام لە ماتماتیك شارەزا بوو، فەیلەسوف و عارف و

شاعیرش بوو، ئەگەرچی هەندێ لە چوارینە شیعرییەکانی (مەجون، گەمژەیی و بێپەردەیی) و جۆرێك لە ئیلحادیان پێوە بووە، بەڵام! ئەوە بایەخ و مەزنی کەم ناکاتەوە، چونکە، ئەوەش جۆرێکە لە هەڵبزرکانی شاعیر و فەیلەسوفەکان، زۆر لە شاعیرە گەورەکانی ناسراوی، وەك حەلاج و ئەبو ئەلعەلای ئەلمەعری و جەلالەدینی رومی و زۆری تریش، بەوە تاوانبار کراون و زۆریان بۆ هەڵدەبەستان.

پێناسەی تری حیکمەت، بریتییە لە: یەکسانی و هاوسەنگ و لێکچوون، لە ئاخاوتن و کردار و دانانی هەموو شتێك لە شوێنی خۆی، ناسینی هەموو شتێك، لە شوێنی خۆییەوە، پابەندبوون بە ئیحسان و بەزەیی و خۆشەویستی و لێبووردەیی.

هەندێکیش بەوە پێناسەی حیکمەت دەکەن: رووناکییە و پرشنگ دەداتە هزر و دڵی مرۆڤ، بیرکردنەوە و رەووشتەکانی روون و دروست دەکات، راستییەکان دەبێژێت و حەق چۆنە وا کاریش دەکات.

٨

هەموو ئاینەکان، بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی مرۆڤ و هاندانیان بۆ پەرۆشبوون، بەدوای حیکمەت و گەیشتن بە کەماڵ هاتوون و گەشەیان کردووە.

مرۆڤایەتی، ئیمڕۆ، زیادتر لە هەموو کاتێکی تر، بۆ دەربازبوون لە قەیران و گرفتەکان پێویستی بە حیکمەت هەیە. هەندێ لە ئاینەکان، بودایی و ویدیی (فیدائیی) و برهمانی یان هندۆسی، هەموویان لەیەك سەرچاوەی کولتووری هیندی دێرین و کۆنی چەندین سەدەوە هاتوون، ئەو ئاینانە، لەوانە زەردەشتییش، ئاسۆکانیان کراوەتە، دەرگای شەیدابوون بەدوای حیکمەتیان دانەخستووە، بەڵکو هانی ئادەمیزاد دەدات بیگاتێ، چەندین سرووت و مەشقی بۆ گەیشتنیان داناوە. ئەو ئاینانە، هندوئاری (ئاریانە)، لەسەر بنچینەی ئیشراق دامەزراون، پاڵ بە مرۆڤەوە وەدەنێن، هانی دەدات، خۆی بدۆزێتەوە، بۆیە ئەو دەگۆڕێت و بەپێی کات و سەردەمی تایبەتی دەگۆڕێت، لەوانە، تەنها ئاینی زەردەشت، ئەوە هەزار ساڵە خۆی پێچاوەتەوە، رەنگە زۆر راونراو بێت و گەمارۆش درابێت، بۆیە گرمۆڵە بووە. زەردەشتی، بەر لە کریسمیس پەیدا بووە، لە سەردەمێك پەیدابووە، لە پەیدابوونی هیندۆسی یان برهمانییەوە نزیك بووە، کە دوایی تێدا چەندین مەزهەب و رەوتی لێ جیا دەبێتەوە، لەوانە بودایی سەربەخۆیی وەردەگرێت و دەردەکەوێت.

سەهروردی ئاماژەی بەوە داوە، کە فەلسەفەکەی، لەسەر ئیشراق لە سەرچاوەی کەلەپووری زەردەشتییەوە وەرگرتووە.

پێشەکی و سەرەتاکانی، مەبەستی ئاین و فەلسەفەکان، لە پەروەردەکردنی مرۆڤ، لەسەر بنچینەی گۆڕانە رۆحییە قووڵەکان و گەیشتن بە حیکمەت پەیدابوون (یان زانیاری، ئەو ناوەشیان پێ وتووە).

لە سەدەی رابردوو، جیهان، هەتا ئیمڕۆش، رابوونێکی ئاینی لەسەر ئاستی هەموو ئاینە گەورە یان گچکەکانیش هەبووە، ئاین و مەزهەبیش هەبووە پەراوێز بووە و لەبیرکراوە، بەڵام دووبارە بە رابوونی نویٚ، نۆژەن دەبێتەوە، یان چالاکەکان سست بونەتەوە، لەوانە: ئیسلام، کریستیان، جوولەکە، دواییش بودایی و ویدایی (ڤیدا)، ئەویش سەرەتا لە برهمانییەوە سەریهەڵداوە.

ئەو رابوونە ئاینییە، لە هەموو ئاینەکان، بوارساز بووە دەستەی سەلەفی و ئوسولی توندڕەو (هەندێجار زۆر توندڕەو)ی لیٚ جیاببێتەوە و سەرهەڵبدات، هەتا لەناو ئاینزانە بچووکانیش، ئەوە هەبووە.

لەناو هەموو ئاینەکان، دەستە و کەسایەتی تەبشیری، وەك ململانێیەکی چالاك بڵاودەبێتەوە، بەتایبەتی کە سنوورە سیاسییەکان و بەربەستەکانی نێوان دەوڵەت و میللەتان، بە هۆکارەکانی تەکنەلۆژیا و پەیوەندییە لزگینەکان، خاو و نەرمتر بووە.

ئەو ئاین و ئاینزایەی لە ئەمریکا و ئەوروپا و وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتووەکانی تر، رەواجی تایبەتی هەبووە، مەزهەبی بودائییە، نەرمی و فراوانی ئاسۆکەی و گونجان و رێزگرتنی ئاینەکان و چەمکی یەکێتی ئاینەکان، ئازادیی سرووتەکان و مەشقە رۆحییەکان، فاکتەری سەرەکی بڵاوبونەوەی ئەو مەزهەبە بووە. ئەوروپی و ئەمریکییەکان، بایەخی زۆریان بە فەلسەفەکەی دالای لاما داوە، هەروەها بایەخیان بە فەیلەسوفە هیندییەکە (ئۆشو) و راما کریشنا و کریشنا مورتی و زۆری تریش داوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئاینزای بودائییەوە دەرچوون و لە قوتابخانە زۆرەکانی فێر بوون، لەوانە (ژن)ی ژاپۆنی _ هیندی، خەڵکەکە گەڕاونەتەوە سەر ئاین و فەلسەفە کۆنی چینییەکان. کولتووری هیندی لەوانە (ئایریو ویدو) واتە: پزیشکی سرووشتی بەدیل، ئەو پزیشکییە کۆنە و بنچینە سەرەتاییەکانی دەگەڕێتەوە، سەر رەگەکانی بدائی، ئەویش دەبێتە مایەی سەرەنج و رامانی ئەوروپی و ئەمریکییەکان.

بڵاوبونەوە زۆرەکەی ئەو ئاین و ئاینزایانە، شێوازەکانیان لەڕووی پەروەردەی ناوەوە و گۆڕانە ڕۆحییەکانی مرۆڤی ئەوروپی، منی گەیاندوتە ئەو رامان و راستییەی، هزری ئەو ئاینزایانە، لەناو بزاڤی یاخیبوون و خۆپیشاندانەکانی جیهانی تەنیوەتەوە، ئەوانەی دژایەتی جیهانگیری و سیستەمی ئابووری و دارایی و قۆرخکردنی حکومەت و بانك و کۆمپانیا جیهانییەکان لەسەر بازار و جوولەی بۆرسە و سەرچاوە سرووشتییەکان دەکەن، من دەڵێم، هەمووش دەرئەنجامی بڵاوبونەوەی هزری نوێی ئەو ئاینزایانەیە، کە جیهانی تەنیوەتەوە، بەتایبەتی لە ئەوروپا و ئەمریکا.

بۆیەش ئەوە دەڵێم، چونکە ئەو ناڕەزاییە جیهانییە، ئەوانەی لەو دە ساڵەی دوایی، بەجۆش و ئامادەن، هەڵگری هیچ ئایدلۆژیایەکی روونی دیار نین، بەرنامەکەیان، هزرێکی ئازادی لیبرالی ئاوێتەیە بە تەسەوف و عیرفان و دادپەروەرییە. ئەو هزرەش لەگەڵ بەرنامە و مەبەستە جیهانییە گشتگیرییەکەی داواکارە، گۆڕانێکی جیهانی بۆ نەهێشتنی برسیەتی و هەژاری، یەکسانی و هاوکێشەیی و دادپەروەریی نێوان پەیوەندییە دەوڵی و میللەتان ببێت و هاوسۆزە: نزیکە لە ئەخلاقیاتی جیهانی نوێی، کە رێکخراوەی (یونسکۆ)، ئەوە پازدە ساڵە، بۆ بوژانەوەیەکی ماوەدرێژ و دەربازکردنی میللەتان بانگەشەی بۆ دەکات، بەتایبەتی ئەو میللەتانی بەرەو لەناوچوون و رەشبوونەوە دەچن، داواش دەکەن گۆڕینی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و ئیستهلاکی پاش زۆربوون و تەقینەوەی سەرژمێری رەچاو بکرێت، چونکە بەپێی سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی، دوایی لە ناوەڕاستی ئوکتۆبەری ٢٠١١ی زاینی سەرژمێرەکە، دەگاتە نزیکەی حەوت ملیار کەس، ئەوەش ژمارەیەکی گەورەیە، تێدا رێژەی هەژار و برسیەکان زۆر بەرزە، لەگەڵ بەرزبوونی نرخی خواردەمەنییەکان، ژمارەی برسییەکانی جیهان دەگاتە حەفتا ملیۆن کەس.

ئەو کێشە و ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییە جیهانییە، لە سنووره خۆجێیە تەسکەکە دەردەچێت، پێویستی بە چارەسەر جیهانی لزگین دەبێت،

ئەوەش لە بەڵگەنامەیەکی بوژانەوە و کولتووری ساڵی ١٩٩٥ی زاینی ئاماژەی پێدراوە.

ئەخلاقە جیهانییە نوێیەکە، ئەخلاقی یەکسانی و دادپەروەری و رێزگرتنی یەکتری و خۆشەویستی بۆ خەڵکی وەك چۆن بۆ خۆت دەتەوێ، هێشتا هزر و پێزانینی هزری بیردۆزەکانی دەستە هەڵبژرادراوە لە پسپۆران و حەکیم و زاناکانی جیهان پێ نەگەیووە، تەنها بیردۆز و نەخشەسازییە، ئەوانیش بێدەسەلاتن و هێز و وزەیەکیان نییە، تاکە هیواشیان کۆششە بۆ گۆڕینی دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ دەزگای دەوڵی کارکەر، بتوانێت هەموو وڵات و نەتەوەکان بێ جیاوازییەکان بگرێتەوە، ئەوانەش هیوا و داواکاری باش و دڵخوازن، بەڵام ئاسان نییە، بزاندرێت، کەی ئەوانە دەکەونە واری جێبەجێکردن و چۆن؟!

٩

زانا و شارەزاکانی جیهانی، جەخت لەوە دەکەنەوە، هزر و رامانی مرۆڤایەتی بەرەو وریابوون و تێگەیشتنی ئامادەیی لە مەترسییەکان هوشیار ببێتەوە، باس لەوە دەکەن، گرینگە مرۆڤ، بە ئاوەز و حیکمەت کێشە و قەیرانەکان چارەسەر بکەن، ئینجا کێشە و گرفتە ورد و سادەکان هەتا قەیرانە مەزن و ئالۆزکانیش.

بۆیەش، من لەو کتێبەدا، جەخت لەسەر هۆشمەندی دەکەمەوە، لە بەشەکانی ئەو کتێبە، لە وتارە کورتەکانی، بەچڕی جەخت لەسەر کێشەکانی ژینگە دەکەمەوە، وەك چۆن ئەو کێشەیە چارەسەری دەوێت، وێناکردنی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگایەك، کۆمەڵگاکانیش پێویستە بۆ دەربازبوون، لە هۆکار و گەردی ناکۆکییەکان و ململانێیە بەردەوامەکان و رووبەڕووبونەوەکان، کێشەکان فرەرەهەندن... نەژادی و کولتووری و ناوچەیی و هەرێمین... هتد.

بابەتەکانی ئەو کتێبە، بریتییە، لە تیرۆژ و رووناکی لزگین، لەسەر جۆرەها بوارەکانی ژیان، بەیەکەوە بەستنانەوەیان بە هۆشمەندی، بە راڤەیەکی تر، هەموو بابەتێك، ئینجا سیاسی یان کۆمەڵایەتی و فەلسەفەیی بێت، بەو مەسەلەیە پابەندی هەیە.

باس لە مافەکانی ژنان و شایستەییان، هەتا باڵاترین ئاستەکانی بیرکردنەوە، بۆ نمونە، لە بواری فەلسەفەدا، هەروەها لەکاتی گونجاو و دروستدا، باس لە مەسەلەی ژینگە کراوە.

رێبازی ئەو کتێبە، وەك کتێبەکانی تری ئەو زەنجیرەیە، ئەوانەی لە داهاتووش بڵاودەبنەوە، پشتیوانی لەسەر هوشیاریی و خاوەنداریکردنی تەئمل و بیرکردنەوە لەکاتی گونجاودا دەکات، دەمەوێ ئەوە لەلای خوێنەران بوروژێنم.

ئادەمیزاد، پێویستی بەوە هەیە، بەردەوام راستی و بیردۆزەکانی بەبیربهێندرێتەوە، چونکە، زوو ئەوانە لەبیردەکات و تەمبەڵی هزری و

بوونبوون، لەناو ململانێی و بەیەککەوتنەکان و گۆڕان و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و زانستەکان دەیگرێت، من لە ساڵی ١٩٦٧ی زاینییەوە، کۆشش دەکەم بیبوژێنمەوە، هیوادار و بڕوادار بکەم، بۆ هەڵسانەوە و گێڕانەوەی بەڕێوەبردنی خودی ناوەوەی.

من وادەزانم، هەموو کەسێك، بەپێی پێگەی خۆی لەو جیهانە، ئینجا ئەگەر رۆلی زۆر بەرتەسك و سنوورداریش بێت، بەرپرسە لەو جیهانە. ناکرێ و پێویست نییە هەموومان، بەشداری شەڕە گەورە بەردەوامەکانی دژ بە بەربەست و تەگەرەکان بکەین، یان هەموومان، بەرەو لووتکەی ئەڤریست سەرکەوین، با ئەوەی دەتوانێت سەربکەوێت، هەموومان بوارمان لەبەرە، بۆ جێبەجێکردنی شتێك، بۆ ئاسانکردنی گواستنەوە بۆ رەوشی باشتر و شایستەتر.

ئەوانەی ئێستا دەژین، ئەوانەی سبەی و لە ئایندەش دەژین، ناکرێ نائومێد بن و دەستەوەستان راوەستن. ئەگەر زووتر خۆمان ساز نەکەین و خەمێ لەو رەوشە نەخۆین، ئایندەی ژیان، لەسەر رووی زەوی کوشندە و ناخۆشتر دەبێت. بەردەوام تروسکاییەکی هیوا هەیە و دەبریسکێتەوە، ئەگەر ئیدارەی حەکیمانەی ناخی خۆمان ئازاد و ساز بکەین، بواری بدەین لەناو فەزای وەجوود، ئازادانە بوارەکانی بۆ ساز بکەین.

هیوا و پەرۆشییمان بە پێشکەوتنی زانست زۆرە، ئەگەرچی دەرکەوتەی نەگەتیڤیشی هەیە، دەیەوێ لایەنە پۆزەتیڤەکەی بشێوێنێت، رێگرە لە چارەسەرییەکانی، خواردەمەنی و تەندروستی و فێربوون و نیستەجێبوون و باشکردنی ژیانە کۆمەڵایەتییەکان و دەربازکردنی ژینگە و زۆری تریش.

بەرپرسیاریەتی سەرەکییش، لەسەر ئادەمیزاد خۆیەتی، تاك و جڤاتەکان، ئەگەر یەکتریان بەڕاستی قبووڵکرد، لەجیاتی داخران و پەراوێزبوون، بەڕووی یەکتری بکرێنەوە و هاوکاری بکەن، بوارەکانی گونجاو لەبەردەم هەموولایەك ساز و ئامادە دەبێت، ئێمە هێشتا کۆت

و دابونەریت و شێوازە کۆنەکانی بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بەر نەداوە، ئەگەر لەو رەوشە بمینینەوە هەموومان دەکەوینە بنی چاڵەکە.

کات تەنگمان پێ هەڵدەچنێت، پێویستمان زۆر بەوە هەیە، رۆحمان بگۆڕین و هزرمان بکەینەوە، خوشك و برایانە هاوکار و هاوسۆز لەسەر هەسارەی زەوی بەیەکەوە بژین، ئەگەر لە ئاین و ئاینزا و زمانیش برا نەبین، ئەوە لە خولق و پێداویستییە بنچینەییەکان، لە ئاکنجیبوون لەسەر یەك هەسارە، لە ئاو و هەوا لەبن یەك ئاسماندا برا و هاوڕێین.

ئەو هەسارەیە، وەك کەشتییەکی فەزایە، تیژڕەو دەڕوات و بە ئارەزوو خۆی و بێ بایەخدان بە هەموومان، دەڕوات، ئەوەمان ماوە گوێ و چاوەکانمان بکەینەوە، لەگەڵ رۆحی ئەو هەسارەیە و دەسکەوت و خێر و تواناکانی، لەگەڵ هەموو سەرنیشینەکانی هاوبەش بژین، ئێمە هەموومان، پێمان خۆش بێت، یان پێمان ناخۆش بێت، هەموومان بەیەکەوە رێبوارین و بەیەکەوە رێ دەکەین.

نازانم، بزاڤە ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جیهانییەکان، بەرەو کێندەرێ دەڕوات، هێز و هەژموونە جیهانییە ناکۆکەکانیان دەیانخنکێنن، یان پەراوێزیان دەکەن؟ دەرچوون و دەرکەوتنی ئەو جۆرە بزاڤ و چالاکییە، کە هزر و بەرنامەیان لەیەك نزیکە، کار و پێشهاتێکی نایاب و شایستەیە، هیوامان وایە، بەرە گۆڕانی رۆحی داواکارمان ببات، چونکە دیارە کە بزاڤەکە بەرنامە و ئاستی جیهانی، لە سەرانسەری هەسارەکە هەڵگرتووە.

من دڵنیام، ئێستا یان لە ئایندە، بزاڤێکی رزگاریخواز سەرهەڵدەدات. ئەگەر بزاڤە و چالاکییەکەی ئیمڕۆ کپ و بێدەنگ بکرێتەوە، یان لاواز و پەرتەوازەش ببێت، دوور نییە پشتیوان بە لۆژیکی گەشەی مرۆیی جیهانی، رۆژێکیان بزاڤێکی تری لە شێوەی رابوونی مرۆڤ لەسەر خودی خۆی بەرپادەبێت و دەتەقێتەوە... ئەوەش مانای ئەوەیە،

مرۆڤ خۆی بگۆڕێت، ناوەوەی خۆی ڕەتدەکاتەوە، بەر لە جیهانی دەرەوەی.

من کێشەکە، لەناو خودی مرۆڤەکە و لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبینیم، جیهانی دەرەوەش، تەنها ڕەنگدانەوەی هزر و قسە و کردارەکانیەتی، ئەو جیهانە دەرەکییەی چواردەورەکان، بەرهەم و میوەی شێوەی بیرکردنەوە و ڕەووشت و هەڵسوکەوتمانە لەگەڵ چواردەورەکەمان، واتە لەگەڵ ژینگەی سرووشتی و کۆمەڵایەتییەکەی چواردەورمان.

ئەوەش مانای ئەوەیە، بۆچارەسەرکردن و دۆزینەوەی ئاریشەکانمان، ناکرێ وسوودمەند نابێت، لەناخی خۆمان دووربکەوینەوە، کێشەکانمان لەناوەوەی خۆمانە. چارەسەرییەکانیش لەناو خۆماندایە. سرووشتیش دەتوانێت، هەتوانی خۆی بێت و چارەسەری خۆی بکاتەوە. سرووشت دەرد و دەرمانیشە. مرۆڤ کێشە و چارەسەریشە. تێگەیشتن لەبەر ڕۆشنایی هۆشمەندی، هۆشمەندی بەخۆیەتی.

دەرئەنجام... بابەتەکانی ئەو کتێبە، لە ناوەوە، لەڕووی بایەخدان و ڕێنمایی گرێدراون بەیەکەوە، ئەگەرچی بە ئاکار لە ناونیشان و زانیارییە سەرەتاییەکان دیارە، لەیەك دوورن. هەر چەند بوارتان هەبوو، ئەو کتێبە بخوێنەوە و سوپاس.

---

[١]. دالای لاما، چۆن ژیانێکی بەسوود دەژیت، لە ساڵی ٢٠١١ی زاینی لەلایەن جیڤری هوبکنز کراوە بە ئینگلیزی و لە ساڵی ٢٠٠٩ی زاینییەوە لەلایەن محەمەد عەبدولنەبی کراوە بە عەرەبی لە قاهیرە دەزگای هاڤنی پەخش و وەرگێڕان، بڵاوکراوەتەوە.

[٢]. دالای لاما: هەمان سەرچاوە.

[٣]. د. ئەحمەد ئیبراهیم ئەلسایح، هەیکەلەکانی رووناکی سەهروردی، کتێبخانەی ڕۆشنبیری ئاینی قاهیرە ٢٠٠٩ی زاینی، بە زمانی عەرەبی.

[٤]. هەمان سەرچاوە.

## بەشی یەکەم

## چرکەساتی هۆشمەندی

- پاش کودەتا و گۆڕانەکەی کەشوهەوا... ئایا دوایی ئێمە دەخوێنەوە ! ؟
- کودەتاکەی کەشوهەوا پێش کودەتاکەی رۆحی مرۆڤە
- سرووشت عیشقی دالّدەداوە
- چرکە ساتەکانی هۆشمەندی
- دووبارە... پەیڤێك لەسەر زەمەنی ئەستوونی
- وابزانە نەمریت و هەرگیز نامریت
- ئاوێتەبوون لە چرکەساتەکە، نە عەدەم و نە بەڕەلاّییە
- لە هونەری گوزەکاری و گۆڕینەکان
- شێتییەکانی سەدەی بیستەم
- کێ سرووتبەخشی نیتشە بوو؟
- پەیامێك بۆ نەوەکانی پاش پەنجا هەزار ساڵی تر؟
- نامەیەکی خەیاڵی بۆ نەوەکانی داهاتوومان
- جیهانگیری دیاردە سرووشتییەکان
- نمونەی مەشخەڵی زەردەشتی
- حەکیمێکی چینی بۆ بێداربوون و نەخەوتن، برژانگەکانی دەبڕێت
- لە خولەکەکانی ژیانمان چ بکەین؟

- لێبووردنە درەنگەکان برینە کۆنەکان سارێژ دەکات؟
- کەڕ و لالبوون لە سەردەمی دانوستان!
- هەتا ئێستاش وشەی چاکە ئامادەیی نییە
- زوونی پارێزراوی سرووشتی

چرکەساتی هۆشمەندی

پاش کودەتا و گۆڕانەکەی کەشوهەوا... ئایا دوایی ئێمە دەخوێنەوە ! ؟

بە رامانی زانایان، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایی لەو گەردوونە، بەڵێ زاناکان دەڵێن: ئەو گۆڕانە لە کەشوهەواکە، بوویتە راستییەکی بەرجەستە، ناچارین خۆمان لەگەڵ گۆڕانەکە و گەرمبوونەکە رابهێنین.

بەپێی چەندین مەزندە و پێشبینی، ئیتر پلەی گەرما بەرزتر دەبێتەوە، گەردوون فێنك نابێتەوە، پلەی گەرما دانابەزێتەوە، فێنکی و دووبارەبوونەوە و گۆڕانی کلیماتە سازگارەکە ناگەڕێتەوە.

کەشەکەی جاران ناگەڕێتەوە، وەك لە چاخە کۆنەکان، کە کەش و پەلامارەکانی بەفرینی و سەهۆڵبەندییەکە، گوێی زەوی داگیر و شەختەبەند کردبوو، بەو رووپووشینە ساردەش، هەموو زیندەوەر و گیانەوەرەکان، بێجگە لە چەند بەکتریایەك نەبێت دەکوژێت و دەیانفەوتێنێت... بەو بەرگە، بەو سیمایە، ئەو گۆڕانە سرووشتییە گەرمە، سەردەم و رۆژگاری گەرمی پەیدا بووە، هەموو ئاکار و رووکارەکانی ئەو ژیانە ئاساییەمان وێران دەکات. بەو گۆڕانە لەناو ئەو هەڵمەتە دژوارەدا، دیسان چەند بەکتریایەك و مێروولەکان و هەندێ جاڵجاڵۆکەش لە مردن و نەمان رزگاریان دەبێت، هەموو بونەوەرەکانیش دەکوژێت، بەڵام ئەمجارە بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما.

پاشماوەی سەردەمە شەختەبەندییەکان، شوێنەوارەکانی ناو بەفر و بەستەڵەکەکان ماون، چەندین کەڤرۆکە و ئێسك و پروسکی گیانەوەرەکان دیارن، کە بە ئەزموون و تێستی ترشی نتریك و توێژینەوەکانی، شانەکانیان نەبێت هیچ پێناسە و زانیارییەکیان لێ هەڵناکرێت.

ئەوەیە ئەرشیفەکانمان، ئەوانە بەڵگەی سەردەمە کۆنەکانن، ئەوانە ئاماژەکانی زەمانە دێرینەکانە: کلیلەکانی ئەوانەش ترشی نتریکە بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەیان!

دەپرسین، ئێمەش لەو سەردەمە دەبێ پرسیارێك بکەیت و بڵێین، ئێمە چ بۆ ئایندە و سەدەکانی داهاتوو جێبهێڵێن؟

ئێمە چ بۆ نەوەکانی داهاتوومان دەنووسین؟ ئایا نووسین و رامانەکانمان دەخوێنەوە؟ ئایا ئەو زەوییە، ئەو خاکە، چ لە پاشماوەکانی ئێمە، لە پاشەڕۆی ژیانمان، لە کولتوورەکەمان دەپارێزێت، چی پێ هەڵدەگیرێت؟

باشە ئێمە چ تۆمار بکەین، چ بکەین تا زانیاری تایبەتی بۆ نەوەکانی پاش خۆمان، بۆ ئەوانەی لە سەدەکانی زۆر دوور پەیدا دەبن جێبهێڵێن؟

لەو چرکەساتەدا، تاکە بوار و بژاری ئامادە و شکۆمەندیش، ئیلهام (سرووش) و سۆزی چرکەساتەکەیە و بەس... ئەویش پێم دەڵێت:

لەو ساتەدا، پەیڤێك لەسەر کاتی دیار و نێوانی دوو زەمەنەکە بدرکێنە، قسەیەکیان لەسەر ئەو دوو نێوانەدا بۆ بکە: سەردەمی بەر لە کودەتای کەشوهەواکە، کات و پێشهاتی پاش کودەتا و گۆڕانەکەیان بۆ بورووژێنە. ئەو چرکەساتەش کاتی کودەتا و رابوون و وەرگەڕانی کەشوهەوای بەزەبر و کوشندەیە... باشە لێدوانیان بۆ دەدەم و قسەیان بۆ دەکەم... باسی ئاسمانە ساماڵەکەیان بۆ دەکەم، باسی رۆژە فێنکە سازگارەکانی رۆژگارەکانیان بۆ دەکەم. رەنگە دووبارە ئەو ئاسمانە بێگەردە خاوێنە شینە نەبینیتەوە، جوانییەکانی نادۆزینەوە، سروەکانی نەما، شەوە ساز و خۆشەکانی بەسەرچوون و ناگەڕێنەوە. چرکەساتە زێڕینەکانی جاران نەما، کەشە خاوێنە جوانەکان، لەناو تۆزوخۆڵ و باهۆز و گەردەلوول و باران و لەهییەکان نەما و ناگەڕێنەوە، خۆشییەکان لەگەڵ گۆڕانە لەناکاو و

لافاوە خێرا و بەلەزەکان فەوتان، ئەو کەشانە ئاخ و دەشتاییەکان رادەماڵن، ئاوی دەریا و رووبارەکان جوانی و خاوێنی نەما، رەونەقی پاکی لەناوچوون، باڵندە و و ئاژەڵەکان، لەناو سرووشتە ئارامە بێگەردەکە جریوە و هەستیان نەما.

من دەڵێم: باشە ئێمە چیمان کرد و چ گوناحێکمان کردبوو؟

سرووش و نەستم پێم دەڵێن: ئێمە رێزی سرووشت و ژینگەمان نەگرت. لەگەڵ سرووشت و دەوروبەرمان هاوسۆز و هاودڵ نەبووین، بەزەییمان پیَ نەدەهاتەوە، بۆیەش سرووشت، رووی لێمان وەرگێڕا و لێمان زیز بوو.

## کودەتاکەی کەشوهەوا پێش کودەتاکەی ڕۆحی مرۆڤە

ئەگەر کودەتاکەی سرووشت لە ڕۆحی سرووشتەوە هەڵقوڵابێت، سەرچاوەی هەڕەشە و گۆڕانەکانی لە عیشق و یاخیبوون و ناڕەزاییەکانی کردە و چالاکییەکانی مرۆڤەوە بێت، بێگومان کودەتاکەی ڕۆحیش هەر لە مرۆڤەوە سەرچاوەی دەگرێت، بۆیەش مرۆڤ لە داخی ئەو رابوون و هەڵچوونە، لەبەر کردەوەکانی، دەکەوێتە ناو رامانێکی قووڵ... بیرکردنەوەیەکی قووڵ، دەیەوێ هۆکار و فاکتەرەکانی ئەو گۆڕانە و نهێنییەکانی ئەو کودەتایە سرووشتییە، بدۆزێتەوە، بزانێت کەشەکە بۆچی دەگرمێنێت، لەودەمانە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش، کۆشش دەکات لە جیهانە کۆنەکە دەربازی بێت.

ئەگەر کودەتاکەی ڕۆح، زووتر و بەر لەو گۆڕانانە بوایە، مرۆڤیش دەرکی بە دژایەتی و ناکۆکی لەگەڵ خودی خۆی و سرووشت نەدەکرد.

لە دەرئەنجامی کودەتاکەی سرووشت، ئەوەندەمان لە دەست ماوە، ئاخ و ئەفسووس بۆ ڕۆژە خاوێن و ئارامەکان بخۆین، ئەو ڕۆژانەی هەناومان تژی هیوا و خەونی جوان بوون.

چیتر لەناو بێشەڵانی سرووشت، هەست بە حەوانە و ئارامییەکان ناکەین. وا وشکایی گەیشتووتە ڕەگەکان.

بیابان و چۆڵەوانی، شار و ئاوەدانییەکانی گەمارۆ داوین، وا رووبارە بەرینەکان، تەسك و سنووردار دەبن، هەزارەها مار و خشۆك دەبڕێنەوە و نامینێن.

ئێمە هیوامان بۆ ئەوانە نەدەخواست، چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەمان نەدەکرد. ئێمە، کەشێکی سرووشتی جوانمان دەویست. شەیدا و پەرۆشی کازیوە و بەیانییە خاوێن و بێگەردەکان بووین.

ملیۆنەها وردە ئاسن و مس و میتاڵی تر، لەسەر زەوی و لەبن ئاخ بڵاوبونەتەوە.

ملیۆنەها تۆن، لە پلاستیك و کەرەستە کیمیاوییەکان، گەیشتوونەتە ناو ئاوی ژێرزەوییش.

سیسبوون و پووچبوونەوەی دار و سەوزاییەکان، ئێمە حەپەساو و دڵ بەژان دەکات.

ئەگەر کودەتاکەی رۆحمان، درەنگیش بەڕێدەکەوت و دەگەیشت، دەیتوانی چ لەو رەوشە دەرباز بکات، چ لە نەهامەتییەکان کەم بکاتەوە؟!

نائومێدییەکان بەرەو چەندین هەست و نەست رەشبین و کەساسییمان دەبات.

نەخێر! هەرگیز چاوەڕوانی ئەو هەموو پێشهاتانەمان نەدەکرد! داخوازی و هیواکانمان، هەرچی جوانی و باشی بوو. کودەتاکەی کەشوهەوا، گەمارۆی داوین و رەنگە هیوای دابەزینەوەی پلەی گەرماکەش نەبێت، نزم نەبێتەوە، گۆڕان و وەرگەڕانەکە کوشندەیە و دەربازبوونمان ئەستەمە، بۆیە دەبێ رامان و تێڕوانینەکانمان بگۆڕین، ئاستی هۆشیاریمان بگۆڕین... دەبێ چارەیەك بکەین، بەرد و کەڤرەکان گەرمتر دەبن، دیارە و دەبینین، سرووشت، چۆن دەگۆڕێت و چی بەسەرهات، ئاو دەبێتە هەڵم و کەم دەبێتەوە، پێست و چەرم و پەڵکەکان، زەرد هەڵدەگەڕێن و پووچ دەبنەوە. من هەرگیز نامەوێ مرۆیەکی رەشبین بم. رۆژێك لە رۆژان پێشبینی ئەوەم نەدەکرد... بەردەوام چاوم لە نیگا و ئاسۆی جوانتر و گەشتر و نازدارتر دەبڕی، باشترم دەخواست، بەنیازی جوانی زۆرتر بووم. دیارە و هەست دەکەین، چۆن ئەو کودەتایەی کەشوهەوا پەلامارمان دەدات، تەنگی پێ هەڵچنیوین...

سرووشت عیشقی دالّدەداوە

(نەفس بە عیشق پایەدارە)، ئەو دەستەواژە و رستەیەم، بۆ یەکەمجار لە ژنەنووسەرێکی داهێنەری ئوردنی بیست، لە فیستیڤاڵی رۆشنبیری کولتووری دهۆك (٢٠_٢٢ / ٧ / ٢٠١٠)، ژنەکە رستەکەی بەکارهێنا.

من ئەو دەستەواژەیە، دەکەمە سۆزی دەستپێکی بابەتێك بە ناوی (سرووشت بە عیشق پایەدارە).

ژنە نووسەرە ئوردنییەکە، باسی رەوشەکانی ئەڤین و گۆڕانەکان و کودەتایە سامناکەکانی کرد، ئەو، زۆر لایەن و بابەتی نهێنی و ئاشکرای (لەنێوان دێرەکان) و لە پەیڤەکەی لەسەر عیشق ورووژاند، لە کۆتایی چیرۆکەکەی وتی (من هەرگیز عاشق نەبووم)، تامی عیشقم نەکردووە، هەروەها وتی: من نەکەوتووتە ناو ئامێزی عیشق، ئەگەر لە نووسین وەستام و چیتر نەمنووسی، بزانن من کەوتوومەتە ناو عیشق و عاشقم و چیتر نانووسم!

– زۆر لە ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکە، لە قسەکانی ژنەکە تێنەگەیشتن، دیارە من مەبەستم نییە، من لە نیازی پەیڤەکەی تێگەیشتم. بەڵام رامانەکەم، لەوە بەرجەستە کرد و وتم: ئەو ژنە (شەیدا و عاشقی بوونە)، لەبەرخۆمەوە وتم: ئەو ژنە دەیەوێ زۆر بەقووڵییەوە بچێتە ناخی وەجوود و بوون... ئەو لە رەوشێکی ریزپەر و ناوازە عیشقی هەمیشەزیندوو و سەرمەد دەژیت.

دووبارە، من دەڵێمەوە، لە پەیڤی ژنەکە تێنەگەیشتم. ئەو وتی: ناوی چی لێ دەنێن، ناوی لێ بنێن چیرۆك، هەر چیرۆکێك بێت، یادەوەری و گێڕانەوەی سەربردەکان و نووسینەوەی کەسایەتی، یان هەر ناوێکی لێ دەنێن، ناوی لێ بنێن. ناسین و تێگەیشتن لەوە ئاسان نییە. ئەوەیە سەرەتاکانی ئەڤینی گڕگرتوو و سۆزدار.

بەنیاز و مەبەستی نەگتێڤ نا، ئەو ژنە، بەڕاستی لەناو پایەداری و ئامێزەکەی عیشقە. بۆیە ئەو بە عیشق پایەدارە... چونکە ئەو لە ناخەوە بە هەست و نەست و زانینەوە، جەستە و بوون و قەوارەکەی نغرۆی ناو عیشقی ئەبەدیی و هەمیشەیی ببێت.

– سرووشت وایە، من دەمویست و شەیدای ئەوەم، مرۆڤ پایەدار و پەرۆشی عیشق بێت، منی مرۆ، بکەومە ناو پیرۆزی عیشق... ئێمەی مرۆڤ، کە لەسەر من و لەسەر خودی خۆشی یاخی و سەرگەردان و هاریش دەبێت، عیشقی لێ دەتکێت و عیشقی لێ هەڵدەوەرێت، ئینجا بێ عیشق و خۆشەویستی و شەیدابوون جێماندەهێڵێت.

ئێمە، ئارام لەسەر سەرینی سرووشت، بەنیازی ئەوەی سرووشت نازمان بکێشێت، دەستبەردارمان نەبێت دەخەوتین، هزرمان پاك و ئارام بوو. ئایا ئێستا سرووشتمان دەستخەرۆ کرد، ئەویش زویر بوو، لێمان دوورکەوتەوە؟ ئایا ئێمە خۆمان لە جەوهەری راستەقینەی خۆمان داتەکاندووە، کەوتینە ناو دیاردە و کەشە فێڵباز و ساختەکان، ئەویش ئێمەی لەناو وردە ناز و شیرینە خەونی جاران، ئێمەی جێهێشت؟ چۆن ئەو سرووشتەی ئامێزی تەژی ئەڤین بوو، دەستبەرداری ئەڤینە پیرۆزە گەرمەکە بوو؟

## چرکە ساتەکانی هۆشمەندی

ئەو ئاخاوتنەی هیچ ناونیشان و پێناسەیەکی نییە، ئاخاوتنی نەفسە، کە بڕانەوە و تەواوبوونی نییە. مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و چواردەورەکەی، بەردەوام دیالۆگ دەکات و مەنەلۆژی گەرمە. ئاخاوتنەکە، بۆ یەك چرکە ساتێکیش وەستانی نییە، تەنها لە رەوشی ناوازەی تایبەتی نەبێت، کە رەوشێکی شکۆدار و پایەدارە.

ئەگەر هەر مرۆیەك، لەناکاو و بە ئارەزووی خۆییەوە، ئاخاوتنی خۆی ببڕێت، دیارە ئەو کەسە و لەودەمانە، لە رەوشی حیکمەتدا دەژیت. ئەو ساتانەش، زۆر دەگمەن روودەدەن و ئاسانیش نییە، هەموو کەسێك بگاتە ئەو رەوشە.

لە چرکەساتی حیکمەتدا، ئەو کەسە، بە رەوش و ساتی راستەقینەیی گوزەری کردووە، ئەو ساتەش گواستنەوە و دەربازبوونە، بەرەو زەمەنی ئاسۆیی.

کات و بەسەرچوونێکی زۆری دەوێت، تا مرۆڤ بتوانێت لە هەردوو چەمکی زەمەنی ئەستوونی و زەمەنی ئاسۆیی تێبگات، ئەوەیان کاتی دەوێت.

ئاساییە، کە هەموومان لەناو زەمەنێکی ئاسۆیی بەرینی مەودا درێژی ڤاڵا بژین... ئەویش پابەندبوون و بەستانەوەیە، بە کاتژمێر و رۆژ و هەفتە و ساڵەکانی و مەودا و نێوانەکانی تری، کاتی بەسەرچوو پێوانە دەکەن. زۆرجار و بەبێ ئاگایی، چاو لەو کاروانە زەمەنییە ئاسۆییە دەپۆشین و دەڕوا و هەستی پێ ناکەین، ئەو کاروانەی لە ساتی بوونمان هەتا ساتی مردنمان، درێژەی هەیە. مرۆڤ وادەزانێت، لەو زەمەنە ئاسۆییەدا، لەسەرخۆ و هێدی هێدی نەفامانە و گەمژانە، خۆی بۆ مردن ساز دەکات و چاوەروانی دەکات. بۆیەش، لەو رەوشەدا، هەرگیز هەست بە سات و زەمەنەکانی شادومانی و خۆشی ناکەین و سازیی و ئاهەنگی بوونمان ناگێڕین.

زەمەنی ئاسۆیی، وەك شەمەندەفەرێکە، لەسەر هێڵێکی ئاسنی دیاریکراودا دەڕوات، ئێمەش لەناو فارگۆنەکانیدا بارکراوین و دەڕۆین، لێرە و لەوێ، هەڵوەستەیەك دەکات و دەوەستێت، دووبارە بە لێدانی فیتەیەکی بەرز، دەجولێت و لەسەر ڕۆیشتنەکەی بەردەوام دەبێت... بەڵام مەسەلەکە تەواو نابێت.

لەو شەمەندەفەرانەدا، هیچ جۆرە شادومانییەك، هەست پێ ناکەیت و هەست بە بوونیش ناکرێت. لەناو شەمەندەفەرەکە، تۆش، بەزۆر و بەنادڵییەوە، وەك ئەوەی لەناو دارەمەتێك دابیت، لە پەنجەرەکەوە، سەیری خەڵك و خانووبەرە و بوونەوەرەکانی سرووشت دەکەیت.

تۆ لەناو فارگۆنێکی شەمەندەفەرەکە، لەناو بوونی راستەقینەییەدا نیت... تۆ لەناو ئەو کەشە نازدارەدا، لەو کاروانەدا بوونت نییە، ئامادەییت نییە، هەست بەو دیمەنە شۆخە ناکەیت.

بەڵام، تۆ لە زەمەنی ئەستوونییدا، ساتەکانی خۆشی و سەرفرازی دەبینیت و تێدا دەژیت. تۆ هەموو شتەکان، بێجگە لە هەستکردن بە قووڵی لە خودی خۆت، لەبیر دەکەیت. تۆ لەو کاتەدا، لە رەوشی نیگاکردن و رامانێکی ئارام و بەلەزەت و خۆش دەبیت... تۆ لە دەوروبەرەکەت دەژیت، هاوکاتیش تێدا دابڕاویت، بایەخ بەو پێشهاتانە نادەیت، کە لە زەمەنە ئاسۆییەکە، لەبەردەمت گوزەر دەکەن.

چرکەساتی حیکمەت، ئەو ساتەیە بە کامەرانییەوە خۆت دەدۆزیتەوە، خۆت و هیچی تری چواردەورەکەت نابینیت.

**دووبارە... پەیڤێك لەسەر زەمەنی ئەستوونی**

**ئەو لە منی پرسی: تۆ ئێستا لە کوێی؟**

**تۆ ئێستا لە کوێی؟ تۆ کێیت؟ کە وەڵامی پرسیارەکەم دەدیتەوە، من دەزانم ئاستی بوونت چەندە!**

**– تۆ لە کوێیت؟ ئایا تۆ لەناو رامانێکی قووڵی ئازادا، بێ هیچ پەیوەندییەکی دەرەکی نقووم بوویت و داماویت؟ یان تۆ، لەودەمانە کەوتوویتە ناو گێژاوی خەمی رۆژەکانت، کە ژمارەیان زۆر زۆرە؟**

**ئایا تۆ، لەسەر کەنارێك وەستاویت، هەردوو پێیەکانت لە گیا و گوڵەکان دەخشێنیت؟ یان تۆ، لەناو شەپۆڵە قوڕاوییە وەهمییەکاندا، نقووم بوویت و بەرەو هەڵدێرت دەبەن.**

**ئایا بەبێ ئەوەی هیچ کایە و شتەکان، بێزار و سەخڵەت بکەیت، تۆ لەناو مەستی خۆشیدایت، کە مەستی بوونە؟ یان تۆ سەیری دوور و دەرەوەی چواردەورەی خۆت دەکەیت، هیوا دەخوازیت، تۆ خاوەنی ئەو بنەدارە، ئەو ئوتومبێلە، یان ئەو پۆشاکانە، ئەو خواردەمەنی و کۆشکەکان بیت؟**

**ئەگەر تۆ، بیر لە دووەم حاڵەت بکەیتەوە، دیارە کەسێکی بێ ئاگای لە بوون و لەناو زەمەنە ئاسۆییەکەت توندکار و گەمژە دەژیت.**

**بەڵام، ئەگەر تۆ بێجگە لە دەنگی حیکمەتی قووڵی ناخت، ئاگاداری هیچی تر نەبیت، بایەخت بە ئاماژە و رووداوەکانی تر نەداوە، بەدروستی تۆ، لە چرکە ساتەکانی شادومانی زەمەنی ئەستوونی دەژیت. ئەوەش ساتەکانی ئەبەدی و هەمیشەییە. ئەوەش تەمەنی راستەقینەیی تۆیە هەر چەند کورتیش بێت.**

**دەنگە قووڵەکەی حیکمەت، بەردەوام لە هەموو کایەکانی ئەو گەردوونە دەزرنگێتەوە، ئەوەش دەنگی ئەبەدییە. حیکمەت دەنگی**

رامانی چەند خوولەکێك نییە و بەس. بەڵکو حیکمەت، لەو چرکە ساتانەدا، دەبێتە چرکە ساتی ئەبەدیی و هەمیشەیی.

هەر چەند ساڵ و مانگ و رۆژەکانی تەمەنت بژیت، بەبێ ئاگایی دەڕۆن و تەواو دەبن، ئەوەی جێدەمینێت تەنها عەدەمە. بەڵام تەمەنی شکۆدار و جەوهەری لە ساتە بەلەزەکانی تروسکەچاوی هۆشیارییەکاندایە.... لە ئاگاییەدایە.

کەواتە، بۆ خۆت لەناو ئاگایی و هەڵسانەوەیەکی پرشنگدار بژی. ژیان و بوونت تژی بکە، لە زانین و هوشیاری.

بە مانایەکی تر، رامان و تەئمل بکە، بەبێ ئەوەی چواردەورەکەت سەخڵەت و شپرزە بکەیت.

ئەو حاڵەتە تاقی بکەرەوە... ئەگەر لەدیار دارێکی شنگەبی بوەستیت، ئەگەر توانیت لەودەمانە تەنها بیر لەو دارە بکەیتەوە، هزرت لە سرووشت، تەنها لەکن ئەو دارە بێت، ئەگەر بتوانیت چرکەساتێك رامانەکەت، لەسەر ئەو دیمەنە و ئەو نیگایە چڕ بکەیتەوە، چەند خوولەکێك هوشیارانە مەند بیت، هەست بە کرانەوە و گەشانەوەی ئاسۆکانی ناخت دەکەیت، لەودەمانەش، تۆ لەناو خودی خۆتدا دەژیت، نەك لە دەرەوە. لەودەمانە، تۆ لە زەمەنی ئەستوونی، نەك لە زەمەنی ئاسۆیی.

زۆربەی ساڵەکانی تەمەنمان، لە دەرەوە خۆمان ژیاوین، زۆرتر جەخت لەسەر چواردەورەکەمان کردووە، دیاردە و بەرجەستە نزیکەکانی خۆمان فەرامۆشکردووە، ئەویش ناخی خۆمانە. هەڵسانەوەی هوشیارانە، گەڕانەوە و شۆربوونەوەیە، بەرەو ناوەوەمان، ئەوەی بەرچاویشە حیکمەتە.

وابزانە نەمریت و هەرگیز نامریت

پەندێکی رەوشن و پرشنگداری ناسراو وتوویەتی:

– هەست بە نەمریی و ژیانی بەردەوام دەکەیت، کە بۆ دونیا بژیت، کە بۆ دوارۆژ و مردن بژیت، بەردەوام وەك مردووێك ئەژمارد دەکرێت .

ئەو دوو رەوشە، بەردەوام و هەمیشە بوونیان هەیە: ساتەکانی ژیانی ئەبەدی و ساتی مردن، ئەو دوو رەوشە، تەریب و هاوشانن، دەکریَ بلێین هەردووکیان، لە یەك ساتدا گوزارشت و سێبەرەکانیان دەگوازنەوە، ناو یەك و تێکەلَ دەبن.

ئەوەیە جەوهەر و کرۆکی مانای پەندەکە، ماناکەی دیار و روونە، بۆ ئەوەی بیەویَ پەندەکە وەربگرێت و تێبگات. راست برۆ و هزر و نەفس ئازاد بکە، هاوکات لە شوێن و کاتی دروست بژی. زەمانی بیَ شوێن بوونی نییە، هەروەها شوێنیش بیَ زەمان و کات بوونی نابێت. ئەوەیە خالَی بەیەکگەیشتنەوەی زەمەنەکانی ئەستوونی.

– چۆن دەتوانی نەمر بیت و هەتاهەتایی بژیت؟ باشە چۆن دەگەیتە ئەو رەوشەی تێدا ساتێکی پرشنگدار، لە رامانی هۆشیاری دەستەبەر دەکەیت؟

کەواتە، تۆ بەدرێژایی ژیانت، لەناو حالَەتێکی فیزیاییدا دەژیت، لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە، هەتا ساتی مردن. لەبەرئەوەی تۆ بونەوەرێکی کاتی و هەمیشەیی نیت، بۆیە بە قەرز دەژیت، ساتەکانی هیوا و مەبەست و بەرنامەکان، ساتە راستەقینەییەکانت دوادەخەیت. تۆ ژیانێکی دواخراوی کاتی لەناکاو، بەسەر دەبەیت، لە سەرمەدی و هەمیشەیی دووردەکەویتەوە.

بەلاَم ئەگەر، بکەویتە ناخی هوشیاربوونەوەی ئاگاداری رامان، ئینجا یەك سات ژیانت ئەبەدی دەبێت، – چەند چرکەیەك – لە کۆتەکانی زەمەنە ئاسۆییەکە دەربازت دەبێت، کە کەشێکی هیچ و هیواداریش

دەبیت، بە زووترین کات، لە باری گرانی زەمەنە ئاسۆییەکە دەربازت دەبێت، چونکە ئەو زەمەنە ڤالاّ و هیچە.

کەواتە بژی، وەك نەمرێك بژی.

لەودەمەدا، تێدەگەیت تۆ نەمریت و ون نابیت. تۆ لە سەرەتای ئەزلەوە لێرە بوویت، بەوەش بەسەر کۆتاییە ئەبەدییەکە سەردەکەویت، ئەگەر ئازادانە و باڵکراوانە، دوور لە هەموو بەربەست و کایە هیچ و پووچەکان مەند و سەرمەست بیت.

سەبارەت بە دەستەواژەی (بەیانی دەمرم)، بەڵێ بەیانی مردن دێت، یان رەنگە، پاش چرکەساتێکی تر مردن بگات. بۆ گەیشتن بەو ساتە و بۆ هاتنی مردنەکە، پەلەکردن و لزگینی ناوێت، مردنەکە هەر دێت، بەڵام، ئەگەر بەئەبەدییەت ژیایت، ئەوە مردنەکە ون دەبێت، ئەگەر هات و مردن گەیشت، گران و بەئازاریش نابێت، بۆیە با بێت. لە ساتەکانی گەشانەوە و هەڵسانەوە هوشیارییەکە، مردن دەست بە چەپکەگوڵەوە، بە شێوازێکی جوانەوە دێت، وەك ئەڤینداریکی چاوەڕوان و شەیدا پێشوازیت لێ دەکات.

مەسەلەکە زۆر ئاسانە، پێویست بە ئاڵۆزی ناکات، لە هەموو ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی بارکراو، بە کایەی هیچ و پووچەکان سووکتر و سادەترە. ئێوە، زۆر لە مەسەلەکان بە ناڕەزایی و سەرکەشییەوە بەرێدەکەن، وەك ئەوەی بەزۆری و بەنادڵییەوە، لەناو گرتووخانەیەك کاری قوورس ئەنجام بدەن. دڵشاد و کامەران نین، هەتا ئەگەر کارەکان ئارەزوومەند و ویستی بەدڵی خۆتانیش بێت.

ئیتر بەو جۆرە دەگەیینە، کلیلێك لە کلیلەکانی ساتەکانی هەمیشەیی... ئەویش، هەموو کار و پیشە و چالاکییەکانتان، بکەنە گەمە و سەیران و شادومانی. بوار مەدە، هیچ کار و فەرمانێك شانگران و بێزارت بکات، هەموو چالاکییەکان، بە سەیران و سەفا و ئارامکردنەوەی نەفس ئەنجام بدە.

ئاوێتەبوون لە چرکەساتەکە، نە عەدەم و نە بەڕەڵایییە

رووناکبیری وەجودی فەرەنسی جان پۆل سارتەر، کتێبێکی بە ناوی هێڵنجدان نووسیوە. راستە هێڵنجدان و بەڕەڵایی، نەفس و هۆش و چەشەش بێزییان لێی دەبێتەوە.

سارتەر و هاوڕێیە وەجودییەکانی، زۆر بە قووڵی و بە زۆری، چوونەتە ناو هێڵنجدان و بەڕەڵایی و رشانەوەکان، بۆیەش، شارکارێکی نەمریان لەدوای خۆیاندا جێنەهێشتووە! چونکە، لەناو عەدەمیەت و عەبەسیەتدا نغرۆ ببوون.

بەڵێ، ئەوانیش دەیانویست، (چرکەساتەکە... بە مانایە وەجوودییەکە) بژین، بەڵام بیرۆکەی (چرکەساتەکەیان) بۆ هێڵنجدان و عەبەسیەت گۆڕی.

جیاوازییەکە مەزنە، جیاوازییەکەی نێوان وەهمەکانی عەدەمیەت و عەبەسیەت، لەلایەك، هزر و هەستەکانی ژیانی چرکەساتەکان لەلایەکی ترەوە ریشەییە... ئەوەش مانای ئەوەیە، مرۆڤ چرکەساتەکەی خۆی سەربەستانە و دوور لە باندۆری کۆن و دوێنێ و نەستەکانی ئایندە بژێت. دوێنێ رۆیشت و رابردووە، بە مەزندەی عومەری خەیامی شاعیر و فەیلسوف، ئەوەی زۆرتر لە هەزار ساڵ، بەر لە ئێستا ژیاوە، هێشتا سبەی داهاتووش لەناو غەیب و نەدیارییەوە ماوەتەوە.

خەیام، باس لە (گڵکاری و بوون) دەکات، زۆرترین نمونە و هاوشێوەی لەنێوان بوونی مرۆڤ و بوونی دەفرە سیرامیکییەکان دەهێنێتەوە، تێدا روومەت و گونا و دڵی مرۆڤەکانی دەبینێت، ئەو قووڕەی پارچە گۆزە و سیرامیکییەکانی لێ دروست دەکرێت، تۆزوخۆڵی ئەندامانی جەستەی مرۆڤێکیان هەر پێوەیە، ئەو مرۆیەی دەمرێت و ئێسك و پروسك و گۆشتی دەکرێتە، خامی کەرەستە و بەردەستییەکانی ناوماڵان.

ئەگەرچی خەیام، زۆر بە چرکەساتەکە پابەند و پەرۆش بوو، داواکاریش بوو، سوود لە چرکەساتە ئامادەکە وەربگرێت، لەوێیەوە، تام لە ژیان وەربگرێت، ئینجا ئەو، وەك داهێنەر و شاعیرێکی ناسك و نووسەرێکی بەتوانا، ژیان بەڕێدەکات، هەتا دەمرێت، دانەر و زانا بووە، وەك سارتەر نەکەوتووتە دوای کارە بێ سوود و مایەپووچەکان...

عومەر خەیام، بەپەرۆشەوە، وێڵی چرکەساتەکان دەبێت و دڵۆپ دڵۆپ ئاوی ژیانی ویستووە و ئارام و جوان ژیاوە، بەڵام! سارتەر و هاوڕێیەکانی و هاوبیرەکانی، پاش ئەو ژیاون، تەمەنیان بە کاری پووچ و بێ سەرمایە بەڕێکردووە، لەناو کارە شێتانەکانیان و پەرۆشیان بە خۆشییەکان و رابوردنەکانیان، رۆژانە ژیاون، ئازاری رۆحی خۆیان داوە و کەساسییان هەڵبژاردووە.

باشە، بۆچی ئەو کەلەنە مەزنە لەنێوان، ئەو دوو تیمە لە ساتی وەجودیەت هەبێت؟ بۆچی خەیام زۆر باسی گۆزەکاری و سیرامکییەکان کردووە؟

له هونەری گۆزەکاری و گۆڕینەکان

من له نهێنی شێوازەکانی عومەر خەیام تێنەگەیشتم، دەمزانی، ئەو بۆ زۆر ئاماژەی به نمونه و کاره گوزەکارییەکان داوه، تا له ساڵی ١٩٧٦ی زاینی، سەردانی زێدی عومەر خەیامم نەکرد، تا نەچوومه سەر گۆڕەکەی، که کوتەڵێکی جوانی له شاری (نیشاپور)ی نزیك شاری مەشهدی پایتەختی پارێزگای خوراسانی سەر سنووری ئێران ئەفغانستان لەسەره.

ئەو رۆژەی چوومه زێدی عومەر خەیام، سەردانی نیشاپورم کرد، هێشتا خەڵکەکە، لەوێ خەریکی گۆزەکاری جوان و ناسك بوون. خۆڵی ئەو دەڤەره، نیمچه سووره و شێلان و هەویرکاری تێدا ئاسانه، به باشی و به جوانی، دەکرێ گۆزەی باش و کەرەستەی ناوماڵی زۆر باشی لێ دروست بکەن. لەوێ زانیم هاولاتیانی ئەو شاره، پشتاوپشت گۆزەکارییان کردووه، چەند سەدەیه، ئەو پیشەیه دەکەن. خەیام لەناو گۆزەکارەکان و کوره و لەناو دووکانەکانیاندا ژیاوه.

ئەو رامان و هەڵوێستەکانی لەبەر رۆشنایی ئەو هونەره دەربڕیوه، بیردۆزەکانی، لەسەر وەجودیەت لەو نیگایەوه بەرجەسته کردووه. ئەو شاعیرێکی واقیعی بووه. چوارینه رەنگینەکانی، له بیرۆکەی فەنا و لەناوچوون و له سەیرکردنی دیمەنەکانی شکانەوه و ئاوێتەبوونی و دەفره سیرامیکییەکان، گەڕانەوەی پارچەکان، بەرەو سرووشت وەرگرتووه، که قسەی رووبەڕووی مرۆڤ کردوه وتوویەتی: سۆز و بەزەییتان، بەو گۆزانانەوه بێت، دوور نییه، خۆڵ و قووڕەکانی له جەسته و ئەندامی دڵسۆز و خۆشەویست و ناسیار و خزمێکتان بێت، یان کەرته و پارچەی جەستەی شازاده و پاشایەك، یان کەسێکی هەژار و نەدار و ناسکێك ... هتد.. بووبێت!

ئادەمیزاد، بەردەوام، بیر له فەنابوون و مردن دەکاتەوه، وەك گۆزەکان، لەمێژه، مرۆڤ داواکار و پەرۆش جوانی و خێر و چاکه و هاوسۆزییه لەگەڵ خەڵك، ئەوەش، پێچەوانەی هزر و رامانی سارتەر و

ڕووناکبیرەکانە، ئەوانەی ژیانیان گران و ئاڵۆز کردووە، کردویانە بە (دۆزەخ) و خۆشیان سەرقاڵ و پەرۆشی خۆشییەکان و رابواردن بوون، ئەو چرکەساتانەی لزگین دەڕۆن!

شێتییەکانی سەدەی بیستەم

فەیلەسوفی ئەڵمانی فریدریك نیتشە، ئەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی زاینی ژیابوو، دەست دەداتە (چەکوچ)ێك، یان هەر بە خەیاڵ، هەموو کەلوپەل و ئاماژە و نیشانە کۆنەکان، وردوخاش دەکات، ئەو ئامرازانەی ئازادی مرۆڤ و هزرەکەی کۆتبەند دەکات، هەموو چەمك و پەند و دەستەواژە کۆنەکان دەشکێنێت.

ئەوەمان بەبیربێتەوە، ئێمە رووبەڕووی پیاوێك بوینەتەوە، کە بە دەست ئازار و ژانی نەخۆشییە سێکسییەکانی دەیناڵاند، هاوار دەکات و روو لە بەڕەڵایی و شپرزەیی دەکات، بەر لە سارتەر، ئەو رەفتارە پیرۆز و پەیڕەو دەکات، یەك چرکەساتیش لە نووسیندا، لە حەقیقەت نزیك ناکەوێتەوە، تەنها چەند بەشێك لە کتێبەکەی (زەردەشت) نەبێت، دوایی لە کتێبێکی تردا، بەو شێوەیە باسی زەردەشتی کردووە: بەیانییەکیان زەردەشتمان، لە ئاسمانەوە بۆ دابەزی. لەو دەستەواژەوە بیرۆکەی نووسینی کتێبەکەی لا پەیدا دەبێت.

نیتشە، لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی (بەو شێوەیە زەردەشت قسەی کردووە)، هزر و رامانەکانی شێتانە دەربڕیوە و وتویەتی: (چەکوچەکانی سەر جیهانە کۆنەکە)، دوایی چەکوچەکە بەر لە خەڵکی تر، لەسەری خۆی دەدات. بەڵام ئەو جۆرێکی شێتانە و عەبەسییانە بڵاودەکاتەوە، کە تا ئیمڕۆش باو و ئاشنایە، چەند نەوە و پشتێك، بەو دەردە دەردەدار دەکات. دەکرێ بڵێن، فریدرك نیتشە، لە سەدەکانی ناوەڕاستی تاریکدا، جۆرێك لە شێتی لەناو مناڵدانی جڤاتی مرۆڤایەتی دەچێنێت. ئەو جۆرێك لەو شێتییە، لەناو مێشکی خۆی دەردەهێنێت، لەناو کۆمەڵگا بە بیانووی (شکاندنی پیرۆزییەکان و بەربەستەکانیش) بڵاودەکاتەوە.

ئێستا و ئیمڕۆش هەموو ئەو کایە و ئامرازانەی نیتشتە، بۆ خۆی بە (پیرۆزی) دەزانی، یان بانگەوازی (پیرۆزی بەدیلەکان)ی بۆ قوتابی و

هاوڕێیە شێتەکانی دەکرد، کاتیان هاتووە، مرۆ هەڵبستێتەوە و دەست بە چەکوچ هەموویان وردوخاش بکات.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، فەیلەسوفێکی هیندی بەو شێوەیە پەیڤێکی لەسەر نیتشە راگەیاندبوو (نیتشە مردنی خودای راگەیاندبوو). ئیتر لەو رۆژەوە، ئاوەز لە دەست دەدات و شێت دەبێت. نیتشتە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچیوەی یەزدان. ئەگەر خوداش بوونی نەما، مانەوەی مرۆڤیش سوود و بایەخی نامینێت. نیتشە بڕوای بە خۆی هەبوو. بڕواشی بەوە هەبوو (خودا مردووە) و مرۆڤیش ئازادە. بەڵام (نیتشە) ئازاد دەبێت چونکە شێت بووە. مرۆڤی سەدەی بیستەمیش، بە ئەمانەتەوە هاوڕێیەتی و هاوبیری نیتشە دەکەن وەك ئەو شێت دەبن.

کێ سرووتبەخشی نیتشە بوو؟

نیتشە لەگەڵ خودی خۆی ناکۆك بوو، ئاماژەی بە (ئیلهام) یان (وەحی) کردووە، شرۆڤەی ئەوەی کردبوو، چۆن رۆژێکیان (دابەزینی زەردەشت) سرووتی بەو بەخشیوە. ئەو نەیتوانی بگاتە دەرئەنجام و وەڵامێکی باوەڕپێکراوی بۆ پرسیارێك، بەردەوام ئاراستەی خۆی کردووە، ئەویش: باشە کەسێکی وەك من، منی رووخێنەر (نەریت و سرووتە کۆن و پیرۆزەکان)، چۆن دەتوانێت بڕوا بە شتێك بە ناوی (ئیلهام) بهێنێت؟

دەبێ ئیلهامیش، سەرچاوە و ژێدەرێکیشی هەر هەبێت، باشە ئەگەر سەرچاوەی ئیلهام خودا نەبێت، ئەدی کێیە، ئەوەی نیتشە (بە مردوو ناوی بردووە)؟

خودا هەرگیز نەمردووە و نامرێت. (لەکەس لەدایك نەبووە و کەسیش لەو نەبووە)، ئەوەی بە بۆچوونی نیتشە و کەسە نزیك و کۆمەڵگاکە دەڵێن مردووە، خودا نییە، ئەوە شتێکی ترە. ئەو بونەوەرە مردووەی کە خۆیان دروستیان کردووە، بە خالیق و دروستکەری ناسیویانە، خودا نییە ئەوەی پیاوانی ئاینی و پشکێنەرەکانی ناو کڵێسا و شرۆڤە نادروستەکان بە دروستکەر ناسیویانە.

سەیرکە نیتشە، لەودەمانەی دەستەواژەی (مردنی خودا) هەڵدەگرێت و بڕوای پێ دەکات شێت بووە، لەو ساتەوە ئەو شێتە، باشە دوو رێکەوتە بۆ؟! یان ئەوەیان رێکەوت نییە! نیتشە بە دروستی و فیعلییەوە، لە راستییەکانی بوون دەگەڕا و پەرۆشی ئەو زانینە بووە، بەڵام هزرەکەی روودەچێت و هەڵدەخلیسکێت و دەکەوێتە ناو هزرە شێتییەکانی. ئەوەی سەیر و جێگای رامان و هەڵوەستەیە، زۆر لە نووسەر و خوێنەرەکان (بە گشتی کەسە هوشیار و تێگەیشتووەکان) بەدرێژایی سالانی سەدەی بیستەم، دەردە شێتییەکەی نیتشەیان گرتبوو.

ئەوانە پرسیاریان لە خۆیان نەکردبوو، ئایا قسە و پەیڤەکانی ئەو شێتی و بەرەڵاییە؟ یان شتێکی ترە و پێناسەیەکی تر هەڵدەگرێت؟! نیتشە لە کتێبەکەی (ئا ئەوەیە ئادەمیزاد)، بەو جۆرە پێناسەی خۆی کردووە و خۆی بە (رووخێنەری جیهانە کۆنەکە) ناوبردووە. ئەو ئەوەی ویستووە. بەراستی ئەو زۆری روخاندووە. بەڵام زۆر لەوانەی کۆششی کردبوو بیانروخێنێت، بە جوانی و بە خۆراگری دەمینێنەوە. ئینجا خەڵکەکە رابوونە هزرییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە.

با بڵێن بیرۆکەی هەڵگرتنی کوتك و چەکوچێك، بۆ رووخاندن و تێکدانی جیهانە کۆنەکە، لە جەوهەردا هزر و رامانێکی دروست و شایستەتە. چونکە جیهان ماوەماوە دەگەڕێتەوە ناو بازنە و رەوشێکی کۆن و دواکەوتن. بەڵام ئەوەی ئێستا دەمانەوێ بیروخێنین، ئەو رەوتە نەگەتیڤە باوەی سەر بیرۆکەی چرکەساتەکەیە، هەروەها خاپوورکردن و هەڵگرتنی شێوازە توند و کەساسییەکانی ژیانە، وەك هەژاری و بێکاری و برسیەتی و تیرۆر و جینوساید و نەژادپەرستی و دیکتاتۆریەت و نەزانین و نەخۆشییەکان و بەبیابانبوون. با بیریش لەوە بکەینەوە، کە شێتبوونی مرۆڤەکان، گەیشتووتە سرووشت و کەشوهەوا و گۆڕانەکانی.

پەیامێك بۆ نەوەكانی پاش پەنجا هەزار ساڵی تر؟

چ بۆ نەوەكانم بنووسم، ئەوانەی پاش پەنجا هەزار ساڵ لەدایك دەبن، لە نامەكەم چییان بۆ بنووسم؟ دەتوانم – وەك چۆن خەیاڵی زانستی دەبێژێت – نامەیەكیان بۆ بەجێبهێڵێم، دەتوانم نامەیەكی نۆ سەد وشەیان بۆ بنووسم، نامەكەم لەگەڵ چەندین ملیار نامەی تری هاوڵاتیان، لەلایەن مانگی دەستكردی كیو هەڵدەگیرێت و دەگاتە نەوەكانی پاش ئێمە.

نامەكە، ئەگەر لە نۆ سەد وشە پێكهاتبێت، دەكرێ بە شێوازێكی چڕ و دەوڵەمەندكراو بە ئاماژە و سمبوڵی كولتووریی و ژیانی خەڵكەكەی سەر زەوی بنووسرێت. من بەنیازم، لە نامە نۆ سەد وشەیەكەمدا، سێ بۆشایی جێبهێڵێم، لەجیاتی ئەو سێ وشەیە، چەند خاڵێك دابنێم، بە ئاماژەی (...) و (...) و (...) پڕیان بكەمەوە، نێوان كەوانەكان بۆ نەوەكانم پاش پەنجا هەزار ساڵ جێبهێڵم، ئەوان سەرپشك بن، لە پڕكردنەوەی بۆشاییەكانی ناو سێ كەوانەكە، ئەوان ماناكانی بدۆزنەوە و بۆشاییەكان پڕبكەنەوە، رەنگە ئەوانیش وەك ئێمە، شارەزا و لێزان بن لە سێینە و سێگۆشەكان و هەر سێ دروشم و هەر سێ ئاماژەكان... هتد !

ئەو مانگە دەستكردەی بڕیارە و مەزندە دەكرێ، زاناكان دروستی بكەن، ناوی (كیو KEO )١ هیچ مانایەكی نییە، بە هیچ زمانێك مانا نابەخشێت، بەڵام رەنگە بە چەندین زمانیش، هەندێ گوزارەشت و لێكدانەوەی هەبێت. ژمارەی نامەكان دەگاتە زۆرتر لە شەش ملیار نامە، بە هەموو زمانەكانی سەر رووی زەمین دەبێت. ئەگەر بە دیدی كوردی و لەبەر رۆشنایی زمانەكەمان شرۆڤەی ناوەكە بكەین، چەند مانا و لێكدانەوە هەڵدەگرێت. بەشێكی وشەكە (كی) بە مانای كێ دێت؟ وشەی (كیو)یش مانای چیا دەگەیێنێت. چەندین ناوی كوردی هەیە لە فۆنەتیك و دەربڕینی ئەو وشەیە نزیكە، ئەگەر (كاف)ەكەمان

وەك دەربڕینی فارسی وتەوە، ئەوە دەبێتە ناوێکی ناسراو، یان ناوی پێڵاوێکی میللیە، لە ڕۆحیش نزیکە... ئیتر بەو جۆرە!

بەڵام هەندێك دەڵێن و گومان دەکەن، ڕەنگە ئەو نەوە و مرۆڤانەی، لە پاش پەنجا هەزار ساڵ، پەیدا دەبن بتوانن، ئەو ئاماژە و وشانە شی بکەنەوە و لێیان حاڵی بن!؟ من دەتوانم بڵێم: بۆ ناتوانن، بۆ ناکرێ؟! ئەدی ئێمە ئێستا و لەو سەردەمەدا نووسینی سەر دار و بەرد و ئێسك و پرووسك ناخوێنینەوە، ژمارە قەدی دارەکان ناژمێرین، شوێنەوارە کۆنەکانی ملیۆنەها ساڵ نادۆزینەوە و ناخوێنینەوە؟ من دەپرسم بۆ نا! ئەدی بەو زانستە سادە سەرەتاییەی خۆمان، ناتوانین تەمەنە جیولوجییەکانی (ملیۆنەها ساڵ)ی زۆربەی میتاڵ و کەرەستە و کالاکانی ژێرزەوی نازانین؟ ئەدی تەمەنی هەسارە و ئەستێرەکان نازانین؟ ئێمە چۆن ئەوانەمان زانی، (چۆن پاش ملیۆنەها ساڵ زانیارییمان لەسەر کەرەستە و بەردەستە و ڕەوشەکانمان هەڵگرتەوە و شرۆڤەمان کردن)؟! ئەوانەمان بە زانست نەکرد!؟

کەواتە بۆ نەڵێین، لەو گەردوونە بونەوەری لە خۆمان زیرەکتر و بەتواناتر نییە، ڕەنگە ئەوانە باشتر شوێنەوارەکان و سەردەمە کۆنەکان بخوێننەوە و بزانن، لە ڕابردوو چ ڕوویداوە؟ پەنجا هەزار ساڵ لە چاو تەمەنی ملیۆنەها ساڵی پیری گەردوون، هەر هیچ نییە.

---

[1]. بابەتێکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤاری (بەڕوو)ی هەفتانە، لە ڕۆژی ٩ی مانگی ئۆگستی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.

## نامەیەکی خەیاڵی بۆ نەوەکانی داهاتوومان

خۆشەویستەکانم:

من نامەیەکتان بە ڕێبەری مانگی دەستکردی (کیو) بۆ دەنووسم، لە دەستپێکدا، بە بۆنەی هەبوونی رووناکی، کە بوارساز دەکات، وشەکانی ئەو نامەیەم بخوێنەوە، پیرۆزباییتان لێ دەکەم. بە هوشیاریی و کراوەیی بژین. بوار مەدەن، یەك ساتی جوانییەکانی بوونتان لە دەست بچێت. هەڵە مەزن و کوشندەکانی مرۆڤایەتی، دووبارە مەکەنەوە، تکایە وریا بن، ئێمە هەزارەها ساڵ لەناو ململانێی و شەڕ و پەیوەندییە تاریکە شاراوەکان و رق و ناشیرینەکان ژیان، زۆر بواری جوان و هەڵکەوتەی خۆشییەکانی ژیان و بوون و دیمەنە جوانەکانمان لە دەستدا.

– خۆشەویستەکانم، تێبگەن، خۆشەویستەکانم، بوون و وەجوود، کە باڵاترین و شکۆدارترین شتەکان و مەسەلەکان بوو، بوارساز بوو، ئەوانە هەموو بۆ خۆشییەکان و کامەرانی بەکاربهێنین، هەموو جوولە و چالاکییەکانمان، بە سەرفرازییەوە بەڕێبکەین... دەمانتوانی بە کار و چالاکییەکانی دەستی و وەرزش و سەیرانەکان، بە خواردن و خواردنەوە و ئاخاوتنی شیرین، ئەو ژیانە بەڕێبکەین، یان دەکرا بە نووستن و باڵکردنەوەی خەیاڵ، یان بە نووسین و دروستکردن و سوورکردنەوەی گۆزە و دەفری سیرامیکی و نیگارکێشان و ژەنینی موزیك و ئاوەدانی و چاندن و لێخوڕینی ئوتومبێل... هەر چالاکی و کردەوەیەکی تر بەڕێبکەین.

گەمەکردنی سادەی بەستەزمانانەی دڵخۆشکەر بنچینەیە. هەزارەها ساڵە رەفتارمان چۆن بوو، چۆنمان بەڕێکرد، بە تووڕەیی و نیگەرانی و ئاخ و ئۆف و ونبوون، ئەوانە هەمووی نەزانینە... نەزانینە بە مانا جوانییەکەی بوون... چ بۆ خۆمان بەرەوا دەزانین، بۆ خەڵکیش بەرەوا و دروستی بزانین، چ خێر و چاکە و خۆشییەکان، بۆ خۆمان

دەخوازین بۆ هەموو بونەوەرەکانیش، ئەو داوا و داخوازییەمان بۆ ئەوانیش هەبێت... ئەگەرنا، نەهامەتی و دەردەسەرییەکانی خۆمان لێی دەپارێزین، رووبەڕووی ئەوان دەبێتەوە. (چیت بۆ خۆت دەخوازیت، ئەوەش بۆ براکەت بخوازە)... بۆ دڵ و پێکهاتەی ئەندامانی هەناسەدانی خۆت و گەدە و رێخۆڵەکان و قەوارەکەت، حەز لە چ دەکەیت، ئەوەش بۆ سرووشت بخوازە.

ئێمە پشتمان لە دیاردەکانی سرووشت و یاساکانی کردبوو. دەرئەنجام شەڕێکی کوشندەیماڵوێرانکەری سوتێنەری لێ کەوتەوە، کەوتینە ناو سووتان و لافاو و بەبیابانبوون و گرانی و نەخۆشییە ترسناکەکان و باهۆز و هەژینی زەوی.

خۆشەویستەکانم، سرووشت، ئەویش وەك ئێمە بونەوەرێکی زیندوو بوو، ئەویش هەست و نەستی هەیە، چ لێ بکەیت دەزانێت، تۆ دلۆڤان بیت، ئەویش ناسك و دلۆڤان دەبێت، رێزی بگرە، ئەویش رێزت دەگرێت. بونەوەرەکان، وەك زیندەوەری مردووی ساردوسڕی بێ هەست ئەژمارد مەکە، لەگەڵیان ئاوێتە بە و بەگەرمییەوە هاوشانی بە، برۆنە ناویان و یەکبگرن.

ئینجا رووناکی، لە ناختان گەش و پرشنگدار دەبێت، بە بوون ئارام و کامەران دەبن.

ئەزیزەکانم، هەموو ساتێك، من ناسکترین و سازگارترین چرپەی موزیکی ئەو گەردوونەتان ئاراستە دەکەم، تام لەو چرکەساتە وەربگرن، ئەو چرکەساتانە لە دەست خۆتان مەدەن و مەیفەوتێنن.

جیهانگیری دیاردە سرووشتییەکان

لە کۆنەوە رەوشەکان وا بوون، بەڵام جاران، پەیوەندی و کۆنتاکتی نێوان کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی سست و سارد بوو، ئەو پەیوەندییانە هەتا ئەو دواییانە جوولە تێنەکەوتبوو. راستییەکان دەردەکەون، دەزاندرێت کە هەموو دیاردە سرووشتییەکان، لە پەیدابوون و کاردانەوە و سەرهەڵدان، جیهانییە. ئیتر لێرەوە نزیکبوونەوە و هاوسۆزی نێوان جڤاتەکان گەرم و پتەو دەبێت... ئەوەش رووێکی تری گلوبالیزمە.

– لەهی و لافاو و رووخان و شکانی بەنداوەکان، کاردانەوە و روودانی تەنها، لەناو پاکستان نییە، کە تێدا ملیۆنەها کەس زیانمەند و هەزارەها دەبنە قوربانی ئەو لافاوانەی لەناکاو دەقەومێن، لەگەڵ ئەو کارەساتانەش، میللەتەکە پێویستی زۆری بە دانەوێڵە و خواردەمەنی و هەواری نیتشتەجێبوون هەیە...

– هەروەها ئاگرکەوتنەوەکانی ناو دارستانەکانی سیبیریا لە رووسیا، کاردانەوە و زیانەکەی تەنها بەر رووسیا ناکەوێت، زیانەکە هەموو خێزانێکی سەر رووی زەوی دەگرێتەوە، لە هەموو وڵاتێکی ئەو جیهانە.

سووتانی دارستانەکان، مردن و فەوتاندنی ژمارەیەکی زۆر لە زیندەوەر و رووەکی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش کاردانەوەی خراپی بەسەر سرووشتەوە دەبێت، زۆریان لەو بوونەوەرانە، بەیەکجاری لەناوچوون، نازانم ئەو ئاگرکەوتنەوە و سووتانی دارستانەکان، چەند بەردەوام دەبێت، هەتا ئەودەمانەی ئەو نووسینەم (لە رۆژی ١٠ی ئۆگستی ٢٠١٠ نووسراوە) دەخوێنەوە، هێڤیدارم ئەو ئاگرە بەلەز بکوژێتەوە.

– لە رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی (خەبات)، بەر لە دوو هەفتە نووسیبوم کوردستانی گەورە و هەر چوار وڵاتەکەی کوردستانیان

بەسەر دابەشکراوە، کەوتوونەتە ناو دڵی (بازنەی ئاگر و تۆفانێك)... پاکستان و ئەفغانستان و هەتا ئێران و تورکیا و لوبنان و سودانیش دەگرێتەوە، مەبەستم لە ئاگرەکە، ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ و ململانێیە خوێناوییەکان و تۆفان و لافاو و باهۆزە، کەواتە ئەو ناوچە بەرفراوانەی ناو ئەو بازنەیە، مەترسی بۆمەلەرزە و گرانی و برسیەتی و بەرزبونەوەی نرخی لێ دەکرێت.

– لە عیراق چەند دانەوێڵە و گەنمی داکراوی هەیە، چەندیان هەڵگرتووە؟

ئاگرەکەی رووسیا، کاردانەوەی راستەوخۆی لەسەر هەناردەکردنی گەنمی رووسی دەبێت لەسەر جیهان، بۆیەش حکومەتی رووسی هەناردەکردنی گەنم لە ناوەڕاستی مانگی ئۆگستی هەتا کۆتایی ساڵ راگرتووە.

ئەوەش کاردانەوەی راستەوخۆی لەسەر میسر هەبووە، میسر گەورەترین داواکاری گەنمە لە جیهان، ساڵانە ئاریشەیەکی نوێی لەسەر پەیداکردنی ئازوخە و خواردەمەنی بۆ سەرهەڵدەدات، (بەڵێ وڵاتی میسر)، ساڵانە بەرهەمی هەشت ملیۆن تۆنی هەیە، بەڵام ئەو میللەتە ساڵانە چواردە ملیۆن تۆن گەنمیان دەوێت، بۆیە پشت بە گەنمی رووسی دەبەستن بۆ دابینکردنی زادی پێویستیان، میسر لەو رەوشەدا یەکسەر بیردەکاتەوە، سەرچاوەیەکی تری پەیداکردنی گەنم، لە دەرەوە لەجیاتی گەنمی رووسی بدۆزێتەوە، دەرئەنجام حکومەتی کازاخستانی رەزامەندی دەردەبڕێت کۆنتراکێتێك بۆ ناردنی گەنم بۆ میسر بکات، هەر لەو پێشهاتەدا، مەملەکەتی عەرەبی سعودیەش ئاشکرا دەکات، کە گەنمی هەڵگیراویان زۆرە، بەشی هەتا مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١١یان دەکات.

بەڵام هێشتا وڵاتەکانی تر، چاویان بە حیساباتەکانیان نەگێڕاوە، رەنگە نرخی گەنم و ئارد، لەو رەوشەدا بەرزببێتەوە، کێشە و قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە چەندین وڵات لێ بکەوێتەوە.

**نمونەی مەشخەڵی زەردەشتی**

**خاتوونە ئەزیزەکەم وتی:**

**– تۆ لێرە، لەبەر رەوشە ئارامەکەی هەولێر، بە ئارامی دەنووسیت، لەسەر ئاگرێکی ئارام...**

**من پێی دەڵێم: خۆشەویستەکەم! کۆشش بکە، بوونت هەبێت و خۆت بە، لە هەر شوێنێك بیت، لەناو ئاگرێکی گەشی گڕدار، یان لەدیار ئاگردانێکی بچووکی بڵێسەداری بە جۆشی سووتانی دار و کۆتەرەی شاخەکاندا بیت...**

**– زەردەشتی حەکیم، مەشخەڵێکی هەمیشەیی داگیرساندووە، چەند پاسەوانی وریای لەسەر ئاگرەکە داناوە، بەردەوام ئاگرەکە بە دار و روون گەش و خۆش دەکەنەوە، پاسەوانەکە ناوی (ئاتر بان) بوو، ئەو ناوە لە دوو برگە پێکهاتووە: (ئاتر – ئازار – ئاگرە، (بان) ئاوەڵناوە بە پیشە و کارکردنەوە دەلکێت وەك: وشتر بان، واتە حوشترەوان. یان شبان – شوان – شڤان، واتە شوانی بەر پەزان. یان گادان – گاوان – واتە گاوانی بەر گاوگۆلکان. دربان – دروان، واتە دەرگاوان، چونکە دەر مانای دەرگە دەگەێنێت.**

**وشەی دەرسیم، ناوی شارێکی کوردی جوانە، بە مانای دەرگای زیوین دێت.**

**– مەشخەڵ و سمبولی زەردەشت، لەو دوو سەدەی رابردوو، دەبێتە هێما و نیشانەی سەربازی ونی چەندین وڵاتی وەك: فەرەنسا، ئەڵمانیا، رووسیا و چەندین وڵاتی تر، تێدا تەندوور یا چاڵێك یان ئاگردانێکی زەردەشتی دەکەنەوە، ئاگرێکی هەمیشەیی تێدا دەکەنەوە و دەبریسکێتەوە، ئەوەش گوزارشت لە بەردەوامی ژیان دەکات... خەڵکەکەش بۆ هێما و ئاگردانەکە دەنووشتێنەوە و بەرێزەوە شکۆداری دەکەن.**

دەزانم وایە، وەك دەڵێن زەوییەکە گڕی گرتووە(١)، بوویتە کانزایەکی گەرم و پێتان دەسوتێنێت، کەسیش نازانێت ساچمە و تەقینەوەکانی مەرگ لە کوێیەوە رووبەڕووتان دەبنەوە.

ئاگر هەر ئاگرە، گڕە شێتەکانی نزیك ئێوە ترسناکە، ئەو ئاگرەش لەکن ئێمە، مایەی ساردی و ئاشتییە، ئاگرەکان یەکن، لەوێش لە رووسیا و کالیفۆرنیا و چیاکانی کوردستان، دیارە (ئاگر)ەکە لە وەرزی زستان پێویستە و میوەی زستانە، ئێمە دەمانووت دۆزینەوەی ئاگر یەکێکە لە مەزنترین دۆزینەوە مرۆییەکانی لە سرووشت، دۆزینەوەی تەوژم و هەژموونی هەڵمیش، لەگرنگییەوە لەدوای ئاگرەوە دێت، بەڵام مەزنترین دۆزینەوە و زانین کارەبا بووە، ئیتر بەو جۆرە بووە... ئاساییە و دووریش نییە لە داهاتوو کایەکی چاکسازی دوێنێ، رۆژێك ببێتە مەترسی و هەژموونێکی رووخێنەر و کاوڵکار.

ئاگر هەر ئەو ئاگرەی ئەوێندەرێیە، ئەوەی هەستی پێ دەکەین، لەناخەوە من دەجولێنێت، بەڵام بە نەرمی و لەسەرخۆ دەسوتێت.

---

١. ژنەکە لەودەمانە، لەناو بەغدای گڕگرتوو و ئاگردا دەژیا.

حەکیمێکی چینی بۆ بێداربوون و نەخەوتن، برژانگەکانی دەبڕێت

چەند زەحمەتە وەڵامێك بۆ هەزارەها (بۆچی؟!) بدۆزیتەوە...

خاتوونەکە، لەسەر بەردەوامی و سووربوونم لە نووسین، سەرسام دەبێت، بەڵام! نازانێت نووسین منی داگیرکردووە: ئەو وتی: بۆچی دەنووسیت؟! هەتا کەی دەنووسیت؟!

منیش وتم: من نووسەرەکە نیم، من نیم کە دەنووسم، من نانووسم بەڵام رازەکانی ژیانە لەناخمدا لێدەدات، هەتا هەناسە بدەین دەنووسین، نووسین، لەگەڵ هەناسەدانی منە... کە دەنووسین، مانای ئەوەیە بیردەکەینەوە، بەڵام من شەیدا و پەرۆشی هزر و بیرکردنەوە نیم، من لەوانە ناگەڕێم، کە دەنووسم، من دەمەوێ، لە بیرکردنەوە و کپبوون و بێدەنگی هوشیارانە دابڕێم.

کە دەستبەرداری بیرکردنەوە دەبم، بەوازهێنانم، قۆناخی دروست و راستەقینەیی نووسینم دەست پێ دەکات، کە ئازادیش دەبم، پێویستم پێی دەبێت، ئەوان هزر دەکەن، ئازاد دەبن، کە کفر لەگەڵ هەموو شتەکان دەکەن، یان کە نکۆڵی لە هەموو شتەکان دەکەن، بەڵام راستییەکەی، کفرکردن، سستبوون و گەمژەییە... چونکە خودا هەموو بونەوەرەکانی خۆی خۆشدەوێت، هەموو گیانلەبەرەکانی خۆشدەوێت، چەشەوەرگرتن، لە ئازادی ناکۆك نییە، لەگەڵ خۆشەویستی خودا، تۆش، خۆشەویستەکەم، هەرگیز ئازاد نابیت، ئەگەر بوونی خالیق فەرامۆش بکەیت، بەوەش نەزانین کۆیلەت دەکات، بەرەو دیوی تری گەمژەیی و سامت دەبات، بڕواهێنان بە بوون و کردگارەکەی، زۆرتر ئازاد دەبیت، هەموو شتەکان ڤاڵا دەبن، ئەگەر نەزانیت و دڵنیا نەبیت لەلایەن کێ دروستکراویت... حەکیمێکی چینی شەوق و پەریشانییەکانی دەیگەیێنێتە رەوشی ئاگایی و بێداری هەمیشەیی، هەردوو برژانگەکانی دەبڕێت، تا نەخەوێت، بەردەوام بە ئیلهام و نەستەوە، چاوەڕوانی گەیشتن و هاتنی (ئیلهامی رۆح) دەکات، هەردوو پێڵاوەکانی لە پێ دەکاتەوە، بە قەیتانەکانی لە

هەردووسەری گۆچانەکەی دەبەستێت، گۆپاڵەکەی لەسەرشانی دادەنێت، بەپێخواسی بەڕێوە دەڕوات، فەلسەفەی ئاگایی و هەڵسانەوەکەی (بودا دارما) لەدوای خۆی جێدەهێڵێت و دەڕوات.

ئەو هیچ جۆرە کفرییەکی نەکرد، وەجوودی خۆشدەویست و شەیدای بوون دەبێت، لەبن دارێك، لەسەر جۆگەڵەیەك ئاو، کامەران و ئارام دادەنیشێت، لەناخەوە هەست بە ئارامی دەکات، لەبیرکردنەوە و رامانەکەی دادەبڕێت، بۆیەش یەزدان خۆشی دەوێت، حەکیمەکە، دەچێتە ناو بازنە دووبارەبووەکەی لەدایکبوون و مردن، بەرەو دەرەوەی راکشان و جازبییە هەڵدەکشێت.

ئەگەر دووبارە پرسیار لە من بکەیت بۆ دەنووسیت؟!

من دەڵێم نازانم، بە دروستی نازانم، بۆ دەنووسم، هەر ئەوەندە دەزانم کە دەنووسم... ئەوەندەم بەسە، بتوانم کەسێکی خەوتوو لە خەو هەڵبسێنم و وریای بکەمەوە، کە مرۆڤێك، بزەیەکیش بە مستێك لە وشەکانمان، کە دووبارەیان دەکەمەوە و زۆریشیان هیچ مانایەکیش نابەخشن، من بەو بزەیە، ساتەکانی ئازادییەك، لە خۆشەویستییەکی فرەلایەنی خودا و بوون دەدۆزمەوە، هەست ناکەم لەگەڵ خودی خۆم ناکۆکم، بەپێچەوانە، لەودەمانە وریایانە، مەند و کپ دەبم، کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕێم دەکرد. بۆیە دەنووسم، دەنووسم تا مەترسییەکانم، لە ژاوەژاو و قرەقرە رەمەکییەکان، بڕەوێنمەوە، خۆم دەپارێزم، نەکەومە ناو تاریکی نەزانین، دەنووسم تا بەردەوام وریا و ئاگادار بم.

له خولەکەکانی ژیانمان چ بکەین؟

عومەر خەیام (١٠٥١–١١٣٢)ی زاینی، شاعیر و فەیلەسوفێك بوو، ئاسان نەبوو، پێناسە بکرێت، تا لە قوتابخانەیەکی هزریی یان ئەدەبی دابنرێت، ئایا ئەو کەسێکی وجوودی بووە؟! ئایا ئەو وجوودییەکی نازدار بووە، یان ئایا ئەو سۆفییەکی ئیماندار بووە؟ لە هەندێ لە شیعرەکانی، وەك کەسێکی مولحید دیارە و دەخوێندرێتەوە؟ ئایا ئەو کەسێکی سەرەڕۆ، یان سەر بە مەزهەبی تاموەرگرتن بوو لە فەلسەفە؟! بە رووکار، ئەو یەکێك لەو ناو و نازناوانەی لێ دەوەشایەوە، لەسەر رامان و هزرێك جێگیر و چەسپیوو نەبوو، ئەویش وەك شاعیرانی هەڵکەوتوو و بەتواناکان بووە، شاعیر و فەیلەسوفێکی تری وەك ئەبو ئەلعەلا ئەلمعەرییش وابوو، لەنێوان ئیمان و ئیلحدا دەلەنگییەوە... هەردووکیان، لەوەیان لەو دووڵییەوە لەیەك دەچوون، ئەلمعەری وەك پەرەمووچێك دەلەرییەوە، (موتەنەبی) بەو جۆرە پێناسەی کردووە:

(وەك پەرەمووچەیەکی بابردووی هەڵفڕیوە، لەبەر نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکانی ئارام نەبوو).

خەیام کوڕی چرکەساتەکە بوو، کوڕی ئامادەییەکی گەشدار بوو، ئەو وتوویەتی:

(بیرت بە زەمانی کۆن سەرقاڵ مەکە، بۆ ژیانی بەر لە ساتی خۆی پەلە مەکە)، ئەو لە گومان و ناکۆکییەکانی هاوشێوە و نزیکی ئەبو ئەلعلا ئەلمعەری بوو، خەیامیش، وەك ئەو ناکۆك و دژکار ژیاوە، وەك دژایەتی ژیانی رۆژانە، بەیانی و ئێواران، وەك ناکۆکییەکانی بوون، لە ژیان و فەنابوون... رامانی هەبوو، لەسەر گەمەکردنی کات بە مرۆڤ، ژیانی خۆشی لە شیعرەکانی تۆمارکردووە:

(ئەو زەمانەی یارییمان تێدا دەکرد دەڕوات، زەمانەکەش گەمەی خۆی بە ئێمە دەکات).

شێخێ بە ژنی خراپی گووت: بێ شەرمی

بۆ هەر چی دەست بۆ بەرێ ساز و نەرمی

پێی گووت: بەڵی من هەر وەکوو دیارم وام

تۆش داخۆ وەکوو نیشان دەدەی دڵگەرمی؟

یان خەیام وتوویەتی:

(دەترسم من چیتر نەژیم و بمرم، ئامادەیی برادەرەکانم نەبینم،

تەمەن و ژیانیش بەسەر بچێت و ساتە جوانەکانی ژین نەبینینەوە).

لەو شیعرانەدا دیارە، خەیام دەیەوێ چەند پرسیارێکمان ئاراستە بکات، کە تەواوبوونیان نەبێت: ڕۆژەکانمان چۆن بەسەربرد؟ لە دەقە و سەعاتەکانی ژیانمان چیمان کرد؟ لەو تەمەنەی بەسەرمان برد، چیمان کرد؟ چەند ساتێکمان بە شادومانی و ئاوێزانی وەجوود بەڕێکرد؟ چەند چرکەساتێك لەگەڵ دروستی و حەقیقەتی خۆمان یەکبووین؟

---

(نووسەر شیعرە عەرەبییەکەی لە وەرگێڕانی ئەحمەد سافی نەجەفی وەرگرتبوو، منیش شیعرەکەم لە وەرگێڕانی هەژار داناوە... بەڵام پارچەی دووەمم لەناو وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار نەدۆزیەوە، ئەویش بە شیعر نەکردووە بە عەرەبی... وەرگێر).

لێبووردنە درەنگەکان برینە کۆنەکان سارێژ دەکات؟

ئەوەش کۆششێکە، بۆ دەوڵەت و میللەتەکان، لێبووردنە بۆ ئاشتبوونەوە و لەبیرکردنی رۆژانی تاڵی رابردوو... داوای لێبووردن بکرێت، تا کینە و رقی نێوان خەڵکەکە هەتا هەتایێ نەمینێت.

لەو رەوشانە، لێبووردنەکان سوودبەخش دەبێت، بەڵام ناتوانێت هەموو تانە و لەکە چەسپیووەکانی نەفس و بیرەوەرییەکان بشواتەوە و نەهێڵێت.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ژاپۆن لە شەڕەکانی دووەمی جیهان، ئەو شەڕی لە ساڵی ١٩٤٥ی زاینی دوماهی دێت، زیان و ماڵوێرانییەکی زۆر بەسەر کۆریای باشوور دەهێنێت، بۆیە لە یادی شێست و پێنج ساڵەی شکان و تەسلیمبوونیان، ژاپۆن، بە شێوەیەکی فەرمی، لەسەر تاوان و قوربانی و داگیرکردنەکەیان، داوای لێبووردن لە کۆریای باشوور دەکات.

ئەوانەی شارەزایی و زانینیان لەسەر رۆژانەی شەڕەکانی جەنگی دووەمی جیهانییدا هەبێت، دەزانن رای گشتی کۆریی، چەند بە ئازار و قوربانییەکانی داگیرکردنەکە، دڵ بەژان و خەمبارن، کە ژاپۆنییەکان نزیکەی دە هەزار ژنی کۆری دەرفێنن، لە ژاپۆن بە هەموو شێوەیەك دەیانچەوسێنەوە و نارەوا و رەقکارانە رەفتاریان لەگەڵدا دەکەن، چۆن ژاپۆنییەکان، هەزارەها کۆری دەکوژن و تەرمەکانیان لەسەریەك کەلەکە دەکەن، لە جەستەی قوربانییەکان چەندین گرد بەرز دەکەنەوە، کۆرییەکان، ئێستاش بیرەوەرییە تاڵەکانی ئەو گردە مرۆیانەی خۆیان، لەبەر چاوە و حەسرەتی بۆ دەخۆن و دیمەنەکەیان ون نابێت... ئەوانە و دیمەنی ترسناك و کوشندەی داگیرکردنەکە زۆر بووە... کە ژاپۆنییەکان داوای لێبووردن لە میللەتەکە دەکەن، رەنگە کەمێك ژان و خەمی کارەساتەکانیان کەم کردبێتەوە، داواکە، لەبەردەم رای گشتی جیهانی، دانپێدانانە بە تاوانەکە، داواکە،

ڕاگەیاندن و ناساندنی ڕەوایی بەرگرییەکەی کۆرییەکانە لە ڕۆژانەی داگیرکردنەکە.

چەند ساڵێك دەبێت، کە ڕووسەکان، بە ڕەسمی داوای لێبووردن لە میللەتی پۆڵۆنی دەکات. سێ ساڵ، لەوەپێش ئیتاڵییەکان، داوای لێبووردن لە میللەتی لیبی دەکەن و قەرەبووی داگیرکردنی ئیتاڵی بۆ میللەتی لیبی دەژمێرن. فەرەنساش، بە ڕەسمی دەرئەنجامی زیان و قوربانییەکانی ساڵانی شەڕەکانی داگیرکردنی جەزائیر، داوای لێبووردنیان لێ دەکەن.

میللەت و حکومەتە ئەوروپییەکان، بارگرانییەکانی شەڕ و ماڵوێرانی و داگیرکردنەکانیان لەسەر یەکتری سووك دەکەن، ژانی ئەو شەڕانەی ماوەی سێ سەدە، لە ئەوروپا بەردەوام بووە سارێژ دەکەن و داوای لێبووردن و سازش لەیەکتری دەکەن، ڕابردوو و ساڵە تاڵەکان لەبیردەکەن، بۆیەش، دەتوانن ئەوروپایەکی یەکگرتوو و چەسپیوو لەسەر بنەما و بنچینەی ئاشتی گشتی و یارمەتی و ڕێزگرتنی تایبەتمەندی یەکتری، بنیاتدەنێن و ساز دەکەن.

بەڵام، ئەو مەسەلەیە، هێشتا لە خۆرهەڵات یەکلانەبوویتەوە و چارەسەر نەکراوە... کەی حکومەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لێبووردنێکی مێژوویی، پێشکەش بە میللەتی کورد دەکات، هەموو دەوڵەتەکان بەیەکەوە، یان دەوڵەت بە دەوڵەت، کەی ئەوە دەکەن؟ کەی ئیسرائیل داوای لێبووردن، لە میللەتی فەلەستینی دەکات؟ کەی چین داوای لێبووردن لە میللەتی تبت دەکات؟ کەی هیند و پاکستان داوای لێبووردن لە میللەتی کشمیر دەکات؟ کەی دەوڵەتە زلهێزەکان، داوای لێبووردن لە دەرئەنجام دابەشکردن و هەڵوەشاندنی ناوچەکە بەپێی ڕێکەوتنی سایکس پیکوی ساڵی ۱۹۱۸ی زایینی لە میللەتانی عەرەب و کورد دەکەن؟ کەی ڕووسیا، لەسەر ڕووخاندنی کۆماری کوردستانی سوور، لە سەرەتای سەدەی بیستەم و کۆچبارکرنی

سەدان هەزاەها کەس و جینوسایدی بەشێکیان، داوای لێبووردن دەکات؟

کەی رووسیا، لەسەر هۆکاری رووخانی کۆماری کورستانی دیموکراسی ساڵی ١٩٤٧ی زاینی داوای لێبووردن دەکات؟ کەی رووسیا، داوای لێبووردن لە ئەفغانستان دەکات؟ کەی ئەمریکییەکان لەسەر پشتیوانیکردن، لە رژێمی پاشایەتی لە رووخاندنی کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٧ی زاینی داوای لێبووردن دەکات؟ کەی... داگیرکەر و زۆردار و چەوسێنەرەکان داوای لێبووردن لە قوربانییەکانی هەموو کات و زەمانەکان دەکەن؟

کەڕ و لالبوون لە سەردەمی دانوستان!

ئەگەرچی ئێستا، ئێمە لە سەردەمی کرانەوەیەکی بێ سنوور و دیالۆگی ئازادا دەژین، ڕۆژانەش، ئەو پەیڤ و پەیامەش دووبارە دەکەینەوە، بەڵام، هێشتا زۆربەی خەڵك و دەوڵەت و دەزگاکان، لەسەر پێشهات و بژارەکان بێدەنگ و لالن... قسەیەك ناکەن، داوایەك ئاراستە ناکەن و خۆیان لەسەر مەسەلە هەستیارەکان، بێ ئاگا نیشان دەدەن، وەك ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نەبێت.

وەك ئەو پەندە وایە، کە دەڵێت: دیالۆگی کەڕەکان.

ئەگەرچی بوارەکانی کۆنتاکت و پەیوەندییەکان زۆر بووە، ئینجا خەڵکەکە لەیەکتری دوورن، ئەگەر لە جاران زۆرتریش دوورنەکەوتبنەوە!

میللەتان، خەڵکەکە، بەگشتی سەرقاڵی کێشە و ڕۆژانەی خۆیانن، ئەگەرچی، خەڵکەکە حەقیانە، بەڵام، بە ئاراستەیەکی تر ئەو ڕەوشە، بەرامبەر یەکتری کاردانەوەی نەگەتیڤی لێ دەکەوێتەوە.

هەر ئاماژەیەکی نوێ و دیاردەیەکی تازە سەرهەڵدەدات، دروست، هاوشانی ئەوەش ناکۆکی و دژ بەو ئاراستەیەش پەیدا دەبێت.

هاوڵاتیانی ناو یەك بازنەی جوگرافی، خەڵکی یەك وڵات، هاوسێیەکانی یەکتری، وایان لێ دێت، یەکتری ناس ناکەن و ئاگاداری کێشە و کەماسییەکانی یەکتری نابن...

لەبەر ئەو دیاردە کوشندەیە، لەبەر ناڵەباری ڕەوشەکەیە، پێشنیاری دامەزراندن و سازبوونی ڕێکخراوێك، یان بزاڤێکی هاوکاری مرۆیی دەکەین بێتە کایەوە، سەرەتا لەنێوان ئەندامان و ناسیارەکانی یەك کۆمەڵگا، چونکە، وا نەبێت هاوکاری و هاوشانی لەگەڵ میللەتانی تر سوود و بەرهەمی نابێت، هاوکاریکردن ئینجا هەر جۆرێك و بۆ هەر مەبەستێك، لەگەڵ هەر لایەنێك و لە هەر سەردەمێك بیت، سوود و بەرهەمی نابێت، ئەگەر هاوکاریت لەگەڵ کەسە زۆر نزیکەکان لە خۆت

نەبێت، ئەوانەی هاوشانت دەژین؟ نامەکەی (دیسموند توتو)ی هاوڕێی ئاشتی ئەفریقی، بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا (تەیب ئەردوغان) ئاماژەی بەو ڕەوش و بەو مەبەستە کردبوو، لە نامەکەیدا بۆ ئەردوغان دەنووسێت :

سوودی چییە، تۆ داواکاری ئاشتی فەلەستین و ئیسرائیل دەکەیت، لە کاتێکدا میللەتی کورد، ئەوانەی لە تورکیا دەژین ڕووبەڕووی جۆرەها چەوسانەوە و داپلۆسین دەبنەوە؟! بەر لەوەی داوا و کار بۆ ئاشتی دەرەوەی وڵاتەکەت بکەیت، کێشەی کوردەکان لەناو تورکیا چارەسەر بکەن، ئینجا، ئاماژە بە کێشە و قەیرانە ئاڵۆزەکانی تری جیهان بکە.

**هەتا ئێستاش وشەی چاکە ئامادەیی نییە**

**دیسموند توتوی بەرگریکار لە ئاشتی و مافپەروەری مرۆیی و هەڵگری خەڵاتی (دیسمونی جیهانی بۆ ئاشتی)، نامەیەك بۆ سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجب تەیب ئۆردوغان دەنووسێت، تێدا داوای لێ دەکات بەپەرۆشەوە، دەست بکات بە چارەسەرکردنی کێشەکانی میللەتی کورد لە تورکیا، چیتر ناحەقییەکان دەرحەق ئەو گەلە بەشخوراوە نەکەن.**

**دیسموند کۆشش دەکات، بە رێگای هاورێیەکانی نامەکە بە کەناڵێکی دبلۆماسی بگەیێنێتە سەرۆك وەزیرانی تورکیا، هاورێیەکانی لە لەندەن بالوێزی تورکیا دەبینن، نامەکەی دەدەنێ، بەڵام بالوێزەکە نامەکە رادەستی سەرۆك وەزیران ناکات و بۆی دەنێرێتەوە، دیارە بەپێی ئەتکێتە دبلۆماسییەکان، هەموو دەوڵەتێك مافی ئەوەی هەیە، نامە وەربگرێت یان وەرنەگرێت، بۆیە نامەکە دەگەرێتەوە و ناگاتە دەستی ئۆردوغان.**

**بەڵام پێشهاتەکە، رامان و شرۆڤە و لێکدانەوەی لە چەندین لایەن و نیگایەکەوە دەوێت.**

**لەگەڵ سوپاس و پێزانینی زۆرمان، بۆ هەڵوێست و هەستی مەردانە و ئاشتییانەی دیسمون، من پەیامێکی کورتی ئاراستە دەکەم، دەمەوێ شرۆڤەی وەرنەگرتنی نامەکەی لەلایەن دبلۆماسە تورکەکە و نەگەیشتنی بە سەرۆك وەزیران بڵێم:**

**ئەزیزەکەم: دیسموند، زوێر و نیگەران مەبە ! تۆ پەیامێکت بۆ ئاشتی نێوان کورد و تورك نووسی، بەڵام هەتا ئەودەمانەش وشەی چاکە و کۆششی مەردانەی ئاشتی، لەو بەشە دڕاوەی خۆرهەڵات، کالایەکی بێ رەواج و بێ بازارە!**

ئەوە کێشەی ئێمەیە لەگەڵ زۆربەی حکومەتەکان، لەگەڵ سەرکردە و دەزگاکانیان، هەموو دەروازەکانیان، پەنجەرەکانیان، بۆ وشە و گفتی چاکە و خێرخوازییەکان داخراوە.

تۆ نامەکەی خۆت نووسی، هەر بژیت و دەستخۆش، تۆ کۆششی خۆت کرد، هەر بژیت...

ئەگەر تۆ دەتنووسی، ئەگەر نامەکەت داوای کوشتن و لەناوبردنی کوردە تیرۆریست و یاخییەکان بوایە! دبلۆماسییە تورکەکان بەپەلە نامەکەیان وەردەگرت، دەگەیشتە ئەنقەرە و بلەز دەخوێندرایەوە و دەگەیشتە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکانیش، لەسەر سەکۆکان دەخوێندرایەوە و دەزگاکانی راگەیاندن بایەخیان پێدەدا.

ئەگەر دەتنووسی: کورد نەوەی جنۆکەن، ئەوانە شایستەی ژیان نین، ئەوانە سەر بەگێچەڵ و بەزمی زۆرن، بۆیە بیانبڕنەوە... بەپەلە نامەکەی تۆیان وەردەگرت، تۆیان داوەتی ئەنقەرە و ئاستنبۆلیش دەکرد.

بەڵام، هاوڕێی شیرینم، تۆ داوای ئاشتی و دیالۆگت کردبوو، داوای دانوستانی نێوان کورد و تورکت کردبوو... ئەوەش مانای ئەوەیە، هەموو مافە رەواکانی میللەتی کورد لە تورکیا دابین بکرێت، دانپێدانانیشە بە بوونی کورد و کێشە رەواکەیان، نامەکەت، مانای یەکسانی و دادپەروەری نێوان کورد و تورك دەگەیێنێت، مانای ئەوەیە بەسە و چیتر زۆردارە مێژووییەکەی سەر کوردان درێژە پێ مەدەن و وازبهێنن، چونکە کورد میللەتێکی گەورەی خۆرهەڵاتە، دەبێ ئاشتییانە کێشەکەیان چارەسەر بکرێت، بەڵام سیاسەتمدارەکانی ئێمە، ناخوازن یەك وشەی لەو جۆرە و بەو مانایە ببیستن.... بۆیەش نامەکەی تۆیان وەرنەگرت، وشەی چاکە هێشتا لە خۆرهەڵات هەتیم و نەفرەتلێکراوە!

زوونی پارێزراوی سرووشتی

بیابانبوون، کارەساتێکی سرووشتی ترسناکە، هەڕەشە لە سەرزەمین و دانیشتوانانی دەکات، رووبەری دارستان و کەسکایەتی و کێڵگەکان بەرتەسك دەبنەوە، لم و وشکایەتی رووبەری زۆرتر دادەپۆشێت، دەگاتە نزیك شارە گەورەکان، برسیەتی و نەهاتی رووبەرووی زۆرتر و گەورەتر دەگرێتەوە.

لەو پێشهاتە، لە ترسی ئەو هەڕەشەیەش، نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەواز بۆ حکومەت و میللەتانی سەر رووی زەمین بڵاودەکاتەوە، داوای قەڵاچۆکردنی وشکبوون و بیابانبوون دەکات.

بیابانبوونیش، دەرئەنجامی بەرزبونەوەی پلەی گەرمایە، دەرخستەی کردەکانی مرۆڤە، ئەوانەی دارستانەکان دەبڕنەوە و بەرتەسکی دەکەنەوە، ئەوانەی بۆ دابینکردنی سامانی دار و چاکسازییەکانی چاندن و کشتوکاڵی و نیشتەجێی و دروستکردن دارستانەکان کەم دەکەنەوە، ئەوانە دەکەن، بێ ئەوەی بایەخ بە لایەنە نەگەتیڤەکەی بدەن، یان چاو لە یەکسانی سرووشت بکەن.

لە پێش هەموو کردەیەك، دەبێ زوونە پارێزراوەکانی سەر رووی زەمین بپارێزن، زوونەکان رووبەریان گەیشتووتە (نزیکەی ٨٩٢ زوونی پارێزراو لەسەرتاسەری جیهان)، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە، دانیشتووانی باشووری عیراق و عیراقیش بە گشتی، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، ئەهوار و زەڵکاوەکان بخەنە ناو زوونی پارێزراوی نێونەتەوەیی، بەوەش رێکخراوەکە مەرجی رێژەی ئاو، بۆ هەموو ئەهوارەکان دیار دەکات.

ئەوەی شایانی باسە، ئەهوارەکانی باشووری عیراق زێد و وڵاتی سومەرییەکان بووە، ئەوان بەر لە هەزارەهاساڵ لەوێ ژیاون، ئەهوارەکان، لە کۆتاییەکانی سەردەمی بەستەڵەکی، بەر لە بیست هەزار ساڵ هەبووە، ئەهوارەکان کۆنترین و گەورەترین زێد و هەواری

سرووشتی بووە لە جیهان، ئەهوارەکان، رۆلی زۆر گرینگیان لەسەر ماڵیکردن و مانەوەی باڵندە کۆچبەر و رەسەنە ماڵییەکان هەبووە، هەر ئەو ناوچەیەش رەگەز و جۆری زۆری پاراستوون.

ئێستا دانوستان و گردبوونەوە لەگەڵ یونسکۆ و رێکخراوەکانی تری جیهانی پەیوەند، بەو مەسەلەیە و بۆ دانانی ئەهوارەکان لەناو لیستی زوونەکانی پارێزراو لە جیهان گەرمە.

لە هەرێمی کوردستان، ناوچەی بارزان و دەڤەرە نزیکەکان لەو ناوچەیە بوون بە زوونی پارێزراو، شێخەکانی بارزان و کوڕە ناسراوەکانیان دەیەها ساڵ کۆشش بۆ ئەو دەکەن.

هەر چەند زوونەکانی پارێزراوی سرووشتی، زۆرتر و فراوانتر بێت، وڵات لە هەڕەشە و مەترسییەکانی بیابانبوون دووردەکەوێتەوە، هەر چەند زوونی پارێزراوی وا، لە هەر گۆشەیەکی ئەو جیهانە هەبێت، کاردانەوەی باشی لەسەر ژینگە و کەشوهەوای هەموو ناوچەکانی ئەو جیهانە دەبێت... زانا و پسپۆرەکان دەڵێن، درزەکانی چینی ئۆزۆن، کاردانەوەی خراپی لەسەر ژینگەی عیراق دەبێت، چونکە ئەو وڵاتە دەکەوێتە ناوچەکانی ئیستوائی، کە تێدا تیرۆژی خۆر، بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ئەستوونی بەتایبەتی، لە وەرزی هاوین لەسەر زەوی دەدات، دیاردەی چڕبوونەوەی گەرمایی، راستەوخۆ کاردانەوەی لەسەر عیراق دەبێت، بۆیەش ئەرکی زۆرتر و باشتری پاراستن و دانانی زوونی پارێزراوی سرووشتی پێویست دەبێت.

بەشی دووەم

کودەتایە رۆحییەکە نۆرە و دەورانی زۆرە

- زمانە شیرینەکەی سرووشت
- میتافیزیک و فانتازیا (وراء الطبیعة و امام الطبیعة)
- کودەتاکەی رۆحیش دەورانی هەیە
- دونیا بەشی هەمووومان دەکات
- هارپەکەی تارا جاف
- ئایا زەمانێك دێ، ژنان حوکمی جیهان بکەن؟
- ژاوەژاو
- رووداوێکی گەردوونی تر
- لە هونەری نووسینەوە
- یاساکانی ژیان

کودەتایە ڕۆحییەکە نۆرە و دەورانی زۆرە

زمانە شیرینەکەی سرووشت

زمانەکەت، ژاوەژاوێکە لە دەربڕین، دەکرێ بە (زمانی سرووشت) پێناسەی بکرێت. بەدرێژایی ملیۆنەها ساڵ، ئادەمیزاد لەسەر ئەو زەوییە وشە و دەنگ و فۆنت و رستەی زۆر فێر بووە، بەڵام، ئەو ئادەمیزادە لەوە رانەهاتووە و فێر نەبووە، بە مەندی، گوێ لە زمانە نهێنییە جوانەکەی سرووشت بگرێت، کە لە چواردەورەمان پەخشانە.

لەبەر نەفامی و نەزانینمان لە تێگەیشتنی ئەو زمانە، دواکەوتین و _ ئێستاش هەر دواکەوتووین _ ئەو زمانەی لە سەدەکانی کۆنەوە سرووشت خوی پێوە گرتووە، باشە گۆڕینی کەشوهەوا و بەرزبونەوەی پلەی گەرما مانای چییە؟ و.... لافاو و ئاوهەڵسانەکان، لە کات و وەرزی نائاسایی مانای چییە؟ کەوتنی بەفری زەرد، لە ویلایەتێکی ئەمریکا سەرچاوەکەی چییە؟ بیابانبوون و هەڵکردنی باهۆز و زریانی ناوەخت و لەناکاو و لمباران و گەردەلوول و پیسبوونی ئاسمان مانای چییە؟

لەو چل پەنجا ساڵەی رابردوو، لە وەرزی پایز، بەدیار ئاسمانی شین و بێگەردی جوانی زەلال، ئارام رامانی جوانمان دەکرد، بەڵام، ئەو ئاسمانە ئێستا، بۆر و تەماوییە، وردەتۆز و غوباری لێوە دەبارێت!

ئەگەرچی زۆر لە زاناکان، ئاماژە بە ترسناکی ئەو رەوشەی سرووشت دەدەن، باسی دوارۆژە رەشەکەی دەکەن، بەڵام هوشیار و ئاگاداربوونەوەکە لەو مەترسییە، درەنگ هەستی پێ دەکرێت، بۆیەش ئەوانە، ئێستا سەرگەرمی ئەوەن سکالانامەیەك، یان پەیامێکی دوورودرێژی تژی، لە گلەیی و تووڕەییان لە نەزانین و فەرامۆشکردنی سیاسەتمەداران لەو رەوشەدا، سازکردووە، ئاماژەیان بە کەمتەرخەمییەکانی پاراستن و ڕێگاگرتن لە بڵاوبونەوە، زۆربوونی مەترسییەکانی گۆڕانەکانی سرووشت داوە.

بەڵام، ڕەوشەکە تازە لە دەست دەرچووە، چارەسەرکردن و کۆنترۆلکردنی ئاسان نییە، جەستەی گەورە گەورەی سەهۆل، لە بەستەڵەکی جەمسەری باکوور دادەبڕێت و لێی دەبێتەوە، دەرئەنجامی لزگینی هەوری زۆر لە دەریا و ئۆقیانووسەکان، چڕی هەور و تەمەکان و بارینی بارانی بەرەهێڵەی لەناکاوی نائاسایی، هەڵسان و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان، ڕووخاندنی بەنداو و بەربەستەکان، ڕەوشەکەی ترسناك کردووە.

دەبێ پەند و ئەزموون، لە کارەساتی لافاوەکەی پاکستانی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی وەربگرین، ڕەچاوی ئەو دەکرێت، لە هەموو بەستێکی ئەو زەمینە، ئەو کارەساتە دووبارە ببێتەوە و بیقەومێنێت، چونکە هیچ بژارێك بۆ وەستاندنی نییە.

ڕووچوون و ڕووخانی بەنداوەکانی سند، لەوێ و لە شوێنی تریش، مانای ئەوەیە حکومەت و جڤاتەکان، لەناو خەیاڵە کۆنەکان خەویان لێ کەوتووە، نە بەنداوەکان، بەشی ئاوەکان دەکات، نە خواردەمەنی و ئازوخەکەش، لەو جیهانە بەش دەکات، لەسەر بەشکردن و قۆرخکردنی دەسەڵات و سامانەکان ململانێی و شەڕیش دەکەن.

هەر وڵاتی پاکستان نییە، ڕووبەڕووی مەترسییەکان دەبێتەوە، ئەگەری ڕوودانی بۆمەلەرزە و باهۆز و نەخۆشییەکان و بیابانبوون و ئاگرکەوتنەوە، لە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە ئەگەری لەو جۆرە زۆرە، خودا لەو کارەساتانە بمانپارێزێت. من دەڵێم دەبێ ئیتر لە زمانی سرووشت شارەزا بین و ئاشنایەتی باشمان هەبێت، چونکە، ئێمەش ئەندام و بەشێکی سرووشتین، بەردەوام هەست لە ئاگادارکردنەوە و هوشیارییەکانی سرووشت بین، چونکە، ئەوانە ڕاستییە و لێمانەوە نزیکن و نەکەوتونەتە پشتەوەمان... ئەوە لە بەرچاوانە و بەرجەستەیە و کایەکی غەیبی و ونبووی شاراوە نییە.

## میتافیزیك و فانتازیا (وراء الطبیعة و امام الطبیعة)

**لە پشتەوەی سرووشت بابەت و شتی شاراوە نییە... ئەوەی ئێستا لە پشتەوەی سرووشتە، لەو چرکەساتەدا لەبەردەم و لە پێش سرووشتیشە... پشتەوەی ئاوێنەیەك، وەك رووی پێشەوە و رووکارەکەی روونە. گەردوون نەینۆکێکی زەلالە، دوو روو و ئاکار، یان چەندین رووی بە ئاماژە و نیگا و گوزارشتی پێوەیە. سرووشتێکی زیندووی ئامادەی بە جەبەروت و جوانی هەیە، سرووشت (لە پێشەوە) و (لە پشتەوە)ی نییە.**

**خاتوونە هاوڕێیەکەم: ئەگەر لەو راستییەی تێدا دەژیت تێبگەیت، کە چرکەساتە پرشنگداری سرووشت وەردەگریت و هەستی پیٚ دەکەیت، بەوەیان پێدەگەیت و کامیل دەبیت، لە نهێنی بوونی خۆتیش تێدەگەیت.**

**هەموو شتێك لێرە هەیە (ئێستا لێرە هەیە)... لە شوێنکاتی هەمیشەیی بوونیان هەیە، بەڵام، تۆ، زۆر کەم لەگەڵ خودی خۆتدا دەگونجێت، بە دەگمەنیش، کۆششت کردووە، ئامادەیی و بوونت، لە شوێنەکەی خۆت و لەو کاتەی تێدا دەژیت، هەبێت.**

**تۆ بەسەر زەمانا دەڕۆیت، نەك بەپێچەوانە.**

**کە چیرۆکەکان دەگێڕیتەوە، تۆ بەسەر زەماندا گوزەر دەکەیت، هەر لەو کاتەی هێشتا پارچەیەك گۆشتی (ئاوڵەمە) و دەگەیتە ناو ژان و ختووکەی عیشقیش دەکەیت، تۆ دان بەوەدانانێت لە منداڵانەوە ئەڤینت کردووە، کە لەودەمانەی سەیری چرکەساتی ئامادەیی بوونت کردووە، ئەوەت فەرامۆش کردووە و بیرت لێی نەکردیتەوە. ئەوەیە مانای نەفامی و نەزانین.**

**بەڵێنەکانت لەگەڵ نەفسی خۆت، لەبیر نەماون، ئەوەیە لاملی و کەللەرەقی.**

خەونەکانت لەبیرکردون، دەرگاکەت کردوتەوە، پەنجەرەکانت خستوونەتە سەرپشت، بۆیەش خەونەکان، بەخۆڕایی فڕیون و تۆش ڤالاّ و نائومێد ماویتەوە، ئەزیزەکەم، تۆ یەك دلۆپە خەونت نەماوە، تۆ لێدانێکی ئیلهامت نەماوە.

ئیلهام (سرووش) لە هەموو شوێنێك هاوڕێتە، زۆر لزگین دەگاتە لامان، خێراتر لە رووناکی دەگاتە لامان. تەنها هزر پێی دەگات. هزر لە رووناکی خێراترە. تۆ لەسەر شوێنێك دابنیشت، چ لەدیار شوورەکەی چین، یان لەدیار ئەهرامەکانی میسر و پەرستگاکانی تایلاند و دەریاچەی قووش بیت، دەگاتە لات. ئەگەر لەو هەموو شوێنەش بیت، هزر دەکەیت و بیردەکەویتەوە. تۆ خێراتر لە رووناکی رەو دەکەیت. ئەگەر تۆ ژنێکی نەفامیش بیت، لەو تەوژمە مەزنە وریا نەبیت، کەواتە تۆ لە پشتەوەی بوونیت!

لە سرووشتدا (لە پشتەوە) و (لە پێشەوە)ی نییە. سرووشت جەستەیەکەی ئاوێتەیە لە وزە و مادە، هەردووکیان، نێوانە سەرەکییەکانیان بەرجەستە دەکەن. وزە شوێنە و مادەش زەمانە، ئەوەش بەپێچەوانەی لێکدانەوە و رامانی تۆیە. رەوشەکە هەڵگێڕەوە، بۆت دەردەکەوێت چ لەپشتەوەی ئەو مشتومڕە و گفتوگۆیەدا هەیە!

کودەتاکەی رۆحیش دەورانی هەیە

کودەتا رۆحییە گشتگیرییەکە، چەند سەدە جارێك سەرهەڵدەداتەوە، بەر لە (١٥٠٠_٣٠٠٠) ساڵ پەیدا بووە، پەیامی ئیلهام و وەحی، لەو ماوەیەدا گیانی مرۆڤی گرتووتەوە، بەدرێژایی هەزار ساڵ، ژمارەیەك کودەتای رۆحی دەست پێدەکات، ئەوەش قووڵ و فراوانتر دەبێتەوە. بۆچی ئادەمیزاد، بێ ئاگا و خەوتووە، بێ باکن لە هەڵسانەوە و وریاییەوە، وا شەپۆلەکان توند و قایم و بەهێزن، لە دەشت و چیاکان و لە ناخی بنەوەی زەوییش دەدات، هەمووش بۆ ئەوەیە، تا مرۆڤ هەڵبستێتەوە و هوشیار بێت.

کودەتای ناوەوەی مرۆڤ، خۆرسکە، بریتییە لە تیرۆژی هەڵسانەوەی رووناك، تیشکەکان، بۆ مرۆڤ بە جوانی رووناکییەکانی راستی لە چواردەورەی خۆی ببینێت، هەست بە جوانییەکانی وەجوود بکات.

باوەڕدارەکان، ئەوانەی لە ناخەوە و خۆرسکانە، دوور لە بەرژەوەندی و ریایی باوەڕیان هێناوە، ئەوانە، بەر لە کەسانی تر وریا و هۆشەنگ دەبنەوە. هەموو رێسا و بنچینەکانی ئاسمانی، قوتابخانەکانی حیکمەت و فەلسەفەی رەسەن، مرۆڤ بەرەو هەواری کۆتایی دەبات، کە تێدا هەڵسانەوە و بوژانەوە و هۆشی تێدا بەرجەستەیە.

مەبەستیش تەنها هەستکردنە بە خودی خۆت و ناسینی نەفس.

مرۆڤ، هەموو مرۆڤێك، دەگاتە چرکەساتەکانی ئەو سرووە ناسکە شیرینە، بەڵام، نەزان و کەسانی گەمژە، ئەو ساتانە لەبەردەمیان گوزەر دەکات، هەستی پێ ناکات، وەك پێکهاتەیەکی ڤاڵا و سڕ دەیبینێت.

ئێمە، زۆربەی کاتەکانمان، لەناو بۆشاییەکی مایەپووچ و ڤاڵا بەسەردەبەین، کەم، بە زەنگی جەرەسەکانی ناخمان، وریا و چالاك دەبینەوە. ئێمە، کەسانی نەزان و سەرەڕۆین، زۆر کەم هەست بە وەجوود دەکەین، کە هەموو چرکەساتێك بەسەرمان دەکاتەوە.

ئێمە، بە دەستی خۆمان کۆتبەند و زیندانی کردووە، بە دەگمەن ئازادی بە نەفس و گیانمان دەدەین، تا دوور بفڕین، لە قەفەسەکانمان دووربکەوینەوە. ئێمە دەمانەوێ کۆیلە و گیراو و دەستبەسەر بین.

شەپۆلە مەزنە و هەژینەکانی کودەتاکەی ڕۆحمان، لە ناوماندا گوزەر دەکات و هەست بە هەژان و جوولەکانی ناکەین، شەپۆلە لەرزین و لەرینەوەکان. لەرزینەکانی ڕۆح، لە لەرزینی بۆمەلەرزەکان بەهێزترە. ئینجا ئێمەی تەمبەڵ و خاوێن، هەموو هەست و نەستەکانمان سڕ کردووە، جوولەی هزرمان نەماوە، وەك بەرد و کەڤری کەڕ ڕەق و ساردین.

دەبێ بە چ بانگەوازێك لەو سڕبوون و گەمژەییە هەڵبستینەوە؟!

دەرگایەکی تر نەماوە لێمان بکرێتەوە.

تاکە دەروازە و بوارمان ناخی خۆمانە. نهێنییەکانی ئەو گەردوون و وەجوودە لێرە داخراوە. منیش لەسەر شێوازەکەی ئەو دروستبووم.

من گەردیلەیەك بووم، لە گەنجینەیەکی شاراوە... هەموومان ساچمە و پارچەکانی ئەو گەنجینە مەزنەین، ئەوەی بە هەڵوەشانەوە خۆی پێمان ناساند و نیشانیدا: ئێمە کێین؟!

لەناو پەیڤ و لێدوانەکانم هیچ لوغزێك، یان نهێنی و بادانەوە و شێواندنێك بوونی نییە، من وەك خۆم قسەتان بۆ دەکەم... ئەگەر دەتەوێ تۆش ببیتە بونەوەرێکی تر، چۆنت دەوێ وا بکە، ئەگەر توانیت بیکەیت بوار هەیە.

دونیا بەشی هەموومان دەکات

نیگەران مەبە، ئەگەر کەسانی تر، بەر لە تۆ لە بوارێکدا پێگەیشتن، ئەگەر مەشق و ڕاهێنانت، بۆ ئەو پێشکەوتنەش کردبێت، نائومێد و نارەحەت مەبە، ئەگەر یەکێکی تر، لە تۆش شایستەتر نەبوو شوێنەکەی گرتبێت... دونیا بەشی هەموومان دەکات، هەوار و پۆست زۆرن، ڕۆژێك دێ بەرت دەکەوێت.

لەجیاتی خەمخواردن و ئەفسوس، بۆ دەرئەنجام و ناکامییەکان، زۆرتر کۆشش و ئەزموون بکە، بۆ ئەوانەی نەهاتوون و زۆریش ماوە. بوارەکانی بەردەمت گەورە و بەرینە.

کەسایەتییە مەزنەکان، ڕووناکبیر و هونەرمەندان فەرموودە و پەندی جوانیان هەیە.

هونەرمەندی کۆمیدی ئەمریکی ناسراو شارلی شاپلن وتوویەتی:

_دونیا فراوانە و بێ سنوورە و بەشی هەموو بونەوەرەکان دەکات، دەتوانن هەوارێکی تێدا بدۆزنەوە... بۆ هەموویان، شوێنی تایبەتی سازکراوە... بۆیە واباشە، لە شوێنی تایبەتی خۆمان بگەڕێن، شوێنە ڕاستەقینەکەی خۆمان، باشترە لەوەی شوێنی کەسانی تر زەفت بکەین.

لە وەڵامی بەختیارییدا شارلی شاپلن وتوویەتی:

– بەختیاری نێوان دوو ئەرك و کۆششە.

شاپلن داوا دەکات:

ئەگەر پێکەنینت هات، بە نەرمی و لەسەرخۆ پێبکەنە، نەوەك خەم، دڵگیر و بێزار بێت. کە خەمباریش بوویت، بەنهێنی بگریێ، نەوەك شادی و خۆشییەکان سەخڵەت بن...

ئەو هونەرمەندە کۆمیدیایە، لەناو رامانەکانییدا دەتوێتەوە، پلەی مرۆڤایەتی لە تەکنەلۆژیا پایەدارتر دادەنێت، بەزەیی و ئەڤینیش لە زیرەکی و زانست بەرزتر دادەنێت، بۆیە دەڵێت:

ژیانی مرۆڤ، بەبێ ئەڤین و سۆزی مرۆیی، بە توندڕەویی و شپرزەیی و ئازارەکان بار دەکرێت.

شارلی شاپلن بە دونیا دەسەلمێنێت، لەو دونیایە، بوار و شوێنی ئەویش هەیە، شوێنی راستەقینەیی خۆی هەیە... بۆیەش بەردەوام لە بەرهەمەکانییدا، تەنز و گاڵتە بە کۆمەڵگاکە و خراپەکارییەکانی دەکات، خاوەن سامان و کارەکان ریسوا دەکات، ئەو بە هەژاری پێدەکات و دەگاتە پێگەیەکی زۆر باڵدار لە سینەمای بێدەنگی رەش و سپی... ئەو ملیۆنەها کەس دەخاتە پێکەنین، لە هەموو کیشوەرەکان کەسانی دڵ بەژان و خەمبار و چەوساوەکان دڵخۆش و کامەران دەکات.

ئەوەی شارلی شاپلن بە (دونیا) ناوی دەبات، ئەوە ناخی مرۆڤە.

ئەو بە داهێنان و وزە بارکراوە بێ سنوورەکەی دەتوانێت دونیا پڕ بکات!

**هارپەکەی تارا جاف**

ژەنیاری ئامێری چەنگی ناسراو تارا جاف لەدایکبووی چیاکانی هەورەمانی کوردستان، بە شێوازێکی جوان شەیدای ئاواز و گۆرانی میللی دەبێت، لە منالّییەوە، وەك خۆی وتوویەتی، زۆر لەناو مالّ و خێزانە و خزمەکانی، گوێی لە ئاوازی ئەو هونەرە بووە.

تارا جاف، لە لەندەن و ئاستنبۆل و پایتەختەکانی ئەوروپا ناسراوە، هەروەها لە شار و گوندەکانی کوردستانیش رێز و ناوی هەیە.

ئەو ژنە لە ژەنین و چرینی گۆرانی تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەو هونەرمەندە، یەکەم کەس بووە لەبەر ئامێری هارپ گۆرانی چڕیوە، بەوەش ناسراوە، بەردەوام ئەو ئامێرە قوورسەی لە کۆڵە، لە هەموو کاروانەکانییدا، بارە گرانەکەی پێ بووە، چونکە ئەو، بۆ خودی خۆی ئاوازەکان دەژنێت. (چەنگ ئامێرێکی پیرۆز و مەزنە، بە بەرهەم و دەنگەکانی، هارپ بۆشاییەکانم پڕ دەکاتەوە). ئەو بەو جۆرە پێناسەی ئامێرەکەی کردووە.

گەرم و ناسك و هاوسۆز، لەگەڵ لەرینەوەی ژێیەکانی هارپەکە، ئەو بە دەنگێکی نەرم ستران دەبێژێت. ئەویش یەکێکە لەو ژنە هونەرمەندانەی سەداکانی دەنگی، لەگەڵ رەوتە هونەرییەکەی هاوسۆزە.

ئێمە زۆرتر لەو ژنە تێدەگەین، کە زۆر باسی جوانییەکانی سرووشتە شاخاوییەکان دەکات، ئەو دەڤەرەی تێدا ژیاوە... زۆرتریش لەو ژنە هونەرمەندە تێدەگەین، کە باس لە هۆگریی بە ئاژەڵان دەکات.

رۆژێکیان لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنییدا، سەبارەت بە دیمەنی پشیلە مالّییەکانی وتی:

– (من لە منالّییەوە هاوسۆزییم بە ئاژەڵە مالّییەکانەوە هەبووە، خۆشمویستوون. چونکە ئاژەڵ، لەگەڵ نەفسی خۆی و ئەوانەی لەو نزیك و هاوسێن، راستگۆیە. ئەوان، لەناخەوە چۆن بن، وا

دەردەکەون... لە چرکەساتەکاندا دەژین. من خۆشمدەوێن. هیوادارم مرۆڤیش بەو جۆرە بن، مرۆڤ وا بژین. هەموو بونەوەرێك جوانییەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئینجا هەر لە پەپوولەیەکەوە، هەتا دەگاتە ماریش. هۆگریی و هاوڕێیەتی بە رەگەزی ئاژەڵ و رێزگرتنیان، واتە پیرۆزکردنی سرووشت و رێزگرتنی مرۆڤە).

یەکێك لە خەسڵەتە ناشیرینەکانی مرۆڤ، ئازاردانی ئاژەڵە. هەر ئادەمیزادێك، بتوانێت ئازاری ئاژەڵێك بدات، ئاساییە ئازاری مرۆڤیش دەدات.

کەواتە تارا جاف. هونەرمەندێکی رۆشنبیرە. دەزانێت چ دەبێژێت، لە وەجوودیش، گۆشەیەکی تایبەتی، بۆ خۆی بەرجەستە دەکات، بەوەش دەیەوێ بوون و کەسایەتی خۆی دیار بکات، ئەو ژیانیشی خۆشدەوێت، بونەوەرەکانی خۆشدەوێت و بۆیان دەژنێت، لەناو مەندییەکی ئارامەوە، لەناو ژێیەکانی ئامێرەکەی، ئەڤینی بۆ گەردوون دەردەبڕێت، بەو ژەنین و بە جوولەی ژێیەکان و لەو هێمنییە مەییوە، نهێنییەکان دەردەبڕێت، ئەوانەی بە پەیڤ ناتوانێت بیاندرکێنێت، بەو ژێیانە مەند و ئارام دەریاندەبڕێت.

ئایا زەمانێك دێ، ژنان حوكمی جیهان بكەن؟

توێژینەوەیەكی كۆمەڵایەتی لەسەر وڵاتی چینی نوێ، كراوە، تێدا دەردەكەوێت، ژنان دەسەڵاتی جیهان دەگرنە دەست، وڵاتی چین بەڕێوە دەبەن، ئیتر هەر لەو وڵاتەوە، ئەو دیاردەیە، دەپەڕێتەوە هەموو وڵاتانی جیهان. سەیر بكە، لە سەرەتای دەسەڵاتی پێشەوای شیوعیی چینی (ماو تسی تونگ) دیارە، كە ژنان لە دەسەڵاتا پێشڕەو و باڵادەستیان هەبووە، لە بوارەكانی سیاسەت و بەرگری و كولتوورییدا رۆلیان دەبێت، ئینجا لە پاش رزگاربوون لە داگیركەرانی ژاپۆنییەكان، لە كۆتایی چلەكانی سەدەی بیستەم، لە بوارەكانی فێركردن و ئاوەدانكردنەوە و بوژانەوە كاریگەری مەزنیان هەبووە.

لە توێژینەوەكەدا دەردەكەوێت، (فەلسەفەی شیوعیەت بڕوای وابووە، كە ژنان دەتوانن هەموو پۆست و فەرمانێك وەربگرن و سەربكەون و هاوشانی پیاوان، كارەكانیان بە دروستی بەڕێوەبەرن)، لەبەرئەوەی ماو تسی تونگ، سەرۆكی گەورەترین حزب بووە لە هەموو جیهان، كۆمەڵگاكەی لەبەر رۆشنایی ئەو فەلسەفەیە پەروەردە و رێنمایی كردووە، بۆیەش ژنان، لە چین، لە چەندین بواردا پێشدەكەون، دەتوانن چەوساندنەوە و زۆردارییەكانی پیاوان و كۆمەڵگای نێرینەیی دەرباز بكەن.

لەبەر ئەوەی سەرژمێری ئەو وڵاتە گەورەیە، مەزن و زۆرە، بۆیە ئاساییە ژنان، رێژەیەكی زۆر لەچاو وڵاتانی تری جیهان، لە كاروانەكانی ژیان هاوكار بن.

لەو توێژینەوەیەدا دیارە، كە رێژەی ٨٠٪ی بەڕێوەبردنی كۆمپانیاكانی چین، لەلایەن ژنانەوە بەڕێوە دەچێت، بۆ زانین لە ئەوروپا تەنها ٥٠٪ و لە ئەمریكا ٧٠٪ ئەو كار و لایەنە، لەلایەن ژنانەوە بەڕێوە دەچێت، رێژەی ژنە دەوڵەمەندەكان، لەناو كۆمەڵگای چینی زۆرە، ئەوەش ئاماژەیە كە ژنان، زۆر لە بوارەكانی ژیانی ئابووری بەشدارن.

له توێژینەوەکەدا ئەوەش دەردەکەوێت، کە ژنانی چینی، زۆر چاویان له پۆستی باڵای دەوڵەت و جڤاتەکەیە، دوو له سێ بەشی ژنان، چاویان لەوەیە، پۆستی باڵایان دەست بکەوێت، کۆشش بۆ ئەو خەونەش دەکەن، بەڵام ژنانی ئەمریکا، تەنها یەك له سێ بەش، بۆ ئەو خەونە خەبات و کار دەکەن.

چین، وڵاتێکە بەردەوام کارەساتی و نسکۆی زۆری لێ روودەدات، وڵاتێکی داخراوە و نهێنییەکانی له ناوەوە دەرناچن، ئینجا خەڵکەکەی کۆششکارن، له پێشکەوتن و بەرهەمدا پێشەنگن، دەتوانن لەڕووی ئاستەنگ و بەربەستەکان بوەستن و کاروانەکەیان نەوەستێت... بەڵام بە ئاراستەی ترەوە، ئەو وڵاتە کراوەیە، دەیەوێ و مەبەستیەتی له بەرنامەکانییدا، له چاو وڵاتانی تری جیهان، پێگە و هەوارێکی دیار و باڵایان هەبێت. چینییەکان، هێمنانە کار دەکەن، ئازایانە و بە گیانێکی ئاوێتەیی کۆمەڵەوە، هەنگاو دەنێن، زۆری خەڵکەکە و بوونی کێشە کۆمەڵایەتییە کوشندەکان، هەنگاوەکانیان سست ناکات.

ئەوەی جێگای رامانە، هێشتا لەو وڵاتە هەزارەها ئێستگە و بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەوڵەت ماوە، واتە راگەیاندن، هێشتا یەکێکە له بەرنامە و کارەکانی کەرتی گشتی.

ژاوەژاو

ئەزیزەکەم جیاوازی چییە، لەنێوان ئەوەی مەند و بێدەنگ دابنیشین و وشەی شەرمین و نەستی ناسك و ژاوەژاوەکان بمانخواتەوە، لەگەڵ ئەوەی دابنیشین و بە درێژایی کاتەکە، ئاخاوتن بکەین، ئینجا قسەکان بە دیمانەی رووبەڕوو، یان بە تەلەفۆن، یان لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکانەوە بێت؟

باشە ئەوانە سوودیان چییە؟! گلەیی نەکەیت و قسە لەسەر فەرامۆشکردن و کەمتەرخەمییەکانی من نەکەیت...

رەنگە ئەو هوشیارکردنەوەت بەس بێت.

خەمگینی و دڵنەوایی لەسەر بەفیرۆدانی کات، پێش نەمان و لەدەستدانی هەر ئەزیزێکی ترە.

کات، بۆ من، ئەڤین و و سۆز و تاکە سەرمایە، کە لەسەر رووی ئەو زەمینەدا ماوە، کات. من بێجگە لە کات چی ترم لە دەستە؟

تۆش، بێجگە لە زەمەن چیت بەدەستەوەیە، بەس زەمەن؟ تەنها شەو و رۆژ و سەعات و هەفتەکان، ئەوانە لەنێوان پەراسووەکانمان دەردەچن و لەناو دەریای سپی، یان دەریای سوور و مردوو و دەریاچەکانی ژێرزەوی، یان لافاوەکانی پاکستان؟ کوا کەشتییەکەی نوح، بۆ دەربازکردنی خەڵك و ئاژەڵ و باڵندەکان، لەو لافاوەی دەشتی سندی داپۆشیووە، ئەو دەشتەی یەکێکە، لە بەپیترین دەشتاییەکانی جیهان، رەنگە... پاش ئەو دەشتە، دەستی شارەزوور بێت، ئەویش بیابانبوون بەرەو رووی دەچێت و گەمارۆی داوە، ئەو ناوچەیەی بەدرێژایی سێ هەزار ساڵ، هێرشی هۆڤیانەی لەسەر کراوە و تێدا داگیرکەرەکان بە کۆمەڵ، پیاو و منداڵیان کوشتووە، ژنانیان بەدیل بردووە، داگیرکەران تاڵانیان کردووە و خاکەکەیان سوتماك کردووە؟ ئەگەرچی ئەوانە لە لاپەڕەکانی مێژوو و رووداوەکاندا تۆمارن، بەڵام کێ بڕوا دەکات، کێ؟

ئەگەرچی، بانگەشەی ئاوەز و بیرکردنەوە و حیکمەت و ڕێزگرتنمان کردووە، بەڵام شێتبوون، یاسای سەرەکی ژیانی ئێمە بووە.

شێتی دەرچوونە لە هەموو کردە ئاساییەکان. ئەگەر کەسی شێتیش مرۆڤ بێت، بەڵام مرۆڤێکی لادەرە یان لاسار، یان کەسێکی هاری بەڕەڵایە، وەك کەسانی خوێنرێژ و زۆرتریش!

ئەگەر هەموو دەرچوون و لادانێك، لە کردەی ئاسایی باو شێتی بێت، کردەکانی شێتیش زۆرن، کردەوەکان گەورەن. لەوانە شێتبوون و هەڵچوونەکانی سرووشتیش، ئەوانەی لەناکاو و بەترسناکییەوە دەردەکەون. لە کێ نوحێکی تر بدۆزینەوە، مرۆڤایەتی و ئەو نەوەیە، لە نغرۆبوون و تاوان و دەستدرێژییەکان ڕزگار بکات؟ دەپرسین کە جیهان پڕبووە، لە چەکی ناوەکی و هایدرۆجینی و کارگەی چەکسازی و گازی کیمیاویی، ئەوەش جۆرێك نییە لە مەزنترین و گەورەترین جۆرەکانی شێتبوون؟ ئایا شێتبوون نییە، دەریا و زەریاکان وا پیس دەکرێن و ژێرزەوی پڕ دەکەن، لە پیسایی و پاشماوەی کارگە و پیشەسازییەکانی پیترۆلی دەستکردی ئادەمیزادەکان؟

پاشماوە زیانبەخشەکانی ئەو سرووشتە، هەموویان دەرخستە و پاشماوەکانی مرۆڤن، نەوە لەدوای نەوە، ئەو سرووشتە پیس دەکەن... ئاژەڵ و بونەوەر و باڵندەکان، بە هیچ شێوەیەك سرووشت پیس ناکەن، کەرەستە و دەرخستەی زیانبەخش پەخشان ناکەن، بەڵام ئەوان بە پاشماوەکانی خەڵکەکە و پاشەڕۆی کارگەکان، سەخڵەت و ناڕەحەت دەکەن، بەڵام با هەر بزانین سوودی چییە؟

## ڕووداوێکی گەردوونی تر

نازانم کە ئەو گوتارە بڵاودەکەمەوە، چ ڕوودەدات، ئێستا یان پاش ماوەیەکی کورتیش چ ڕوودەدات. هەواڵەکان ترسناکن، زۆر نیگەرانی دەگەێنێت. خەڵکەکە ئاماژە بە قەومانی ڕووداوێکی گەردوونی دەکەن، بە هەڵگیرسانی شەڕێکی جیهانی، ئینجا شەڕەکە ناوی چ بێت، شەڕی سێیەم، یان چوارەم، یان دەیەم. ئەوەی پاش ئەو جەنگانە بژیت، هیچ سوودێکی نییە پۆلینی شەڕەکان چۆن بێت. ئەگەر شەڕەکە قەوما، کاردانەوە و شوێنەوارەکەی هەر چ بێت، گرینگ نییە سنوور و زیان و هاڵاوەکەی چەندە. شەڕەکە بەو کەسانەش خاموش نابێت، ئەوانەی هەڵیانگیرساندووە، بەوانیش ڕاناوەستێت.

هەتا ئەودەمانەش، ویستی مرۆڤایەتی زاڵە بەسەر بەڕێوەبردن و هەڵگیرسانی خراپەکاری و دەمارگیرییەکان، بوار لە ڕوودانی کارەسات و ڕووداوێکی جیهان دەگرن. ئەگەر شەڕەکە هەڵگیرسا، خوا نەخواستە ئەگەر قەوما، دەبێتە گەورەترین کارەسات، کەسیش بۆ گێڕانەوە و تۆمارکردن و هەڵسەندنگانەکان نامینێتەوە.

ئەو شەڕەی کە هیوای بۆ ناخوازین و نامانەوێت بقەومێت، دەترسێن، بیریشی لێ بکەینەوە، دەبێتە میخ و بزماری سەر تابووتی ژیاری. سەیرە ئەو هەموو کاتە جوانە، سامانە زۆر و وزە گەورەیە، بۆ سازبوون و بنیاتنانی شارستانیەتییەك لەسەر ڕووی زەمین تەرخان دەکرێت، ئینجا بەرهەمەکە، دەکەوێتە بەر شاڵاوی مەترسییەکانی بۆمبی ئەتۆمی ! ؟

شەڕ، دەرئەنجامی هەڕەشەی دوو لایەنە، یان دوو جەمسەر، فشاری دەخەنە سەر، هەر لایەنەش، ترسیان لەیەکتری هەیە، نەوەك یەکێکیان دەستپێشخەری شەڕەکە بکات، دەیقەومێنێت و ئاگرەکە دەکرێتەوە، لەوانە، نێوان ئیسرائیل و ئێران، یان ئێران و ئیسرائیل ڕووبدات، وڵاتەکان، بوونەتە بەرداشی هاڕینی ئێسکی مرۆڤایەتی.

ئێران دەڵێت: ئەگەر ئیسرائیل، هێرش بکاتە سەر بنکە ئەتومییەکەمان، لەسەر نەخشە دەیسڕینەوە. ئێرانیش، بەئاشکرا باس لە سازکردنی مووشەك و بۆمب و چەکی کۆمەڵکوژی دەکات، ئەوەی لەناو وڵاتەکە و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوکردوتەوە.

ئیسرائیلیش، لەلایەن خۆیەوە، هەڕەشە دەکات و دەڵێت: ئەگەر ئێران هێرشمان بکاتە سەر، وڵاتەکەیان لەناو دەبەین، زیانی مەزنی لێ دەدین، کە لە مەزەندەی کەسدا نەبێت! کامیان راست دەکەن؟!... گرینگ نییە کامیان هەڕەشەکەیان دروستە و دەست دەوەشێنن، ئەوەی گرینگە کەی ئەو دوو لایەنە، دەستبەرداری چەکە کۆمەڵکوژییەکەی دەبێت، کامیان لەوەیاندا پێشەنگ دەبێت، بەشێك لەو چەکانە لەسەر پێستی ئێمە کورد تاقیکراوەتەوە، ئێمە بە چەکە سادە کۆمەڵکوژییەکە بۆردومان کراوین، ئەی ئەگەر مووشەکە ناوکییەکان و میکرۆبە کوشندەکانیان، بەسەر خەڵکدا رەشاند و ئاسمان و هەوریان بەو گازانە داپۆشی؟

ئەوەیە دیمەنە ناشیرینەکەی شەڕەکەی دوارۆژ، ئینجا لە کوێ روودەدات، خودا لەو شەڕانە بمانپارێزێت...

لە بەرامبەر دەست و پەنجەی سەر چەکە کوشندەکان، بۆمبە مەزنەکان دەسەڵاتمان نییە، لە بەرامبەر شێتبوونی ئەوانە چارەمان نییە، ئەوە نەبێت لە خودای مەزن بپاڕێینەوە، سەر رووی زەمین بە هیوا و رەحمەتی ئاشتی بپارێزێت، کەشە هەڵچوو و گەرمەکان سارد بکاتەوە.

هەزارەها ملیۆن کەس، لەسەر رووی ئەو زەمینە، ئەو شەڕانە نەفرەت دەکەن، کەس بەرژەوەندی لەو ململانێ و شەرانەدا نییە، خەڵکەکە نارەزایی دەردەبڕن، هاواریان لێ هەڵساوە و داواکارن پێشبڕکێیەکان بۆ پڕچەکبوون و چەکسازییەکان راگرن، دەپاڕێنەوە هەژموونە تەماعکارەکان رابگرن، بەڵام ئەو ملیۆنەها کەسەی ئەو جیهانە،

ناتوانن و دەسەڵاتیان نییە، هەڵچوون و سەرکەشی ژمارەیەك سەرکردەی شێت رابگرن.

له هونەری نووسینەوە

ئەوەم لە نووسینەکانی نووسەرێکی تونسی خوێندیتەوە:

– (نووسین شەریفترین پیشەیە، لە هەموو کردەکانی ژیان شەریفتر و نەمرترە).

شاعیرێکی تری تونسی وتوویەتی:

– (نووسین ژیان خۆیەتی... چونکە نووسینە، گوزارشت لە وردەشەرم و نەستەکانی نووسەرەکە دەکات).

٢

بەڵام وادەزانم، مانا و مەبەستی نووسین، لەوانە گرینگتر و ئاڵۆزترە. ئەوەیان شکۆدارترین شێوەی گوزارشتی ژیانی ئۆرگانییە، لەسەر خود، لەسەر رووی زەمین.

چونکە ژیان لوغزێکی شاراوەیە، کۆشش دەکات گوزارشت لە بوون و خود دەکات. نووسەر هەر چەند کۆشش و پەریشان بێت، ناتوانێت گوزارشت لەسەر هەموو ماناکانی وەجوود بکات.

بە نووسین دەتوانیت لەو ژیانە دیالۆگ لەگەڵ خۆتدا بکەیت.

٣

نووسینی ئەلکترۆنی زۆرتر رادەبڕین و زۆرترین ئازادی فەراهەم کردووە.

نووسینی کاغەزیی (واتە: نووسین لەسەر کاغەز و لەو کردەوەیەدا) لەناو قەوارەی چەند دانەیەکی چاپکراوە قەتیس دەخواتەوە، ئەوەش بەندە بە زۆری و تاقەتی چاپخانەکان و دابەشکردن و هاموشۆکردنی کتێب.

بەڵام، نووسینی ئەلکترۆنی (بە هۆکاری ئەنتەرنێت) وەك ئەوە وایە مانگی دەستکرد، رەوانەی بۆشایی ئاسمان بکەیت، لەوێ هەتا خۆت دەتەوێ رایبگریت، کەی ویستت فەرمانی پێ دەکەیت بێتە خوارەوە، ئەو جۆرە نووسینە، فرە دەسەڵات و ئازادانە گوزارشت دەکات.

بەڵام تا ماوەیەکی زۆریش، نووسینی کاغەزیی، هەر خۆشەویست و داواکارتر دەبێت، ئێمە نەوەکانی سەردەمە کۆنەکە، هەر شەیدا و تامەزرۆی نووسین و خوێندنەوەی سەر کاغەزین...

بەڵام نووسینی ئەلکترۆنی زۆر سەرەنجراکێش و جوانترە، خەیاڵ دەکاتەوە، سنوورەکانی هزر فراوان دەکات. نووسینەکە، لە رووبەری سەر کاغەز و چەندی حوبر و کەرەستەکانی چاپخانەکان، ئارەزوو و چەشەی بوارەکانی پەخشکردن و فرۆشتنی بازاڕەکان دەرباز دەبێت. هێدی هێدی رووبەرە فراوانە پانەکانی کتێبخانەکان نامێنێت، نووسینە ئەلکترۆنییە قووڵە شاراوەکان جێگایان دەگرێتەوە... چیتر قۆرخکردن و هەڵگرتنی کتێب و چاپکراوەکانی تر نامێنێت. بەڵام مەسەلە سەرەکییە رەسەنەکە (هونەری نووسین)ەکەیە، کە لەسەر کاغەز و ئەلکترۆنییەکەی سەروەرە... دەبێ نووسین هەر بکرێت، دەمێنێت با شێوەکانی نووسین هەر بگۆڕێت.

## یاساکانی ژیان

زیندەوەرێکی بچووك، لە بنەماڵەی سیسرکە، دەکەوێتە ناو تۆڕی جاڵجاڵۆکەیەك و کۆشش دەکات، لە بەندی تۆڕەکە دەربازی ببێت.

بڕوا بکە، زیندەوەرە بچووکەکە، سەیری منی دەکرد، تا لە تۆڕەکە دەربازی بکەم، بەتوندییەوە پەلەقاژێی بوو، بەڵام جاڵجاڵۆکەکە توندی گرتبوو، بواری دەربازی نەدەدا.

پاش دوودڵییەك، من کۆششم کرد، تا زیندەوەرەکە رزگار بکەم، جاڵجاڵۆکەکە، بە داوی باریکی تۆڕەکە خۆی دەگەێنێتە بنمیچی ژوورەکە.

زیندەوەرەکە، راستوچۆپ دەجولایەوە، وەك ئەوەی بڕوا نەکات ئازادی بووە. بوارم دا، بگاتە ناو گیا و پووشەکە. ئینجا من بیرم لە جاڵجاڵۆکەکە دەکردەوە. دەبێ ئەو بیر لە چ بکاتەوە؟ دەبێ بەتووڕەییەوە بیر لە من بکاتەوە، کە چۆن نێچیرەکەم دەرباز کرد، لەناکاو، من، لە کوێ بۆ ئەو پەیدابووم، بیر لەوە دەکاتەوە؟ لەبەر خۆمەوە وتم:

– باشە ئیشی من بوو، دەست بۆ ئەو کردەوەیە درێژ بکەم و زیندەوەرەکە رزگار بکەم، ئەو تێهەڵچوون نەبوو؟ باشە جێگای رەوایە من نێچیرەکەی جاڵجاڵۆکەکەم دەرباز کرد؟ باشە ئەگەر من ئەو دەستوەردانەم نەکردبوایە؟!... لەبەر من نەبوایە جاڵجاڵۆکەکە، لەسەرخۆ و بە ئارەزووی خۆییەوە، خوێنی زیندەوەرەکەی دەمژی و دەخواردەوە.

لەبەرخۆمەوە رەوشەکەم شیدەکردەوە، ئەو جاڵجاڵۆکەیە، لەبەر من نەیتوانی ئەو زیندەوەرە بخوات، بێ خواردن نامینێتەوە، یەکێکی تری بۆ پەیدا دەبێت. کەواتە.... رەنگە دەستوەردانەکەی من، بێ سوود و بەخۆڕایی بوو، من ناتوانم رێرەوەی ژیان رابگرم، یان یاساکانی بگۆڕم... لە (خواردن و بخۆر).

فەیلەسوف جەلالەدین ئەلرومی ئەلبەلخی، وادەزانێت، بونەوەرەکان دوو جۆرن: خواردن و بخۆرەکان.

مەخلوقەکە خواردنە و یەکێکی تر دەخوات (بخۆر)ە، هەموو خواردنێك دەبێتە خواردن و ژەمێك و یەکێکی تر دەیخوات. ئەو پەیوەندییە لەنێوان رووەك و ئاژەڵیش هەیە. ئەو ئاژەڵەی رووەك دەخۆات، دەبێتە بخۆر و دواییش یەکێکی تر ئەویش دەخوات. وەك بەرخێك یان گایەك، یان مریشك و باڵندەی تر...

کاروانی ئەو یاسایە راوەستانی نییە، ناکرێ راگیرێت.

ئەو یاسایە هەتا رادەیەکی زۆر من دادەوەشێنێت، هەروەها هانم دەدات، کۆشش بکەم زیندەوەرەکە، لەناو تۆڕی جاڵجاڵۆکە رزگار بکەم. ئەگەر من نەمتوانی کردەی خواردنەکەی نێوان خۆراك و بخۆرەکە رابگرم، ئەوەندەم بەسە، من لە ساتەوەختێکدا بتوانم، یارمەتی زیندەوەرێکی داماوی بەستەزمان بدەم، بۆ ماوەیەك بەردەوام بە ژیانی بدەم... چەند رۆژێك، یان چەند هەفتەیەك. لەبەر رۆشنایی ئەو کردە شاراوەی هەستکردن بە ژیانی زیندەوەرانی تر، فەیلەسوف ئەبو ئەلعلا ئەلمعەری گۆشتخواردن لە خۆی حەرام دەکات و...

موستەحیلە مرۆڤ بتوانێت، شرۆڤەی هەموو هزر و پەیڤ و کردەوەکانی بکات، بۆیەش چەندین کردەی شاراوە و نهێنی و قوژبنی نەدیار لەو ژیانەدا دەمینێت. ئەو پرسیارەم دەمینێت:

– بۆچی زۆرتر خۆمان ماندوو بکەین، کۆششی خودی خۆمان قەبەتر بکەین، ئەگەر بزانین شتی موستەحیل هەیە، چونکە تەمەنەکەمان بەشی بەشێکی بچووکی زانین و دۆزینەوەی شاراوە و نهێنییەکان ناکات؟!

## بەشی سێیەم

## چرکەساتی دوا هەڵسانەوەکە

- جمکی رۆح
- دوا مەدار
- مانگایە پیرۆزەکە
- هەردوو پێیەکانی بەبیردێتەوە
- نووسین لەسەر ئاو
- دوا چرکەساتی هەڵسانەوە
- شتە گچکەکان... گرینگترن
- عەدەم (پووچگەرایی) لە کوێیەوە هاتووە؟!
- ئایا ئێمە ئەرکی سەرشانمان بەرامبەر کەون جێبەجێکردووە؟
- رابردوو ئێستامان هەڵدەوسێنرێت
- مرۆڤ گەورەی سەرخاکەکەیە و لە ژینگەکەش بەرپرسە
- سرووشت خۆی نۆژەن دەکاتەوە
- هەنگاوی هەرێمی بیهاری هیندی
- زەوییش دەستەخوشکی هەیە
- چێژی دۆزینەوەکان
- ژینگە... ژینگە
- سەرەتاکانی ویلکیس

- ئەشکەنجەدان بەر لەو بەڵگەنامانەش کراوە و ئاشکراش بوون
- ئایا کاتی ئاشکرابوونی هەموو مەسەلە شاراوەکان هاتووە؟
- بوژانەوەیەکی تری گلاسنویت
- شەیدابوون بەدوای هۆشمەندی
- لە حیکمەتەوە: رازینەبوون لە نەفس
- جارێکی تریش گیڤارا
- ئەوەیان لە پەپوولەیەك تێبگەن

چرکەساتی دوا هەڵسانەوەکە

جمکی رۆح

ئەو بڕوای کردبوو، نەمدەتوانی لەو هزرە پەشیمانی بکەمەوە، بڕوای بەوە هەبوو، لەگەڵ ئەو، لەناو منالّدانەکەی ناوەوەی هاتووتە دەرەوە و لەدایکبووە، بە دووانە و جمکی لەدایکبووە. بڕواکەی بەو هزرە ئەوەندە پتەو و قووڵ بوو، زۆری نەمابوو، منیش بڕوا بەوە بکەم، هەموو مرۆڤێك لە رۆحەوە جمك و دووانە لەدایك دەبن، بەڵام کەسی دووەم نابینێت، لەگەڵ ئەودا لەدایك دەبێت، بەیەکەوە هاوژینن، لە پشتی پەردەوە پارێزگاریشی لێ دەکات .

چۆن؟ ئەو نەیدەتوانی ئەوەم بۆ بسلمێنێت، بەڵام، لەبەر ئەوەی زۆر شێلگێرانە بەرگری لە هزرەکەی خۆی دەکرد، منی ناچار کرد، بیر لەوە رەوشە بکەمەوە... جوانە و زۆریش جوانە، هەموو کەسێك دووانەیەکی هەبێت، دوو رۆحی جمك، بەیەکەوە ساز بن و بەیەکەوە هاوژین بن؟ رامانەکە بەوەندە ناوەستێت و گەشەش دەکات، بۆیەش دەڵێم نەك مرۆڤ، نەك جمك و دووانەیە، رەنگە رۆحی زۆرتریشی هەبێت، زۆرتر لە دوو کەس و لە دوو رۆح.

ئەو دەیووت: رەنگە مرۆڤ، لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی، لە رۆژانەی خۆییدا جمکەکەی بدۆزێتەوە... دووریش نییە، هەرگیز نەیدۆزێتەوە و نەیناسێت، هەستیش بەوە هەر نەکات. ئاساییە، دووانەی هەر کەسێك لە قۆناخی دوای ژیان دەربکەوێت... لە بوون و هەبوونەکەیدا خۆی ئاشکرا بکات...

ئەو بە دیاردەی وا پێکەنینی دەهات، دڵی بەوە خۆش بوو، کە لەلای کەسانی تر شایستە و شیاویش نەبوون.

رۆژێکیان بینیم، ئەوم لە کۆتایی بەهاری رابردوو بینی، زۆر دڵخۆش و سەرفراز بوو.

من لێم پرسی: بە چ وا دڵت خۆشە؟

دەستەکانی لەیەکخشاند و وتی:

– تۆ لە کامەرانییە زۆرەکەم تێناگەیت... بێچووەکان بە سەلامەتی فڕین و هێلانەکەیان جێهێشت. ئەو ئیستا ئازادانە و باڵکراوانە لە ئاسمان دەفڕێت. (پەیڤەکەی تەواو دەکات)... ئەوەیە نەوەی نوێی بێچووەکانی پەڕەسێلکەی ئەو بەهارە و ناو هێلانەکە.

بە هەمان سۆز و هەستەوە، ئاخاوتنەکەمان بەردەوام کرد. من وتم: باشە! پیرۆزە بێچووە پەڕەسێلکەکانت، کەی کۆچ دەکەیت تا لە بەهاری داهاتوو بگەڕێیتەوە؟

هاوڕێیەکەم بە فڕینی بێچووە پەڕەسێلکەکان لە ئاسمانی کراوە و ئازادە شادومان بوو، دووبارە بزەیەك دەکاتەوە، بێدەنگ دەبێت. بە نەرمی من دەهەژێنێت، وەك دایکێکی دڵۆڤان سەیرم دەکات. بەوەیان سەرسام بووم. ئینجا دەستێك لەسەرشانم دەدات، دەڵێت: تۆ... کەواتە؟ منیش وتم: چی؟ سەری بۆ هەژاندم، قۆڵی چەپیشی هەژاند، ئاماژەیەکی نیشاندام، کە ئەو دووانەی رۆحیەتی، یان یەکێکە لە جمکەکانی رۆحی ئەو. بە چاو و بە ئاکارمەوە ئاماژەیەکم بۆ کرد: بریا!... بریا وابوایە!

کەواتە... هاوڕێیەکەم (جمك)ی منە.. ئەو رامانەکەی وا بوو. باشە با وا بێت. جارێکیان لێم پرسی مرۆڤ چەند جمکی هەیە؟

ئەو وتی: نازانم، رەنگە ژمارەیان بگاتە حەوت کەس، بەڵام یەکێکیان کەسە رەسەن و سەرەکییەکەیە، ئەو برا یان خوشکی گەورەیانە.

بەر لەوەش، ئەو زووتر هاتبووە لام و هەواڵێکی سەرەنجراکێشی بۆم درکاندبوو... ئەو دووانە رۆحییەکەی خۆی دۆزیوەتەوە، هاوڕێیە مێینەی ئەزیزەکەی. لە وڵاتێکی تر یەکێکی دۆزیوەتەوە. قسەکە ئاشکرا ناکات و ناتوانێت بیشارێتەوە. ئەو بە ژنەکەی وتبوو، من دووانەی تۆم. بوار دەدات رۆحەکە بەردەوام هاوژینی بێت و ئامادەیی هەبێت، بەبێ ئەوەی قسەیەك لەگەڵ دووانە مێینەکەی بکات.

ئەو وتی: دووانە مێینەکە لێم بێزارە، تووڕەیە. گلەییم لێ دەکات، بۆ من پەیوەندی پێوە ناکەم، تەلەفۆنێکیشی بۆ ناکەم، بۆ؟

من وتم: باشە، خۆ زۆر جار بەڵێنت پێداوە، بۆ پەیوەندی پێوە ناکەیت، سۆزت پێ داوە؟

ئەو وتی: دەترسم رامان و وێنەکەی لەناو هزر بگۆڕێت و لە دەستم بچێت، یان من لەو دابڕێم، منیش ئەوەم مەبەست نییە، ئەوەم ناوێ. وادەزانم پەیوەندییە رۆحییەکەی نێوانمان بەسە، ئەوەندە بەشم دەکات.

من وتم: هاوڕێیەکەم! تۆ کەمێك خۆپەرستیت. تۆ لەسەر حیسابی خەڵکەکەوە، دەتەوێ شادومان بژیت و جوانییە مەعنەوییەکانی لێ ببینیت.

ئەو وتی: رەنگە وا بێت. بزەیەك دەکات و لێم دەپرسێت:

دیارە شێت بوویت؟

من سەرم بۆی لەقاند، وەك ئەوەی بەو سەرلەقاندنە پێم گووتبێت، بەڵێ.

ئەو وتی: ئەوەندەم بەسە. ناڵێم تۆ دووانە رۆحییەکەی منیت؟

من وتم: بەڵێ.

هاوڕێیەکانم لەسەر شێوەی من هەڵکەوتوون.

دوا مەدار

لەو ماوەیەدا، وام لێ هاتووە زۆر کەم، لە مەسەلەکان سەرم دەردەچێت. ئەوەشیان بۆ من باشترە. زانین و فرەزانیاری هۆش و هەست بارگران دەکات. زۆرمان بۆ هەوار و کاروانە درێژەکەمان بارکردووە، بارەکەمان بۆ زادی کاروانەکەمان گران بوو، واماندەزانی پێویستمان بەو هەموو زانیارییانە دەبێت، هەست دەکەین بارەکە قوورسە، وا هێدی هێدی بارەکەمان سووک دەکەین، یەک لەدوای یەک فڕێیان دەدەین، وەک فڕۆکەیەک هەڕەشەی شکان و کەوتنی لەسەر بێت، بیەوێ بارەکەی سووک بکات، یەک یەک گەشتیارەکان کەم بکاتەوە... وەک کەشتییەک هەڕەشەی نقوومبوون و شکانی لەسەر بێت، ئەوانیش بارەکەیان سووک دەکەن.

وا لە نغرۆبوون نزیک دەبینەوە!

وا باشترە، بارەکەمان سووک بکەینەوە تا بتوانین ڕێ بکەین!

– لەوەتی زانیارییەکان و مەیدانەکانی تێگەیشتنەکانم سووک کردووە، هەست دەکەم باش خەوم لێ دەکەوێت.

کە شێتبوونی خەڵکەکەی چواردەورەت، بەڕەڵایی تێدەکەوێت، بەبێ سەر و بێ لێکدانەوە و مەبەست راکە راکە دەکەن، تۆش وەک کەسێکی نامۆ لەنزیک ئەوان دەژیت، چەند شیرینە ساتەکانی بێئاگایی و غەیبوبەت.

لەودەمانە، بۆ تۆ تەنها بێئاگایی و ئاوابوون و ونبوون باشە.

ئەگەر جیهان ون نەبێت و ئاوا نەبێت، تۆ ئاوا بە، دووربکەوەوە و لەناو غەیبوبەدا نقووم بە.

زۆرزان و زیرەک مەبە، ئەگەرنا هەستت دەژاکێت و لەناو حەشاماتی شێتانەی خەڵکەکە، هەناسەت دەگیرێت .

ئەگەر بتەوێ بە سەلامەتی لەناو تونێلێکی درێژ، بە شەمەندەفەری درێژیش دەربچیت، باشترین بواریش مانەوەتە لەناو رەوشێکی ئارامی غەیبوبەدا. ئەدی ئەگەر وەك سەگە رووسییەکە (لایکا)، ئەوەی یەکەمین گیانەوەری زیندوو بوو، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، بە کەپسولەیەکی فەزایی رەوانەی دەرەوەی مەدای گۆیی زەوی کرابوو، تۆ لە شوێنی ئەو بیت، بیر لە چ دەکەیتەوە؟ یەکێك لە زاناکان وتبووی سەگە بەستەزمانەکە، کە لە ئاسمان بەرزدەبێتەوە، هەر دەحەپێت و نەدەزانرا بۆ وا دەکات؟ دەیدەزانی کێوەی دەبەن؟ حەپینەکەی هەتا ئێستا بە حەپەساویی لەناو مەودای فەزایە بەرینەکەدا ماوەتەوە.

بیر لە چ دەکەیتەوە، تۆ لەناو فڕۆکەیەك تیژڕەودا بیت، لەسەر ئاسمانی زەریای هێمندا بفڕیت، لە پەنجەرەکانییدا شوێنەوار و کەلاوەی دوورگە و کەشتی گەورە گەورە و هێلی سپی لەسەر دەریاکە دەبینیت؟ خەڵکەکە چۆن بیردەکەنەوە، کە فڕۆکەیەکی تیژڕەو دەگاتە ناو رەوە باڵندەیەکی زۆرەوە؟

لەو رەوشانەدا ئاگادار نەبیت و زانیاریت نەبێت، لە هەموو چرکەساتەکاندا باشترە... یان بچیتە ناو ساتێکی بە تامی مەستبوون و بێئاگایی و رامان، باشترە، بیر لە خۆت و لە فڕۆکەکە و سەرنشینەکان بکەیتەوە.

یەکێك لە سەرنشینەکان، یەکێك لە تەنیشتەوە، وەك هەزارەها خەڵکی تری ئەو سەر زەمینە بێدارت بکاتەوە، لەو ساتەدا زۆر کامەران دەبیت، چونکە بە دروستی هەست بە ژیان دەکەیت، هەست دەکەیت هێشتا دەژیت و لێرە ماویت... تۆش ژمارەیەکی لەو کەونە ئاوەدانە بەرینەدا. کە دڵشادیت، پێبکەنە و رووت بەرامبەر کیژە سێرفیسەکەی، یان کوڕەکە خۆش بکە، بیریش لە هیچ شتی تر مەکەوە.

من ئێستا زۆر شادومان و ئاسوودەم، چونکە لەوە نزیک بوومەتەوە هەر چەند دەتوانم بیرنەکەمەوە، لە چرکەساتی بەرزبونەوەم بەرەو شوێنە شاراوە و ونبووەکانی گەردوون، وەك کەپسولەیەکی شێتی دەرچوو لە مەدار و ئاسۆکەی خۆی... من ئیستا لە مەداری کۆتاییم.

مانگایە پیرۆزەکە

ئەو برادەرەی منی بە دووانە رۆحییەکەی خۆی دەزانی، هاتەلام و دەستەکانی لێکدەخشاند و وتی:

– دۆزیمەوە!

کە گوێم لەو قسەیە بوو، وامزانی گوێم لە هاوار و دەنگەکەی زانای ماتماتیك و فەیلەسوف (ئەرخمیدس) دەبێت، کە لە گەرماوەکە دێتە دەرەوە و هاوار دەکات:

– دۆزیمەوە! دۆزیمەوە!

ئەو چ دەدۆزێتەوە؟ یاسایەکی فیزیایی دەدۆزێتەوە، کە نەمانی کێشی هەر شتێك لەناو ئاو دەسەلمێنێت، کێشەکەش بە قەد کێشی ئاوە رژاوەکە دەبێت.

منیش بە برادەرەکەم وت: تۆ چیت دۆزیەوە؟

ئەو وتی: خەونم بەوە دیبوو، من لە هیند بومەتە مانگایەکی پیرۆز و ژن و منالّ و پیاوەکان، هەموویان بەپیرۆزییەوە لێم نزیك دەبنەوە، رێزم دەگرن و شکۆدارم دەکەن.

من وتم: ئەدی دوایی؟

ئەو وتی: لەسەرخۆ دەڕۆیشتم، کەس رێگای پیێ نەگرتم، کەس نەقیزەی لیێ نەدەدام، کەسیش دەرینەکردم... من بەتەنها بووم، دەلەوەڕام و دەمخواردەوە و لەسەرخۆ دەڕۆیشتم. ئەوەی شیاوی باس بوو، هەر ئەوەندە بوو. لەو ساتەدا هەستم بە خۆشی و سەرفرازییەکی زۆر دەکرد، ئازادانە دەسوڕامەوە، بەرچاوەکانم ئاسۆیەکی روون و گەشاوە بوو.

من وتم: بێگومان بەرچاوی مانگایەك!

ئەو وتی: جیاوازی نییە! من یان مانگاکە... هەردووکمان لەناو یەك بونەوەردا ئاوێتە بووین. کە ببوومە مانگا، شارە گەورە قەرەباڵغەکە پڕ بوو لە ژاوەژاو و خەڵکی رەشورووت و دەرۆزەکەر و شەیدا و سەرگەردانەکانی ناو رامان و نیگاکانی پشتەوەی سرووشت، باخچەی جوان و تەڕی بە گوڵزارم دەبینی، وەك ئەو دێرە شیعرانەی رابندرات تاغوور پێناسەی گوڵ و پەپوولە و سروەی بەیانی کردووە، ئەوانەم دەبینی. وا باشترە بۆ دیتنی دیمەنی جوانتر و ناسکتر، بە چاوی مانگایەك سەیر بکە، ئەوەی نەتدیوە دەیبینیت.

من وتم: کەواتە بەو چاوەی دەتەوێ سەیری شتەکان بکە!

ئەو وتی: من لەودەمانەوە دەبمە شاهیدی ئەو وەجوودە. ئازیزەکەم، دەبێ، شاهید بین. ئێمە بۆ ئەوە لەدایکبووین تا ببینە شاهیدێکی دروستی بوون. پاش تێپەڕبوونی مەودایەك لە زەمەن، من لەناو شەپۆلێك لە گومان و داماندا دەخنکێم. چونکە رامانی زۆر، ئەو بەڵگە و تارماییەی لەگەڵمان پەیدابووە رادەماڵێت. جیهانیش بریتی نییە تەنها لەو دیاردانەی ئادەمیزاد، بە چاوەکانی دەیانبینێت. لە ناخت هەست بە هەژان و تەوژمی بورکانێکی شاراوە دەکەیت، ئەویش دامان و سەرسامییە. ئەگەر بتوانیت چەند بەربەست و کۆت و بایەخدانی رۆژەکانت خاو بکەیتەوە. تۆ ئێستا شاهیدێکی راستەقینەیی لەسەر جیهانە ئارامەکەت، پەچە و پەردەکان هەڵدەزرێنیت و دەڕوانیتە ئاسۆیەکی نەدیاری پێش و پشتەوی نەدیار و شاراوەدا... ئەوەش پاشماوەی ئەو (سدیم) و چڕەدووکەڵ و هەورەیە، کە پاش تەقینەوە مەزنەکە دەمینێتەوە.

هەردوو پێیەکانی بەبیردێتەوە

کە هەموولایەك فەرامۆشی دەکەن و گوێی لیٚ راناگرن، ئەو دەچێتە سەر دیوارێکی نزیك و هاوار دەکاتە خەڵکەکە:

– خەڵکینە من هەمووتانم خۆشدەوێت... خەڵکێنە رێز و دڵۆڤانییم بۆ هەمووتان هەیە!

خەڵکی ناو گۆڕەپانە قەڕەباڵغەکە، کەسیان ئاوڕی لیٚ نادەنەوە... کەسیان سەریش بەرز ناکەنەوە چاوێکی لیٚ بکەن.

پیاوەکە، چرکەساتێك بێدەنگ دەبێت، ئینجا بە تووڕەییەوە هاوار دەکاتەوە:

– خەڵکینە من رقم لە هەمووتانە... لێتان بێزارم، زۆر بێزم لێتان دەبێتەوە، یەکەیەکە بە هەمووتان دەڵێم رقمان لێتانە. کەس سەیری ناکات، کەسیان گویٚ نادەنە قسەکانی...

سەرسام و حەپەساو دەوەستێت... چ بووە؟! خەڵکەکە گوێیان لیٚ نییە؟ بەڵیٚ... خەڵکەکە گوێیان پێوەیە و باشیش دەبیستن. چییان لیٚ قەوماوە؟

– کەسێکی شێتی سەرگەردان بەتەنیشتیدا دەڕوات، سەری لە پیاوەکە بەرزدەکاتەوە و پێی دەڵێت:

– لەسەر ئەو دیوارەوە هاوار دەکەیت و کەسیش گوێی لیٚ رانەگرتیت. دەی! وەرە خوارەوە، لەسەر ئەو دیوارە دابەزە... بڕۆ ناو تیمەکەی فوتبۆل، بە جووله و چووست یاری بکە. بە ئارەزووی خۆت شەق لە تۆپەکە هەڵدە. تۆپەکە ببە ناو گۆڵەکە ... دووبارە یاری بکەوە. یاری زۆرتر بکە. ئینجا سەیری خەڵکەکە بکە، هەموو چەپڵەت بۆ لێدەدەن و سەیرت دەکەن.

پیاوەکە لەسەر بەرزاییەکە دێتە خوارەوە، تیمێکی گونجاو هەڵدەبژێرێت، بە جۆشەوە یارییەکە دەکات... بە هەر چواردەورەی

خۆیدا رادەکات. لەناکاو تۆپەکە دەکەوێتە ناو گۆڵەکە. هەموو بەیەکەوە چەپڵەی بۆ لێدەدەن و هانی دەدەن. لە دەرەوەی گۆڕەپانەکە لەناو چیمەنەکە خۆی دەهاوێتە سەرپشت، شادومان و دڵخۆش هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشێت، دڵی خۆشە و خەڵکەکە سەیریان کرد و شکۆدار سەیریانکرد.

هەڵدەستێت و دەچێتە گەرماوەکە، پاك خۆی دەشوات. بیر لەوە دەکاتەوە چۆن دەچێتە سەردیوارەکە و قسە بۆ خەڵکەکە دەکات، هەست رادەگرێت و نەفرەت لە خەڵکەکە دەکات. بەو سەر و کەللەوە پێدەکەنێت، پێکەنینی بە شێوازی بیرکردنەوەکانی دەهات... ئینجا سەیری هەردوو پێیەکانی دەکرد، ئەو جووتە پێیەی یاری پێکردن و بە تۆپەکەوە گەیشتە نزیك گۆڵەکە و گولێکی جوانی پێکرد. بزەیەك بۆ پێیەکانی دەکات. پێیەکانیش بەشێکن لە ئەندامانی جەستەکەی، باشە بۆچی زووتر هەستی پێیان نەکردبوو، ئەو هەتا سەعاتەکانی نووستنیش پێیەکانی لەلای خۆیەتی بۆچی هەستی پێیان نەکردبوو؟

بەپەلە دەچێتە دەرەوە، رادەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو پیاوە شێتەی هوشیاری کردەوە و ئامۆژگاری کرد، پێی تۆ دوو پێی زێڕینت هەیە، هەر چەند لە شێتەکە دەپرسێت، کەس بۆی نادۆزێتەوە. هەندێکیش بەتووڕەییەوە پێی دەڵێن: کوڕە تۆ لە چ دەگەڕێیت، بەدوای چ وێڵیت، تۆ وا خۆت دۆزیەوە؟! تۆ لەسەر بەرزاییەکان بوویت، ئێستاش لەسەر زەوییت... تۆ هەر خۆتی...! ئیلهامێکی دوور تۆی بە ئامادەبووان ناساند.

دووبارە پرۆسەی بیرکردنەوەی بۆ دەگەڕێتەوە، بڕوا دەکات لەسەر هەردوو پێیەکانی وەستاوە، نەك لەسەر دیوارێکی بەرز... دڵشادە کە لەسەر دوو قاچی رەسەنی خۆی دەڕوات نەك لەسەر دوو قاچی دار!

نووسین لەسەر ئاو

دەینووسی و پارچە کاغەزەکانی فڕێ دەدایە ناو ئاوی زێیەکە.

کە پارچە کاغەزەکانی بەردەمی تەواو دەبێت، ئەو لەسەر ئاوەکە دەنووسێت.

برادەرەکەی لێی دەپرسێت: باشە تۆ بۆ کێ دەنووسیت؟

ئەو پێی دەڵێت، من دەنووسم تا بخوێندرێتەوە، تێگەیشتن من بۆ دەنووسم... ئینجا هەستم پێ دەکەن! دیار نییە، هەست ناکەن، کە من بانگەوازی فریاکەوتن دەنووسم؟

براردەرەکەی پێی دەڵێت: کێ فریات بکەوێت؟

بەتووڕەییەوە دەڵێت: هاواری ڕۆژەکان، شەوەکانم دەکەم، سەعاتە بێ باکییە دەستبەتاڵەکانم، لە ڤالاییەکەی چواردەورم...

لەناکاو برادەرەکە هاوار دەکاتە سەری و پێی دەڵێت: وریابە! مارێکی خاڵداری درێژ بەرەو تۆوە دەخشێت. هەڵسەوە سەرپێیان و بواری بدە گوزەر بکات و بە سەلامەتی دەربازی ببێت. مارەکە بەپەلە و لەبن پێیەکانییەوە بەرەو ئاوی زێیەکە دەخشێت، لەناو ئاوەکە ون دەبێت و نارەحەتییەکیش پەیدا ناکات.

برادەرەکەی لێی دەپرسێت: باشە ئێستا چ دەکەیت؟

ئەو وتی: هیچ ناکەم. ئەو مارەش وەك تۆ برادەر بوو... بەڵام جیاوازییەکی هەبوو، ئەو ناچێتە ناخی من. تۆ هاتوویتە ناو زەمانی من و لەکاتی نەگونجاویش، من جوان و خۆش یاریم لەگەڵ ئاو و کاغەزەکان دەکرد، کەشەکەت لێ ئاڵۆز کردم... (لەگەڵ ئەویش).

برادەرەکەی هیچ وەڵامێکی ناداتەوە. لەنزیك ئەو هەندێك گیا و پووش رادەخات. پێڵاوەکانی لە پێدەکاتەوە و بە هەردوو پێیە

پێخواسەکانی گەمە بە ئاوەکە دەکات. مارەکە لەبن ئاوەکە پاژنەی پێی چەپی دەگرێت...

– (ئاخ...!) لە ترسانا هەڵدەستێتەوە. ئەویش زۆر پێی پێدەکەنێت. دەڵێت: وایە، بزانە ئادەمیزاد نازانێت لە کێندەرێیەوە ئازار و ژان بۆی دەردەچێت. هەڵسە با بتگەێنمە نزیکترین نەخۆشخانە. پیاوە مار پێدراوەکە دەیناڵاند، بە شەلەشەل لە رۆخی رووبارەکە دووردەکەوتەوە. بەرەو شەقامە گشتییەکە دەڕۆن.

ئوتومبێلێکی فۆرد بۆیان رادەوەستێت، شوفێرەکە لێیان دەپرسێت کێشەتان چییە.

لە رێگای چوونیان بۆ نەخۆشخانە، شوفێرەکە لێیان دەپرسێت: مارەکەی بە تۆی وەداوە ئاوی بوو؟ ئەگەر وایە... ژەهری ترسناکی کوشتنی تێنەکردویت. زۆر بلەز ژانەکەت نامینێت.

هەردووکیان سەیری یەکتری دەکەن: ئەو گلەیی لەو رێکەوتە ناخۆشە دەکات. بەڵام رێکەوت و سودفە نەبوو. دەبوایە ئەوان لەسەر گیایەکە دابنیشین و چاوەڕوانی میوانە نادیارەکە بکەن... ژانەکەی زۆر بوو، ئەو دەیناڵاند. شوفێرەکە رادیۆی ئوتومبێلەکە دەکاتەوە، کیژە بەهرەدارێکی گەنج گۆرانی دەووت، بەڵام تێکستی گۆرانییەکە سەروبنی دیار نەبوو.

ئەو بە برادەرەکەی وت: ژیان وایە، ئەوەیە ژیان. ئەوانەی دەتوانن گۆرانی بچڕن، نازانن چ بڵێن! ئەوانەی لە ژانی پێوەدانە لەناکاوەکان دەناڵێن، ناتوانن بزانن شەپۆلی مەندی ئاوی زێیەکە چییان بۆ دەهێنێت... تێدا هەندێك هەتوان و هیوایشی تێدایە.

دوا چركەساتی هەڵسانەوە

دوا دەقەكانی ژیان، نیگایە پرشنگدارەكانە... جەرگی وەجوود دەبڕێت.

ئەوان حەفتا و دوو نەفەری نێر و مێ بوون، لەناو فرۆكەیەك بەرەو خۆرئاوا دەفرین، فرۆكەكە بلەز دەفری. كاپتنەكە بەپەلە و لەناكاو، بە سەرنشینەكان دەڵێت، هەر كەسە و بە زمان و مەزهەب و بڕوای خۆییەوە دوعا و نزامان بۆ بكات، فرۆكەكەمان كەماسییەكی تێدایە. كاپتنەكە بە دەنگە لەرزۆكەكەیەوە دووبارە بانگەوازەكە دەڵێتەوە:

– تەنها دە دەقەمان لە پێش ماوە، دەبێ لەسەر رووبەرێكی تەخت بنیشینەوە. توند پشدێنەكانتان ببەستن. لەبەر رۆشنایی رێنماییەكانی لەبەردەمتان نووسراوە هەڵسوكەوت بكەن. ورەتان بەرز بێت و خۆتان بگرن. خودا یاوەرمان بێت.

ژنە سێرفێسەكان، بەپەلە دەگەنە سەر نەفەرەكان، سەیری رەوشی بەستانەوەی مناڵ و پیرەكان دەكەن... بەپەرۆشەوە دەیانەوێ خەڵكەكە ئارام بكەنەوە و هێمنی بپارێزن.

ئەوانەی لە پەنجەرەكانەوە نزیكبوون، بە پەرۆشەوە سەیری خوارەوەیان دەكرد، بەڵام هێشتا سەرزەوی لێیان دوور بوو.... خانووەكان وەك پاكێتی جگەرە دیار بوون، جۆگە و ئاو و رێگاكان باریك بوون، ئوتومبێلەكان بچووك... خەڵكەكەی سەر زەوی دەیانزانی فرۆكەكەی سەر سەریان كێشەیەكی تەكنیكی هەیە، زۆری نەماوە بكەوێتە خوارەوە... بەسەر بەرزاییەك، بەسەر لووتكەیەك بكەوێت. كەس نازانێت: هەڵە تەكنیكییەكە چییە؟! تەنها دەستەیەك لە كاپتنەكان، ئەوان دەزانن.

هەندێك لە سەرنشینەكان بە ئاخ و ژانەوە بیریان دەكردەوە، ئەگەر ئەو فرۆكەیە بكەوێتە خوارەوە، ئەوانماڵئاوایی لەو خاك و ئاسمانە

دەکەن، بەیەکجاری دەڕۆن؟! ئایا دەتوانن جارێکی تر چاویان بە خێزان و هاوڕێیەکانیان بکەوێتەوە؟

زۆربەیان، ئێستا، لەودەمانە تێدەگەن ژیانی سەر رووی زەوییان جوان و خۆش بووە... هەموویان جوان بوون، هەتا دیمەنی گۆڕستانەکانیش، دیواری قوتابخانەکان و دووکەڵکێشی سەربان و جۆگە و جۆبار و دەریاچە گچکەکانیش، رەز و دارستان، ئەوانەی بەپەلەش لەبەردەمیان گوزەری کردبوو... هەموویان نازدار و جوان بوون...

هەموو جوان بوون، هەتا هەورە سپییە پەخشانەکەی ناو سینگی ئاسمان، خۆرەکەش.... یەکێك خەیاڵ دەیباتەوە و لەبیری دەچێتەوە لە کێندەرێیە و چ دەقەومێت، دەیەوێ زۆرترین کایەی ئەو زەمین و ئاسمانە بهێنێتە بەر چاوەکانی... چاوێك لە سەرنشینەکان دەبڕێت و دەیەوێ بزانێت ئەوان لەو تێدەگەن. ئەو دەیزانی پێویستی بە هاودەرد و نزای هەموویان هەبوو.

بە سەیرکردنی دیمەن و رێگاوبانەکان سەرقاڵ دەبێت، هەر چەند فرۆکەکە، بۆ دۆزینەوەی هەوارێکی باش بۆ نیشتنەوە پەریشان بوو، دیمەنەکان بەرین تر و گەورەتر دەبوون، لەو ساتەدا، دیمەنە جوانەکانی ژیانی دەهاتە بەر چاوان.

چۆن، ئەگەر رزگاری بوو، چۆن ئەو هەستە بگێڕێتەوە؟! ئەگەر دووبارە ژیایەوە و نەمرد، بە پڕیی وەجوود و بە ئامادەیی هەموو بونەرەوەکان دەژێت. دیسان کاپتنەکە، بە دەنگە کزە سستەکەی، بانگەوازەکە دووبارە دەکاتەوە: ئاگادار بن، هەر ئێستا دادەبەزین! ئاگادار و وریا بن!

ئەو لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرنشینەکان رزگاری دەبێت، نامرێت و دەتوانێت یادەکە بگێڕێتەوە، بەڵام نیوەی جەستە پەکی کەوتبوو، کەم ئەندام بوو! ئیتر لەوڕۆژەوە هۆشمەندی لەسەر ژیان

وەردەگرێت. بەڵام نرخێکی گەورە بەو پەندە دەبەخشێت، ئەویش نیوەی جەستە و بوونی خۆی بوو.

شته گچکەکان... گرینگترن

قوورسایی و سەنگی زۆری شته بچووکەکان لەوەدایە، شته بچووکەکان شتی بایەخدار و بەهادارن. بەرزترین لووتکەی شاخێکیش، له ورده بەرد و گەردیله غوبار و کەرته جەستەی رەق و وشك پێکهاتووه.

دڵۆپه وردەکانی ئاوه، دەریا و رووبار و زەریا بەرینه گەورەکان پێکدەهێنێت.

ئەوەی قیمەت و بەهای تاکه فلوسێك نەزانێت، بایەخی ملیۆنەها دیناریش نازانێت.

ئەوەی به گچکەییەوه هەڵەکان چارەسەر نەکات، له سەرەتاوه چارەی بۆ نەدۆزێتەوه، بەیانی رووبەڕووی هەڵەی کوشنده و گەورەی زۆر دەبێت.

هەر چەند شتەکان گچکه و لاتەریك و لاوەکییش بن، له دوارۆژا و له پێشهاتی دوورەوه، بایەخی بنەڕەتییان دەبێت. توالێت، یەکێکه له بەشه سەرەکییه گرینگەکانی ناو یەکەی ماڵ ئەژمارد دەکرێت، بەڵام، بەداخەوه خەڵکانێکی زۆر، به چاوی کەم و شوێنێکی لاچەپ و لەبیرکراو سەیری دەکەن، بایەخ به رووبەر و پاکوخاوێنییەکەی نادەن، بیر له ئیسراحەتکردنی تێدا ناکەنەوه.

جارێکیان لێیان پرسیم، ئەگەر پشتیوانی بکرێت، دەستت بگرن بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارێك، یان گوند و کۆمەڵگایەکی نیشتەجێی، چ دەکەیت، بەرنامەت چ دەبێت... منیش وتم:

کار بۆ ئەوه دەکەم، لەناو هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون، سێ یەکەی یەکەی تەندروست و خاوێن ساز دەکەم، بایەخیان پێدەدەم، مەرج دادەنێم، لەناو هەموو خانووێکدا ئەوانەیان هەبێت. ئەوان وتیان:

ئەو سێ یەکه چییه؟ منیش وتم:

کار دەکەم، لەناو هەموو خانوویێك، تواليتێکی خاوێن و ناندینێکی گونجاو و گەرماوێکی باشی سازکراوی تێدا بێت.

لەگەڵ چەند هاوڕێی خۆم پێشنیارم کردووە، جارێك و چەندین جاریش پێشنیارم کردووە، لە شەقامە سەرەکییەکان و ڕێگایە گشتییەکان و بازارەکانی پایتەختتا توالێت دروست بکەن، بەتایبەتی توالێت بۆ ژنان دروست بکەن، بۆ ژنان پێش پیاوان. هەتا ئەودەمانەش پێشنیار و داواکانم گونجاو و پێویستن.

تا بزانیت و تێبگەیت ئەو شارە، ئەو کۆمەڵگایە، چەند هەنگاوی ناوە، لەسەر ئاستی شارستانی چەند لە پێشە، سەیری توالێتەکانی شوێنە گشتییەکانیان بکە. هەروەها کە دەچیتە هەرماڵێك، بە پاکوخاوێنی توالێتەکانیان دەزانیت، ئەو خێزانە، چەند خاوێن و تەندروست و شارستان دەژین.

ئەو پێوانەیە دروستە و هەڵە هەڵناگرێت. توالێت و ناندین بەشی سەرەکی بایەخداری ناوماڵە... بەداخەوە، خەڵکی زۆریش هەیە لەجیاتی ئەوانە، بایەخ بە دیکۆر و پێشەوە و جوانکارییەکانی دەرەوەی خانووەکانیان دەدەن، لە بەرامبەر ئەوەش، مەرجە سەرەکییەکانی ژوورەوە پشتگوێ دەخەن.

عەدەم (پووچگەرایی) لە کوێیەوە هاتووە؟!

١. عەدەم لە زمانی عەرەبی بەرامبەر وشەی وەجوودە. باشە ئایا عەدەم ڤالآیی، یان کایە و شتێك دەگەیێنێت؟ ڤالآیی مانای ناشتەکانە.

٢. یان عەدەمی بەر لە وەجوود، مانای هەبوون و وەجوودە. باشە عەدەم لە کوێیەوە هاتووە؟ ئەگەر ئەوەمان زانی و تێگەیشتین، دەزانین نهێنی وەجوودیش چییە. فەنا، رێك مانای عەدەم نییە. فەنا، واتە لە رابردوو شتێك هەبووە، دوایی نەماوە و هەڵوەشاوەتەوە و ون بووە. بەڵام عەدەم مانای ناوەجوود، ئەوەی ئەسلەن هەر نەبووە.

٣. هەتا گەمەکردن بە وشەکان کۆتایی دێ، ئەو گەمەیەی کاتی هزرمان دەبات! نازانم! مەسەلەکە ئەوەیە ئادەمیزاد بوونەوەری هزردارە، دانوستانی بەردەوامی لە ناخدا هەیە... ئێمە خۆرسك هەستیارین. کار و بەرنامەی ئێمە ئەوەیە، هەر پێنج هەستەکانمان، شەش، حەوت هەستمان... هتد لەگەڵ فەزادا هەڵسوکەوت دەکەن، بێ وەستان و سرەوتن لەگەڵ فەزان.

٤. دەرئەنجامی تەقینەوە و هەڵپروکانە دواییەکەی کەون، ئێمە وردە پارچەی زۆر گچکە بووین... چونکە وەجوود شاهیدی چەند تەقینەوەی کەونی مەزنی تر بووە. هیچ مۆزە و ئەرشیفێك بۆ هەلگرتنی وێنەی پاش و پێش رووداوەکە نییە... باشە وەجوود (ئەگەر بوونیشی هەبێت)، ئەرشیفێکی دەوڵەمەند و مەزنیشی لەسەر ئەو چرکەساتانەی بە (سدیم)ەوە گوزەریان کرد هەبووبێت، لە کوێ هەڵیانبگرێت؟!

٥. من سەرسامم، لەوەی بایەخ بە تەقینەوەی تر دەدەین... وەك ئەوەی ئێمە پاش تەقینەوەکە بمینێن و نەمر بین، یاساکانی فیزیا

دەڵێن، تەقینەوەکە لە کاتێکدا هەر دەبێت، ئینجا کات و سەردەمەکە زۆری ماوە یان کەم.

٦. جا ئەگەر گەردوون، ئەو دونیایە، لە وردە کەرەستە و شت و گەردیلە و یەکەی بچووك بچووك پێکهاتووە، ئەگەر کەون کایەکی شاراوە و تەماویی و ئاڵۆزیش بێت، وەڵام و پرسمان لەگەڵدا نەکات و بێدەنگ بێت، وا باشترە ئێمە رووما‌ن لە کەون و بوونێکی تری ئەودیو بکەینەوە، رووی دژ بەو ئاراستەیە (ئەگەر گوزارەشتەکە راست بێت)، بەرەو بەشە نەدیارەکە، بچینە دەڤ ئەو رۆحەی دەیجولێنێت، لە وزەکەی ناوەوەی نزیك ببینەوە... کە... رەنگە لەناو ئەو ڤالاّییە بێ سنوورە بەرینەدا، هۆکاری مان و بوونمان بدۆزینەوە، ئەوەی هێشتا زاناکان پاش شرۆڤە و گەڕانیش یاساکانی جوولە و چالاکییەکەیان نەدۆزیوەتەوە. ئایا ڤالاّییش لە جوولەدایە؟ ئایا عەدەمیش لە رەوشی گۆڕاندایە؟ ئایا شتەکان لە ناشتەکانەوە سەرچاوە دەگرن و پەیدا دەبن؟ ئایا رووناکی لەناو تاریکییدا دەردەکەوێت؟ چ دەبێت ئەگەر بتوانین لەناو تیرۆژیکی رووناکی زەلالی هەمیشەیی، ئەوەی تاریکی ونی دەکات بژین؟ زانایانی فەلەکی و فەزاش دەڵێن، هەموو ئەوانە بەندن بە جوولەی هەسارە و ئەستێرە و کەونەکان... باشە بەردەوامی ئەو جوولەیە چی و کێیە؟

ئایا ئێمە ئەرکی سەرشانمان بەرامبەر گەردوون جێبەجێکردووە؟

ا. پرسیارە ماندووەکان، بە ترپەوە، دەکەوێتە بەر گوێچکەی مرۆڤ. مرۆڤیش، بونەوەرێکە، لە گۆشت و خوێن و هەستەکان و چەندین پرسیاری نەبڕاوەی درێژ.

ب. ئەگەر، هۆش و بیرمان، لە بەرپرسیاریەتی دانوستانی مەسەلە ئاڵۆزەکانی وەجوود و عەدەم ئازاد بکەین، وزە و تەوژمەکەی دەکەوێتە سەر تێڕامان، لە مانا جوان و زەلالەکەی وەجوود. رەنگە ئەوەش جۆرێك بێت، لە خۆپەرستی و نەرجسیەت و هەڵپەرستی، ئینجا پرسیارەکان دەگەڕێتەوە، سەر بابەتە سادەکانی رۆژانەمان، چۆن بەیانییان لە خەو رادەبین، کار دەکەین، شادومان دەژین و ئازار دەچێژن...

ج. کەواتە، بە ئارامی و ئاشتییەوە، دەکەوینەوە، سەر رووی راستەقینەیی زەوی و سەرقاڵی تیمارکردنی برینەکانمان دەبین، ژیانی کۆمەلایەتییمان گەرم و دژواریش دەبێت... دڕکەکانی بن پێیەکانمان، ئەودەمانەی بەپێخواسی رێمان دەکرد، دەردەهێنین. بۆ گەیشتن بە دەشتە پانوبەرینەکان، بە رووتی، بە ناو دارستانەکانا رۆیشتین، بۆیە دەبێ، ئیتر پۆشتە بین و برینەکانیش بشارینەوە .

ئینجا دەکەوینە ناو شەڕ و ململانێیەکان و تۆماری رۆژانەکەمان، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی رۆژانەی کۆمەلایەتییمان .

بەڵام تاوانەوە و نقومبوونە گەورەکەمان، واتە بێئاگایی، لە جوانییەکانی کەون و لەبیرکردنی پرشنگی جوانییەکانی بوون.

د. هەندێکیش سەرقاڵی چاودێری پرشنگە جوانەکان دەبن، دەیانەوێ بزانن، کەی روودەدەن، چەند دەمینێنەوە، کەی ون دەبن؟ وەك چۆن منالان، سەیری دلۆپەی باران دەکەن، کە دەکەوێتە سەر رووی گۆم و حەوزەکان، پاش ساتێك بازنەکانی ئەو دلۆپانە، لەسەر ئاوەکە

دەسڕێنەوە و ون دەبن، یان ئەو منالآنەی سەیری دیمەنی کۆڵکەزێرینە دەکەن، کە لە ئاسۆکە دەردەکەوێت، دەگاتە سەر کێلگە و کۆلآن و جۆبار و خانووەکان، بەبێ ئەوەی راوەستێت دووردەکەوێتەوە. بەو شێوەیە، خەڵکەکەش سەیری ئەو پرشنگانە دەکەن.

ه. ئەگەر خۆمان رادەستی ئیغراکانی جوانی وەجوود و دیاردەکان و پرشنگەکانی ببین، هزر بەرەو ئاستی بێ سنوورمان دەبات، ئەوەش بە گۆڕەپانەکانی شاری یاری کات بەسەربردن و رابواردن و پێکەنین دەچێت. بوون بەشی هەموو ئەوانە دەکات، بەلآم، ئێمە خۆمان لەناو گۆشەیەکی تەسکی تەنگەبەر دەپەستین، لەوێ، تەنها ئەوانە دەبینین و دەبیستین و مەزندە دەکەین، کە شیاوی بایەخی ئیمەن و بەس.

و. کەواتە، ئێمە رووبەڕووی، بەرپرسیاریەتییەکی مەزن دەبینەوە، ئەویش، زانینی بەرپرسیاریەتی هەموومانە لەو وەجوودە. چونکە هەموو زیندەوەرەکانیش، ئاژەڵ و رووەکیش و هەموو دیاردەکانی تریش، کار و بەرنامەی جوولانەوەی خۆیان هەیە، بۆ ئەوانەش هاتوونەتە وەجوود، ئەویش، کە بە کامەرانی و شادومانی و سەرفرازییەکی زۆرەوە دەژیت، دەبێ، کاری رۆژانەی ژیانە ئاساییەکە، بە دروستی بەرامبەر بە کەون و بوون راپەڕێنن.

رابردوو ئێستامان هەڵدەسورێنێت

ئەوەندە پێشکەوتنمان بەدی نەکردووە، شیاوی باس و شانازی بێت، پێشکەوتن، بە مانا شارستانییە باوەکە، هێشتا لە وڵاتەدا نییە و نەبووە.

– دەیان ساڵە هیوا دەخوازین و خۆمان بەوە ئارام دەکەینەوە، کە بەیانییەکی گەشمان دەبێت و هیوایەکی پرشنگدارمان دەبێت، بۆیەش بە گەنجەکانمان و تەندروستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەکانمان قوربانی دەدەین.

– ئەوە زۆرتر لە پەنجا ساڵە، خوێنمان دەرژێت، رۆژنامەنووسان و نووسەران دەکوژرێن و تیرۆری رووناکبیران دەکرێت، ئینجا دڵمان بەوە دەدەینەوە و نەفسمان رادەگرین، کە ئەوانە، پەلەهەورێکی رەشن، بە سەرەڕۆی پەیدابوون، با و سرووەش دووریان دەخاتەوە، بەڵام نەك دوورنەکەوتنەوە، چڕتر دەبنەوە، نەك ئاسمانەکە بێگەرد نەبوو، تاریکتر بوو. عیراق، پێشبڕکێ دەکات، لە زۆرکردنی رژانی خوێنی رۆژنامەنووسان.

– وەك خۆیەتی... خۆیەتی... هەمان رەوت و رامانی دەمارگیری و خۆپەرستی و رەشکردنەوەی کەسی دووەم، هەڵوەشانەوەی بوونی مادی ئەوانی تر، بۆ لەناوبردنی هزر و بۆچوونەکان... لەورۆژانە ئەوانەیە کە دەستی بەسەر رەوشەکەدا گرتووە... بەڵام هەتا کەی؟!
ئەو پرسیارە گوزارشت لە سەرسامی و نائومێدی و حەپەسان دەکات.. کەی ئەوانە دەوەستن و کۆتایی دێت؟

– نازانم رووی پرسیارمان لە کێ بکەین، چاوەڕوانی وەڵام لە کێ بکەین. وەڵامی رەق و روونمان گوێ لێی دەبێت، تەقینەوە و مردن و پارچەپارچەبوونی جەستەی مرۆڤەکان و گۆمی خوێن دەبینین.

عیراق بەڕووی زۆردار و تاوانبار و شێت و ساختەچییەکانی سیاسەت و بازرگانانی مرۆڤ و پارە، کراوەتەوە و تەڕاتێنێی تێدا دەکەن.

– وابزانم، ئێمە کەمێك لەو تاوان و خراپەکاری و کوشتنانەی لەو وڵاتە روودەدەن، ئەو گرتن و ئەشکەنجەدانانی لە زیندانە نهێنییەکان دەکرێن، دەزانین، پێشێلکارییەکان و ئەشکەنجەکان زۆرترن، نەهامەتی و ژان و نەبوونی خێزان زۆرترن، منداڵانی دەبنە قوربانی، زۆر زۆرترن.

نە کەسێك و دەزگایەك و دامەزراوێك و لایەنێکی حکومی سارێژی ژان و دەرد و برینی قوربانییەکان و کەسوکاریان ناکەن، قوربانییەکان وەك لە وڵاتێکی تر، یان لە هەسارەیەکی تر بن، وا سەیریان دەکرێت! هەستەکانمان سڕبوون، دڵەکان بوون بە بەرد وشك بوون، ئاوەزمان بیر لە چارەنووس و مەرگەساتی خەڵکەکە ناکاتەوە، کەس لە دانیشتوانی گەڕەك و شار و هاوسێ و گوندەکان ناپرسێتەوە. هیچ چاکە و بەسەرکردنەوەمان بەبیردا نایێت! ئەوەش کۆتاییەکانی رق و بەڕەڵایی و نامەردییە.

– قەبارەی زیان و قوربانییەکان زۆرترن، لەوەی بڵاودەبنەوە، ژان و دەردەسەری خەڵکەکە و دەستدرێژییەکانی رۆژانە لەو وڵاتەدا روودەدەن، زۆر زۆرترن لەوانەی دەزاندرێن.

لەو رەوشەدا، هەر ئەوەندە بەس نییە، شەرم لەو رووداوانە و ژین لەو سەردەمە و لەو وڵاتە بکەینەوە. تەنها قسەکردن و رادەربڕین بەس نییە، مانای نائومێدی و بێدەسەڵاتییە. داهاتووش ئەگەری ئەوە هەیە، مەترسی و کارەساتەکان قەبەتر و زۆرتر بن. لەساڵانی رابردوو ئەوە فێر بووین، لە دەستدانی ئاسایش و نائارامییەکان، شەڕ و ماڵوێرانی و ململانێیە خوێناوی و کۆمەڵکوژی و هێرش و تاڵانکردنی ماف و موڵکی کەسانی تری لێ دەکەوێتەوە، وەك شەڕەکانی باشووری کوردستان، بەڵام بە شێوە و وێنە و دیمەنی جیاوازی ترەوە.

مرۆڤ گەورەی سەر خاکە و لە ژینگەکەش بەرپرسە

کەواتە، دەزانین چاندن و زۆرکردنی رووبەرووی سەوزایی، بیابانبوون و مەترسییەکانی باهۆز و گەردەلوولە لمییەکانی باشووری عیراق کەم دەکاتەوە.

بۆیە وەزارەتی ژینگەی عیراقی، لە دیالۆگ و دانیشتنە تایبەتییەکانی و پەیوەندییەکانی بە پسپۆرانی ژینگەی وڵاتانی چواردەورەی، بڕیار دەدات نزیکەی میلۆن هکتار، لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو لەسەر خاکی عیراق بچێنن، خاکەکە رووت دەبێتەوە، دەرئەنجامی شەڕەکان و پشتگوێخستن و کۆچی جووتیاران و زۆربوونی کۆمەڵگا نیشتەجێیە گەورەکان، فاکتەری وشکبوون و فراوانبوونی بیابانە.

لەو ساڵانەی دوایی، بایەخ زۆرتر بە ئەهوارەکان دراوە و کار دەکەن ژینگەی ئەهوارەکان، بە رووبەرووی بەرین گەورە بدەن.

حکومەت و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بایەخ دەدەن بە زۆرکردن و بەرینکردنی دارستانەکان، بەردەوام دار دەچێنن و پارێزگاری لە دارستانەکان دەکەن. لەو چەند ساڵەی رابردوو، رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ملیۆنەها داریان ناشتووە، ئەگەرچی لێرەولەوێ ئاگر دەکەوێتەوە، ناوچەی فراوان دەسوتێنێت، بەڵام گەشی و گەشەی سەوزایی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین دەڤەری ناوچەکە.

بایەخدان بە ژینگە و پاکوخاوێنی و سەلامەت راگرتنی، لە هەستکردن بە پەیوەندی ئۆرگانیکی، نێوان ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاستی چالاکی و کارەکان مرۆڤ لەلایەك و کاردانەوەی سرووشت بۆ پێداویستییەکانی خۆرسکی مرۆڤەوە دەبێت. سرووشت چاوەڕوانی خۆشەویستی و ناز و چاودێری لە مرۆڤ دەکات، هاوشێوەش ئێمەش هەمان ئارەزوومان هەیە.

دەرئەنجامی چالاکییەکانی مرۆڤ، لەسەر رووی زەمین، چەندین کارەساتی سرووشتی، وەك لافاوەکانی پاکستان لە ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ی زاینی، سووتانەکانی سیبیریا لە رووسیا و زۆر شوێنی تر، زیانی زۆری بە سرووشت گەیاندووە. هەموو بەرپرسیایەتییەکانی زیان گەیاندن بە سرووشت، دەگەڕێتەوە سەر مرۆڤ، چونکە مرۆڤ لەسەر رووی زەوی، بەرپرس و کارکەر و هۆشی هەڵسوڕێنەری هەموو زیندەوەرەکانە، دەست و بەرپرسە، لە چاندن و سووتان و بڕینەوەی دارستانیش .

ئەگەر راست و چەپی ئەو زەمینە بپشکنین، دیارە پاشماوەکانی کار و ژیانی مرۆڤە، سرووشتی خنکاندووە. چونکە پاشماوەی کارگەکان و دامەزراوەکان دەستکردی مرۆڤە، ئەوانە و هەموو کۆکراوەکانی کیسەی نایلۆن و قوودی و پاکێت و میتاڵە جۆراوجۆرەکان و پاشماوەی سوتەمەنی و ماکینەکان... ئەوانە و زۆری تریش، هەموو ئەوانە دەرکردە و پاشماوەی مرۆڤە، نەك ئاژەل و باڵندەکان.

کەس ناتوانێت بڵێت و بیسلمێنێت، بێجگە لە مرۆڤ کەسی تر هۆکارە بۆ پیسکردنی ژینگە و دزینی جوانی و پێکهاتەکانی سرووشت. هەموو زیندەوەر و باڵندەکان و زیندەوەرە ئاوییەکان، بەدرێژایی ژیانیان، بەقەد یەك رۆژی رۆژانەی خێزانێك، پاشماوە فڕێ نادەنە سەر سرووشت.

سرووشت خۆی نۆژەن دەکاتەوە

لەودەمانەی مرۆڤ، بە هەموو چالاکییەکانی زیانی زۆر، بە سرووشت دەگەیێنێت و سەرکەشانە دەیشێوێنێت، سرووشت بە پرۆسەیەکی ناڵەبار و زەحمەت، دەیەوێ خۆی چاك بکاتەوە، دووبارە هاوکێشەکان یەکسان بکاتەوە، ئەوەش بە بۆمەلەرزە و باهۆز و بارانە ناوەرزییەکان و لەهی و لافاوەکان دەکات.

ئەگەر مرۆڤ، لەو کردەوانەدا بەردەوام بێت، لەناو سرووشت خۆی ون و لاتەریك بکات، ئەرك و فەرمانەکانی دەرحەق بە سرووشت و بونەوەرەکان جێبەجێ نەکات، لەسەر لاساری و دەستدرێژییەکانی بەردەوام بێت، خۆی لە پێگە دروستەکەی سرووشت، سەرگەردان دەکات و دەبێتە قوربانی تووڕەیی و هەڵچوون و شۆرشەکانی سرووشت، کە دەتوانێت، هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی ئادەمیزاد وەرگێڕێت.

رەنگە لە هەندێ وڵاتدا، بۆمەلەرزەی لەناکاوی وا روودات، زۆر لە پردەکان بروخێنێت، ناوچەیەکی زۆر ژێرئاو بکات، ئەوەش رەوشی دیموگرافی و سیاسی و هاوکێشەکانیان دەگۆڕێت. رووداني ئەو ئەگەرەش، لە وڵاتی ئێمە دوور نییە. لەو رۆژانە بوو، هەواڵی ئەوە بڵاودەبیتەوە کە دامەزراوی ناوەکی بوشهری ئێرانی کەوتووتە بن فشاری هێڵی بۆمەلەرزەکان، دەرئەنجامی تەقینەوە و هەر رووداوێکی لەو جۆرە، تیشکی ناوەکی و ئەتومی دەزگاکە، لە ناوچەکە بڵاودەبێتەوە و دەگاتە وڵاتانی هاوسێی وەك کوێت و وڵاتانی تری کەنداو و باشووری عیراقیش، ناکرێ مەترسییەکان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لەناو ئێران و عیراق و وڵاتانی تری ناوچەکە کۆنترۆڵ بکرێت.

ئێمە، لەسەر مەترسی بورکانێکی ترسناك دەژین، دەبێ ئازایانە و بە دەنگێکی بەرزیش باسی بکەین، چونکە ئەگەرەکانی بۆمەلەرزە و مەترسییەکانی ئامادە و زۆرن.

دیارە کە مرۆڤ، خۆی ونکردووە، ئەگەرچی لە چەند مەترسی و هەڕەشەیەك رزگاری دەبێت، بەڵام ترس لەدوای ترس، رووبەڕووی دەبێتەوە، بەڵام ئەوجارە درز و چاڵەکان، یەك لەدوای یەك دەتەقنەوە و زۆر دەبن.

پاش ئەوەی نزیکەی سێ سەد زانا و پسپۆر، دانوستان دەکەن و راپۆرتێك دەدەنە نەتەوە یەکگرتووەکان، مرۆڤایەتی دڵنیا دەکەنەوە، کە چینی ئۆزۆنەکەی گوێی زەوی، لە تیشکی خۆر دەپارێزێت، باشتر بووە و مەترسییەکانی کەمتر بووە، درزەکەی لەو چەند ساڵەی رابردوو تێی دەکەوێت و بوار دەدات، چەند تیرۆژەی زۆرتری بەر زەوی بکەوێت، کاریگەی کەم بووە، زانیارییەکان ئەوە دەگەێنێت، کە زاناکان هەست دەکەن، چاکبوونی جەمسەری باشوور و باکوور و گەڕانەوەیان بۆ دۆخی جاران، کاتی زۆری دەوێت.

باشە: ئەو هەواڵە خۆشە، دڵی کەسانی شارەزا و ئاگادار لە سرووشت خۆش و کامەران دەکات، هیوایان بە دوارۆژی ژین نوێ دەبێتەوە. بەڵام هێشتا مەترسییەکان بوونیان ماوە، دیاردەکانی بیابانبوون و بارانی بەرەهێڵە و لافاو و رووچوونی خۆڵ و کەندەڵانەکان، دەستدرێژییەکانی مرۆڤ و ململانێیەکانی نێوانیان هەر ماوە. هەموو دیاردەکانی سرووشت دەرئەنجامی کردەی رۆژ و سەعاتێك نەبوون، بەڵکو دەرئەنجامی کۆبونەوە و دەستدرێژییە کۆن و دێرینەکانی دوور لە ئاوەز و بیرکردنەوەی مرۆڤ بووە.

**هەنگاوی هەرێمی بیهاری هیندی**

بەرەو کرانەوە و ئارامی و ئازادییەکانی هەر هەرێم و ناوچەیەکی ئەو جیهانە، خزمەتی دۆزی ئاشتی جیهان دەکات، چونکە تا ئەودەمانەش ئەو مەسەلەیە، هەموو مرۆڤێکی سەرقاڵ و پەریشانکردووە. ژیان لەناو رەوشێکی تژی، لە کێشە و قەیران و چەوسانەوە و جیاکردنەوە چ مانایەکی هەیە، ئینجا لەبەر هەر هۆکار و فاکتەرێکیش بکرێن. دیاردەکانی جیاکردنەوە و نەژادپەرستی، لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و لە هەموو ناوچەکانی تری ئەو جیهانە، ماون و پەیڕەو دەکرێن.

بەڵام هەنگاوی گەشەسەندن (بە مانای دەربازبوون لە نەژادپەرستی و نەداری و نەهامەتییەکان) زۆر سارد و لە سەرخۆیە، ئەستەنگی لەبەردەمە، کێشە و کۆسپی زۆری لە پێشە، لە پێش هەموویان دواکەوتنی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی چینە دەسەڵاتدارەکە. ناکرێ بەرپرسیاریەتی دواکەوتن و ئاڵۆزییەکان بخرێتە ئەستۆی لایەنی تر. رۆژگارەکان ئەوەیان سەلماندووە، سەرۆکێکی دادپەروەر و بەرەووشت، یان دەستەیەکی دادپەروەر، دەتوانن رەوشی باشی ئاشتی و ئارامییەکان بنوێنن، بەڵام کەسایەتی و دەستەی کەمبینی هزری، ژیان بەرەو ناڕەحەتی و ژان زۆرتر دەبەن.

ناکرێ هەندێك لە کەسانی دەسەڵاتداری عیراق لە نیگا و رامانە بەفیز و جیاخوازییەکان بەرامبەر خەڵکی تر، بێتاوان و دەستپاك دەرباز بکەین، ئەوانە بەرپرسن لە ئاڵۆزی و کێشەکانی هاوڵاتیان و فاکتەری راستەوخۆی خەڵکە بەستەزمانەکەن. ئەوانە دەربازیان نابێت لەو دەردەسەری و کوشتارییەی، لە دەرئەنجامی کەمبینی هزریی سیاسییەوە، دەرحەق بە میللەتی کوردستان و خەڵکە داماوە لەبیرکراوەکە و بێبەشەکە کردویانە، ئەوان و کەمینەکانی زمان و کولتوور و بڕواداراني ئاینزاکان، بە هەموو تیرە و نەژاد و ناوچەکان.

هەرێمی بهیاری هیندی، ئەوەی سەرژمێرییەکەی دەگاتە هەشتا ملیۆن کەس، کە یەکێك بووە لە هەرێمە زۆر هەژار و پڕکێشەکانی ئەو

وڵاته، دەكەینە نمونەی گەشەكردن و هەنگاوی ئیجابی، چونكه بە هزر و بەرنامە و دەسەڵاتی سەرۆكەكەی ئێستایان، دەبێتە هەرێمێكی نمونەیی لەسەر ئاستی گەشەسەندن و ئاوەدانی و بوژانەوە.

لەو وڵاتە، لە عیراقێكی دەوڵەمەندا، بە سەرچاوە ئاویی و پترۆل و خاكە بەپیتەكەی و زۆری سامانی ئاژەڵداری، (بە مەرجێك دروست بەكاریانبهێنن) نزیكەی حەوت ملیۆن و نیو كەس لە ئاوی خوارنەوەی خاوێن بێبەشن. ئەگەر وتمان سەرژمێری عیراق، دەگاتە نزیكەی سی ملیۆن كەس، كەواتە رێژەی ٢٥٪ی خەڵكەكەی ئاوی پیسی ناتەندروست دەخۆنەوە. هەموو دیاردە بەژان و كوشتن و زۆربوونی منالّی بێ سەرپەرشتیار و كەمئەندامانی شەڕەكان، دەخەمە ئەستۆی دەسەڵاتدارەكان، ئەوان لەو رەوشە خەمبارە ترسناكەدا بەرپرسی یەكەمن.... ئەوانەی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیان گرتووتە دەست، ئینجا چەند ساڵێك، یان چەند مانگێكیش بێت، ئەوانەی كێسەكانی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئیداری و داراییان لەبن دەست بووە، هەموو ژان و نەهامەتی و ئازارەكانیان، بەدروستی و بەتەواوی لەسەر ئەستۆی ئەوانە دایە، كە میللەتەكە ئاوی پاكی خواردنەوەیان نییە.

دەبێ ئەو زانیارییە سادانە، ئەو راستییە دروستانە باس بكەین و جەختیان لەسەر بكەینەوە، بەو هیوایەی دەسەڵاتدار و سەرۆكەكان بگەڕێنەوە سەر رێگا و بەرنامە راستەكان.

نابێ بێدەنگ و كڕ بن، چونكە قسەنەكردن مانای مردن و كارەساتە.

زەوییش دەستەخوشکی هەیە

زانیارییەکی نوێم لەسەر گەشتی ئاسمانی زانیوە، ناچاری کردم بابەتێکی لەسەر بنووسم... ئەویش دۆزینەوەی دەستەخوشکی زەوییە، یان بڵێین دووانەی هەسارەی زەوی پەیدا بووە، وەك قسە و بانگەشەی هاوڕێیەکەم، کە لە بەشەکانی تر ئاماژەم پێ دابوو، ئەو وتبووی هەموو مرۆڤێکی دووانەیەکی هەیە، بە رۆح لەکاتی لەدایکبوونەوە لەگەڵی دەژیت. دیارە زەوییش دووانەی هەیە... بۆیە وا باشە پیرۆزبایی لە هەسارە ئەزیزەکەمان بکەین، کە چیتر لەو کەون (کۆسمۆس Cosmos ) و گەردوونە تاقانە و تەنیا نییە، دووانە و هاوڕێ و برادەرێکی بۆ پەیدا بووە.

بەر لە مانگێك لە مانگی ئەیلولی رابردوو، زانایانی گەردوون و فەلەکناسان، ئەو هەسارەیە نوێیە دەدۆزنەوە، زانای فەزایی (ئاستیون فۆت) لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە سانتاکروز، ئاماژە بەوە دەدات بەپێی یاساکانی ناونانی ئەستێرەکان، هەسارە نوێیەکە ناوی گلیسە ٥٨١٩ بەردەکەوێت، ئەستێرەکەش، بە چاوی خەڵك لەسەر رووی زەوییەوە نابینرێت (بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو ئەستێرەیە، ئەگەر سەیری سەر رووی زەوی بکەین، بە چاوانی ئاسایی زەوی دەبینین).

ئاستیون فۆت و پۆل پاتلیر، ئەو دوو زانایە و چەند زانای تر، هەسارە نوێیەکە دەدۆزنەوە و دەڵێن، هەسارەکە کەوتوتە بۆشاییەکی گونجاو بۆ بوون و بەردەوامی ژیان، هەروەها دەڵێن:

– ئەو هەسارەیە، واتە گلیسە، خەسڵەتی نزیك و هاوشێوەی هەسارەی زەوی هەیە، کەشوهەواکەی زۆر سارد و زۆریش گەرم نییە، کەشەکانی گونجاوە، نە زۆر دوور و نە زۆریش نزیکە لە زەوی، شوێنەکەی گونجاوە بۆ ژیان و مانەوە، ئاوی خاوێن و هەوای سازگاری تێدایە. هەسارەکە نە گچکەیە و نە گەورەیە و جازبیەی زۆرباشی نییە.

– به مانایەکی تر، ئەو هەسارەیە، ئەو شوێنەی ئادەمیزادی سەر رووی زەوی، لەدوای دەگەڕێن تا تێدا ئاکنجی ببن و تێدا بژین.

فۆتی زانا دەڵێت، ئەگەری ١٠٠٪ مان هەیە، لەسەر ئەو هەسارەیە، ژیان هەیە، بەوەش دەکرێ بڵێین، دیارە کە زەوییش دەستەخوشکێکی هەیە.

هەندێ لە زاناکان دەڵێن:

ئەگەری ئەوە هەیە، لە نێوان پێنج هەتا شەش هەسارە، یەکێکیان ژیانی تێدا بێت، کەواتە ژمارەیەکی زۆر لە هەسارەکانی گەردوون ژیانیان تێدایە (١).

– رۆژنامەی تیلگراف بریتانی نووسیویەتی کە فەلەکناس و زاناکان کۆمەڵەی خۆری تری وەك کۆمەڵەی خۆری خۆمان، لە گەردووندا هەیە، ماوەی نێوان هەسارەکانی کۆمەڵەکە و ئەستێرە ناوەندییەکە نزیکە لەو هەسارانەی خۆر و سیستەمە خۆرەکە، لێکدادەبڕێت. زاناکان ئەوە دەسەلمێنن، کە مرۆڤایەتی بە دۆزینەوەکانی فەزا دەگاتە قۆناخێکی نوێ، ئەویش قۆناخی گەڕانە لە سیستەمی هەسارەیی نەك دۆزینەوەی ئەستێرەیەك (٢).

---

١. گۆڤاری (بەڕوو)ی زانستی بە زمانی کوردی، هەولێر ٤ی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠١٠ی زایینی.

٢. پاشکۆی زانستی رۆژنامەی (ئەلسەباح)ی رۆژی ٤ی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠١٠ی زایینی، بەغدا.

## چێژی دۆزینەوەکان

هەناسەسوار دەبین و گوێمان قوراخ دەکەینەوە، کە دەزانین دۆزینەوەی نویێ لە بواری فەزا (Universe) دەکرێت، ئەو فەزایەی ئێمە لە خۆشییەکانی بەجێگەیاندنی ئەو دۆزینەوانە بێ بەشین، بۆیەش بوار بە مەزندە و پێشبینەکانمان لە نهێنییەکانی گەردوونە دوورەکان، کە ئێمە بەشێکی تەواوکەرین بدەین.

ئەوەی دەدۆزرێتەوە و دەزاندرێت، ئەگەر زۆریش پێوەی پەیوەندیش نەبین، پێی بزانین یان نەزانین، بۆ ئێمە نامۆ و دووریش نابێت. هەندێ کەس هەیە پەرۆشە زۆرتر لەو بوارەدا بزانێت، ئارەزوو دەکەن لەو دۆزینەوانەدا، هزری جوانیان لەسەر بوونی ژیان لە هەسارەکانی تر هەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکانمان لەسەر شێوە و ئاکاری بونەوەرە زیندووەکانی ئەوێ هەبێت، ئایا ئەوان بونەوەری زیرەك و هەستیارن؟ ئایا لە ئێمە زیرەکترن، یان ئیمە لەوان زیرەکترین. ئەگەر رۆژێك رووبەڕووی یەکتری ببینەوە چۆن بەیەکەوە ئاشنا دەبین؟

سەرقاڵبوون و توێژینەوە لەسەر دۆزینەوە فەزاییەکان، کەمێك لە کێشەکانی سەر زەوییمان دووردەخاتەوە، کە زۆرن و زۆریشیان وەرسکەر و ڤاڵان، چونکە کێشەکان دەستکردی مرۆڤن.

شەیدابوون و پەرۆشی لەسەر دۆزینەوەکان، هەڵاتن و دوورکەوتنەوەی بەرپرسیمان لەسەر هەسارەی زەوی نییە، بەڵکو، پێویستییەکی خۆرسکە و لەپەیدابوونی هۆشی ناوەوەی مرۆڤەوە، ئاوەزی داگیرکردووە: ئەو کێیە؟ بۆ ئەو لەوێیە؟ هەتا کەی؟ دوایی چ روودەدات؟ چ لەپاش ئەو بوونەدا هەیە؟ چ لە دوای سنوورە بی کۆتاییەکاندا هەیە؟ لە پشتەوە... لە پشتی سرووشتەوە چی تر هەیە؟!

ئەو پرسیارە ئەبەدییانە، لە بنی بنەوەی رامانە بەردەوامەکەی مرۆڤ لەنگەری گرتووە، هەتا ئێستاش وەڵامێکی دەست نەکەوتووە،

کەسیش ئازایەتی ئەوەی تێدا نییە، بڵێت ڕەنگە ڕۆژێك بێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە.

مایەی سەرسامییە، هەر هیچ نەبێت، ئاکنجی سەر ئەو زەوییە، بزانێت زەوی هەسارەیەکی دەستەخوشك، یان دووانەیەکی لە دوورەوە، لە دووری ١٢٧ ساڵی ڕووناکی هەیە... ئەو گەردوونە نزیکەی دوو سەد ملیار هەسارە تێدایە، لەوانە نزیکەی چل ملیار ئەستێرەیان ئەگەری ئەوەی هەیە بۆ ژیانی ئۆرگانی گونجاو بێت.

لەو گەردوونەدا، تەنها ئادەمیزادی تێدا نییە، مرۆڤ تاجی بوون نییە، مرۆڤ پاشای ژیان و خاوەنی تاکی ئەو گەردوونە نییە، ملیۆنەها بونەوەری زیندوو بەشداری ئادەمیزاد دەکەن، هەر لە سادەترین شانە و بەکتریاوە، هەتا وردترین و ئاڵۆزترین زیندەوەری تر.

بە مانایەکی ترەوە... ئێمە لەناو کەونێکی مەزنی تژی لە ژیان و نوێبوونەوە و بوون و زۆربوون و زاووزێ دەژین، لە مان و بوون و گۆڕانکارییەکاندا، تەنها وێنەیەکی بچووك، زۆر بچووکمان لەسەر ڕووداوەکانی کەوندا هەیە و بەس.

هەر چەند بە زەرەبینێکی مەزنی گەورەوە، سەیری هەسارەی زەوی و کێشە کۆمەڵایەتییە زۆرەکانی بکەین، پێکەنینمان دێ، بەو دیمەنە بەزەیی و دڵنەواییمان بەو ئاژەڵە گچکەیە دێتەوە، واتە: مرۆڤ، مرۆڤی چەقیوو لەناو زۆری کێشە و ئاریشەکان، کە زۆربەیان مایەپووچ و شیاوی هەڵوەستەیەکیش نین... کە سەیری گەردوون دەکەین، دەردەکەوێت ئەو بونەوەرە، زیندەوەرێکی بچووکی گیراوی ناو تەونی جاڵجاڵۆکەیەکە و بەگاڵتەوە هەڵیدەپەڕێنێت و گەمەی پێ دەکات! مرۆڤ، هەموو کات و وزە و تەمەنی، لە کێشە و ململانێیە لاوەکییە مایەپووچەکان، کە لە چواردەورەی بەسەریدا زاڵن، بە هەدەر دەبات، بۆیەش لە بوونی ئەو گەردوونە جوانە بەرینی نێوان بنی پێیەکانی و سێبەری لەسەر دیوارەکە، هەتا دوورترین ئاسۆ و سنوورە نادیارەکان بێ ئاگایە. ئای بونەوەرێکی چەند نائومێد و داماوە، ئەو مرۆڤە!

ژینگە... ژینگە

بە هەواڵەکانی بایەخدان بە ژینگە و چاکردنی بوارەکانی چاکسازییەکان، دڵم خۆشە، شادومانم، کە دەبیستم کار بۆ گەڕانەوەی سەوزایی بۆ سەر رووی زەمین دەکرێت... زۆربەی هەواڵ و نووچە سیاسییەکان، سەرەنجم راناکێشن، خەریکە چل ساڵ دەبێت، من سەرگەرمی گۆڕانە سیاسییەکان و پەرۆشی هەڵسانەوە و بوژانەوەم، هەر چەندی بوارم بۆ ساز بووبێت، لەو مەیدانانە بابەتم نووسیوە.

لەو رەوتە کۆنە بێزار و ماندوو بووم. پاش ئەوەی کار و چالاکییە سیاسییەکان لە پشتی پەردەکانەوە هاتوونەتە دەرەوە و بە زەلالییەوە ئیشی بۆ دەکرێت. رووداوەکان لەسەر من و کەسانی نەوەکەی خۆم، وەك جاران بەهادار نین، گۆڕانەکان جێگای رامان و هەڵوەستە نین. بەپێی ئەو ئەزموونەی خۆمان و ئیشکردنی ساڵانی رابردوومان لە بواری سیاسەت، زووتر هەست بە گۆڕان و پێشبینییەکان دەکەین. گۆڕەپانی سیاسی ئەگەرچی ئیمرۆ وەك جاران نەماوە، بەئاشکرا و بەڕوونی کاری تێدا دەکرێت، بەڵام بوارەکانی تەسك و سنووردارە .

یاریکەرەکان... هەمان یاریکەرەکانی پێشوون، هیچ گۆڕانێکی بەسەر هزریاندا نەهاتووە، مامەلەکردنیان لەگەڵ پێشهاتەکان نەگۆڕیوە. ئەوەش مانای ئەوە نییە، من بەیەکجاری دەستبەرداری سیاسەت بووم. سیاسەت بەشێکی زیندوو و ئەکتیڤی بوونمانە، ئەوەیان بوویتە راستییەك پێمان خۆش بێت، یان دلگرانیش بین، سیاسەت لەسەر هەموو کردەی رۆژانەی ژیانمان کاردانەوەی هەیە.

بۆیەش من هانی گەنجان دەدەم، بایەخی بە هوشیاری سیاسییەوە بدەن و تێدا قوول ببنەوە، لەسەر بنچینە و پرنسیپەکانی و دوور لە گەمەکردن و پەهلەوانی راگەیاندن و یاریکردن بە دروشم و رستە

ڕەونەقدارەکان کار بکەن، لاسایی قاچاخچییەکان و ڕووکارە کارتونییەکان نەکەنەوە.

سیاسەت، زانست و هونەر و ژیانە. سیاسەت بەر لە هەموو شتێك، توانایە بۆ پەیداکردنی خۆشەویستی و ڕێزگرتنی خەڵك، سیاسەت ڕەنگدانەوەی ویست و هیوا و مەبەستی خەڵکەکەیە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نیشتەجێبوونی گونجاو بۆ هەموو خێزانێك، سیاسەتکردن دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوەیە، بۆ هەموو دانیشتوانان، چارەسەرکردنی ئاریشە و دەردەسەری بێوەژنەکان و مناڵە بیٚ سەرپەرستارەکان و بێکاران، چاکردنی ڕەوشی خوێندنی زارۆکانە، سیاسەت گونجاندنی ڕەوشی قوتابخانەکانە بۆ کەشێکی سازکار و نازدار...

پاش ئەوانە، بە بۆچوونی من، پێشەکی و لە پێش هەموویان سیاسەت بایەخدانە، بە سازکردنی ژینگەیەکی خاوێنی پاکی سازگار و گونجاو بۆ ژیانێکی کامەران، سیاسەت کارکردنە، بۆ چاکسازییەکانی زەوی و چاندن و دروستکردنی باخچە و ستادیۆم. من بەو جۆرە لە سیاسەت دەگەم. ئەگەر منیش وەك هەندیٚ کەس، چەند دروشم و لافیتەی ڕاگەیاندنم بەرز نەکردبێتەوە. بەڵام پاش ئەوەی چڕە دووکەڵە لاوەکییە بەڕەڵاییەکانی سەدەی ڕابردوو، پەخشان بوون، ئینجا خۆرە ڕاستییەکە دەردەکەوێت، ئەو خۆرەی لە خۆشی و بۆ زەوییەکی خاوێن و خەڵکی ئارام و لێبووردە هەڵدێت.

شادومانم، کەواتە من شادومانم گوێم لە کۆششی چاکسازییەکانی ژینگە دەبێت. ئەو زانیاری و هەواڵانەی بەپەلە لە ڕۆژنامەکان چاوم پێیان دەکەوێت، هیوام وایە ڕاست بن:

– دەنووسن چواردەورەی شاری بابل بە زەیتون چاندراوە. زەیتون دارێکی هەمیشە سەوز و بە بەرەکەت و پیرۆزە.

- دەنووسن زانکۆی بەسرە بەرنامەڕێژی کردووە بۆ چاندنی یەك ملیۆن دارخورما. خورما، جاران سەرمایەکی گەورەی عیراق بوو، ژمارەی دارخورماکانی دەگەیشتە نزیکەی ۳۲ میلۆن دار، بەڵام ئەو ژمارەیە، دەرئەنجامی شەڕەکان و کەمتەرخەمی خزمەتکردنیان، بۆ نیوەی ئەو ژمارەیە کەم دەبێتەوە، کەواتە ئێستا ژمارەیان تەنها شازدە ملیۆنە.

- دار بچێنن، بچەقێنن، ئاویان بدەن، چاودێرییان بکەن، دارەکان خزمەت بکەن، دار لە کوردستان یان باشوور و لە هەموو گۆشەیەکی سەر رووی زەمین بچێنن.

سەرەتاکانی ویلکیس

پاش دابڕانێکی کورت... بە هەڵوەستە و رامانێکی خێرا، لەسەر دۆسیە و بابەتێکی گرینگ، وا دووبارە گەڕامەوە سەر نووسینی گۆشەکەم، ئەویش چوار سەد هەزار بەڵگەنامەی نهێنی ئەمریکی لەسەر شەڕی عیراقە، کە لە پێگەی ویکلیس بڵاودەکرێنەوە، ئەوەش پرسیاری زۆر گەورە دەوروژێنن، چونکە عیراقییەکان پێش هەموو کەسێك پەیوەستیان بەو بەڵگەنامانەوە هەیە.

پرسیاری یەکەمی ورووژێنەر: بۆ ئەو بەڵگەنامە ئەمریکییە نهێنییانە لە بریتانیا بڵاودەبنەوە؟ بۆچی واشنتۆن بڵاوینەدەکردنەوە؟ چۆن ئەو بەڵگەنامانە کەوتنە بەردەست؟ مەبەست لە بڵاوکردنەوەیان چییە، دانەری پێگەی ویکلیس لە دیمانەیەکی میدیایی لە رۆژی شەممەی ٢٣ی ینایری ساڵی ٢٠١٠ی زاینی وتوویەتی، من نهێنییەکان ئاشکرا دەکەم!؟ مەبەست لەو کارە کێیە؟ ئایا مەبەستی سوپای ئەمریکی و حکومەتی واشنتۆنە؟ یان مەبەستی حکومەتی بەغدا و دەزگاکانیەتی، یان مەبەستی ئیران و سوریایە؟... چونکە ناوی ئەوانە هەموو، لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە.

– مەبەست لە باسکردنی لایەنە قەزایەکە چییە، دانەر و سازکەرەکانی پێگەکە، لە کۆنفراسێکی میدیادا وتبوویان، دەبێ لە تاوان و دەستدرێژییەکان بێدەنگ نەبین، بکەرەکان بدرێنە دادگا، ناکرێ لە ئەشکەنجەدان و گرتووخانە و کوشتن و لەناوبردنی هەزارها کەسانی سڤیل، لەبەردەم خاڵەکانی پشکنینی سوپای ئەمریکی، دەرکردن و ئاوارەبوونی هەزارەها خێزان بێدەنگ بین، ئەوانە و هەزارەها پێشێلی تری مافەکانی مرۆڤ کە لە عیراق کراون، بدرینە دادگا و تاوانباران بەپێی یاساکان سزای توند بدرێن.

– باشە بۆ ئێستا، زووتر ئەو بەڵگەنامانە بڵاونەدەکرانەوە، چونکە تاوان و پێشێلکارییەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ی زاینەوە، هەتا ئەو نزیکانە بەردەوام بووە؟ ئەوانە پەیوەندیان بە پێکهێنانەوەی دەوڵەتی

عیراقی و پرۆسەی دامەزراندنی حکومەتی عیراقییەوە هەیە، کە لە پاش هەڵبژاردنی مانگی ئازاری رابردووە دیار نییە، بڵاوبونەوەی ئەو بەڵگەنامانە پەیوەندییان بەو رەوشانە چییە؟ ئایا مالیکی چەند لە پێکهێنانی حکومەتەکە سەرکەوتوو دەبێت؟ ئەوانی تر چەند دەتوانن ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن؟ ئایا بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە پێکهێنانی حکومەتەکە دوادەخات یان لزگینی دەکات؟

پرسیارەکان زۆرن، رامان لەسەر شێوەی پێکهێنانی حکومەتی عیراقی ئێستا و حکومەتی ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردووش زۆرن.

ئەشکەنجەدان بەر لەو بەڵگەنامانەش کراوە و ئاشکراش بوون

هۆڤیانەی کۆلۆنیالی بریتانی

وەزارەتی مافەکانی مرۆڤی عیراقی لە رۆژی ٢٣ی تشرینی یەکەم، لە بەیانێکدا وتوویانە، دەرچوون و بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی ویکلیس هیچ کردەیەکی شاراوە و شونبزری ئاشکرا نەکردووە .

ئەگەر وەڵامەکەش ئیجابی بێت، ئەوەش کارەساتێکی ترە.... ئەوەش پرسیارێکی تر دەورووژێنێت: کەواتە رۆڵ و هەڵوێست و کاردانەوەی وەزارەتەکە لەکاتی روودانی پێشێلکاریەکان چی بووە؟ ئایا وەزارەتەکە ئاگاداری هیچ لایەنێکی حکومەتی عیراقی یان دەوڵی لەسەر ئەو پێشێلکارییانە کردوتەوە؟ دیارە لایەن و قەوارە سیاسییە عیراقییەکان دەنگدانەوەی زۆری لەسەر ئەو بەڵگەنامانە دەبێت، دەکرێ ئەوەش لە بوار و هەڵوێستە سیاسی و میدیاییەکان وەك کارتێك بەکاربهێندرێن.

تێبینییەکی سەرەنجراکێش دەردەکەوێت، یەکێك لە پەیڤدارانی پێگەی ویکلیس، لە پرێس کۆنفراسێکدا لە لەندەن، باسیان لە هۆڤیانەی کۆلۆنی بریتانی، لە وڵاتە کۆلۆنییەکانی بن هەژموونی بریتانیا کردووە، عیراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کۆلۆنی ئەوان بووە.

ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت، کە عیراق، تا ئێستاش، لەناو پاشماوە نەگەتیڤییەکەی کۆلۆنی بریتانی بووە، شێوازی ( پەرت بکە و زال بە، فرق تسد)ی لەناو پەیڕەو کراوە؟ واتەی پەیڤدارە بریتانەکەش، ئەوە دەگەیێنێت، کە دەسەڵاتدارانی عیراق، هەتا ئیمڕۆش قوتابی قوتابخانەی کۆلۆنی بریتانین؟

بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان، بە دروستی ئاماژەیان بە چالاکییەکانی سوپای ئەمریکی و ئیدارەی داگیرکەری ئەمریکی لە سەردەمی (برێمەر)ەوە هەیە، چونکە پەیڤدارەکان، زۆرتر جەخت لە پێشێلکاری سەر عیراقییەکان دەکات. یەکێك لە پەیڤدارەکان، بەردەوام باس

لەوە دەکات بەرپرسەکان بدرێنە دادگا و لێکۆڵینەوەی یاسایی و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام کام دادگا؟ لە کوێ؟ لە بریتانیا؟ یان داوا بکرێت دادگایەکی نێونەتەوەیی تایبەت بە تاوانەکانی شەڕ لە عیراق ساز بکرێت؟ دادگاکان داوای کێ بکەن؟ چۆن ئەوانە دەستنیشان دەکرێن؟ پرسیارەکان بەردەوام دەبن و کۆتاییان نابێت.

ئایا کاتی ئاشکرابوونی هەموو مەسەلە شاراوەکان هاتووە؟

پێش ئەوەی ویکیلس بەڵگەنامەکانی بڵاوبکاتەوە، سەدان هەزار بەڵگەنامە لەسەر شەڕ و پێشێلکارییەکانی ئەفغانستان بڵاوکراونەتەوە. سەرچاوەی ئەوەش خۆرئاوا و ئەمریکا بووە. بۆ ئێمە هەر چاوەڕوان بین خۆرئاوای ئەوروپی و ئەمریکی نهێنییەکان ئاشکرا بکەن. بۆ... دەبێ چاوەڕوان بکرێت، دەزگا و پێگە و رۆژنامەگەری ئەمریکی و ئەوروپاییەکان، رووداوەکانی ناو وڵاتەکانمان بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوان رووداوەکانی ناوماڵ و پشت ماڵەکانمان بڵاوبکەنەوە؟ بۆ ئەوان بەردەوام لەسەر رووداوەکان پێشەنگ و پێش ئێمە، هەست بەوە دەکەن و باسی ئێمە دەکەن؟

بۆ ئەمریکییەکان شێوازەکانی ئەشکەنجەدانی دیل و گیراوە عیراقییەکانی ناو گرتووخانەی ئەبو غریب لە عیراق بڵاودەکەنەوە؟ بریتانییەکانیش نهێنییەکانی ئازاردانی گیراوە عیراقییەکان بە دەستی بریتانییەکان بڵاودەکەنەوە. بۆ هەر ئەوروپییەکان پەیوەندییە نهێنییەکانی حکومەتەکانیان، بەو دەزگایانەی چەك و چەکی کیمیاوییان بە رژێمی عیراقی فرۆشتبوو، ئاشکرا دەکەن؟ ئەوانیش بوونی جینوساید و قڕکردنی هەرێمی دارفۆری سودان ئاشکرا دەکەن؟ ئەوانیش دادگایەکی نێونەتەوەیی ساز دەکەن، بۆ دادگاییکردنی بەرپرسە سودانییەکان، ئەوانەی لەو کۆمەڵکوژییەدا بەرپرسن، فەرمانی گرتنی سەرۆکی سودانیش دەردەکەن.

ئایا چی تر دادگای جنائی دەولی، وەك دادگایە دەولییەکەی تیرۆرکردنی سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان ڕەفیق حەریری، پێکدەهێنرێت؟

باشە، ئەگەر ناکرێت، بایەخی بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە چییە؟ یان ئایا بڵاوکردنەوەکە، خۆی لە خۆییدا جۆرێکە لە سازکردنی دادگای مەعنەوی و ڕاگەیاندن، لەبەردەم ڕای گشتی جیهانی؟

سیاسییەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی تریش، باش لە ئەگەری ڕاپێچکردنیان لەبەردەم دادگای نێونەتەوەیی، لەسەر پێشێلکارییە ترسناکەکانی مافەکانی مرۆڤ، دەزانن چ دەگەێنێت. کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بابەتی لەو جۆرە بڵاودەکەنەوە و ئاماژە بەو دادگایانە دەدەن، ئەوان لەرز دەیانگرێت، چونکە باش دەزانن، ئەوە مانای کۆتایی ژیانی سیاسییانە.

وادەزانم خوێندنەوەی ئەو جۆرە بەڵگەنامانەی کە پێگەی ویکلیس بڵاوی کردونەتەوە، بایەخدارترە، لە لێکۆڵینەوەی مەیدانییەکانی کە بەرپرسی تێدا ون و شاراوە دەکرێت. لە ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٩ی زاینی کردەی زۆر ناڕەوا و نەگریس لە عیراق ڕوویانداوە، کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوانە بکات. هێزە ئەمریکی و بریتانییەکان، دان بەوە دادەنێن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش، بەڵام ئەوەی عیراقییەکان دژ بەیەك ئەنجامیانداوە، هیچ بیانوو و سازشێکی بۆ نییە، باشە عیراقییەکان لەو کێسەدا چ دەڵێن، بەرامبەر خۆیان چ دەبێژن؟!

بوژانەوەیەکی تری گلاسنوسیت

گلاسنوسیت، ئاشکرایی، ویکلیس

بزاڤی بروسترویکا (گۆڕان) لە سەردەمی سەرۆکایەتی گورباتشۆف لە یەکێتی سۆڤیەت بڵاودەبێتەوە، هاوشانی ئەو بزاڤە دیاردەیەکی تری نویێ بە ناوی (گلاسنوسیت)، واتە ئاشکرایی و زەلالی و شەفافیەت.

سەرەتا ئەو دیاردەیە بریتی بوو، لە ئاشکراکردن و کردنەوەی ئەرشێف و دۆسیە نهێنییەکان، لەبەردەم هاولاتیان و رای گشتی لە دەرەوە و ناوەوەی ولات. ئاشکرابوون و دەرکەوتنی لزگینی ئەو راستییە شاراوانە، لە یەکێتیی سۆڤیەت و ولاتانی بلۆکی ئیشتراکی و ولاتە هاوپەیمانەکانی گۆڕانی زۆر پەیدا دەکات. گۆڕانەکان سەرەتا، ئاشتیانە یان بە شەڕ و رابوون، بە رووخانی مۆلگە و قەلاتە سەختەکانی دیکتاتۆریەت دەست پیێ دەکات، وەك لە رۆمانیا چارەنووسی سەرۆکەکەیان شاوشیشکۆ و هاوسەرەکەی بە مەرگ دەگات، هەروەها شەڕ و ململانێیەکانی ولاتانی بەلقان، هەلوەشاندنەوەی یوگوسلافیا، ئەو دەولەتە گەورەیەی لیێ دەکەوێتەوە. ئەو پرۆسەیەش هەتا ئیمرۆش بەردەوامە، لە مۆزمبیق، کۆماری یەمەنی دیموکراسی میللی (عەدەن)ی پێشوو، کە دواتر لەگەلێ حکومەتەکەی سەنعا لە سالی ١٩٩٤ی زاینی یەکدەگرنەوە، ئێستاش لە سودان و عیراق و فیلیپین و پاکستان و ئەفغانستان و سومالێ و زۆر ولاتی تریش نزیکە.

– پێگە ئەلکترۆنی (ویلکیس) دەروازە و پەیوەندییەکی نویێ، لە ئاشکرایی و شەفافیەت و زەلالی دەکاتەوە، سەدان هەزار بەلگەنامەی نوێی ئەمریکی تایبەت بەو شەڕانەی دوایی نێوان سالانی ٢٠٠٣ هەتا ٢٠٠٩ی زاینی بلاودەکاتەوە، پرۆسەی لزگین و گەورەی بەلگەنامەکان لەلایەن ویلکیس ئاماژە بەوە دەدات، بلاوکردنەوە و ئاشکراکردنی بەلگەنامەکان دەکریێ بەخێراییش بکرێت، نەك وەك جاران ماوەیەکی زۆر و چەندین سالێ بخاێنێت ئینجا بلاوبکرێتەوە.

دیارە کە (سینگ و هەناسەی جیهان) بە بڵاوبونەوەی و ئاشکراکردنی نهێنیی و ڕووداوەکان، تەنگ و سوار دەبێت، واتە چیتر نهێنییەکان بە دزی و شاراوەیی نامینێنەوە، جیهان کەوتووتە ناو ماڵە شووشەیەکی تەنکی ڕوون، هەموو نیگا و کەسێك دەتوانێت بیانبینێت، ئەوەش ژان و کەسەری داخ لە دڵ و چەوساوە و بەلەنگاز کەم دەکاتەوە، ئەوانەی بەبێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت، ئەوانەی بێ گوناحن و ئەشکەنجە دەدرێن، بەوەش سنوور لە بەردەم زوڵمی تاوانباران دادەنرێت.

کەواتە ئێمە لە زەمانێك نزیك دەبینەوە، چیتر نهێنییەکان ناشاردێنەوە، کەسیش ناتوانێت بە دزی تاوان و دەستدرێژی بکاتە سەر خەڵك.

ئایا ئەوەش جێگای سەرسوڕمان و سەرسامی و نەمرییش نییە ! ؟

شەیدابوون بەدوای هۆشمەندی

زیوەر خەتاب، نووسەر و رۆشنبیرێکی گەورەی هەولێرە، نووسینی زۆرە، بەڵام کەم بڵاودەکاتەوە، پێش ئەو پێناسەیە، ئەو خوێنەرێکی باشیشە. لەگەڵ ڕێزی زۆرم، لەورۆژانە دوو کتێبی خۆی پێشکەشکردم.

١. بیرەوەرییەکی هزری، هەولێر ٢٠١٠.

٢. هەڵبژاردەیەك لە خوێندنەوەکانم، هەولێر ٢٠٠٨.

هەردوو کتێبەکەی ئەو، بە پوختی و بە شەفافیەتی هزری نووسراون، نووسەر تێبینییەکانی لەسەر خوێندنەوەی کتێبەکان و ڕووداوەکان نووسیوەتەوە، بابەتەکانی سیاسی بن، یان باس لە یارییەکانی ئۆلۆمپی و فوتبۆلی جیهانیش بێت. ئەوەی بەرهەمەکانی بخوێنێتەوە، یان دیمانە و ئاخاوتنی لەگەڵدا بکات، دەردەکەوێت، ئەو کەسێکی ڕاستگۆیە و ڕامانەکانی بەڕوونی و بەئاشکرا دەردەبڕێت... ئەو بە ئیجابییەوە بەشداری ژیان دەکات و بایەخ بە هەموو شتەکان دەدات.

بە دڵسۆزییەوە پەیڤ و پەندی گەورە زانا و نووسەرە گەورەکانی بواری ئەدەب، هونەر، فەلسەفە، زانست، موزیك، شانۆ، سیاسەت و بوارەکانی تر دەڵێتەوە، لەنێوان دێرەکانیش پەیڤ و بۆچوونەکانی دەنووسێتەوە. بۆ نمونە دەڵێت:

– من لەماڵەوە دانیشتبووم و گوێم لە گۆرانی (افرح یا قلبی، دڵخۆش بە دڵەکەم)ی ئوم کلسوم دەگرت، لە پەنجەرەکەمەوە کۆترێکم لێوە دیار بوو، چواردەورەم هەموو کتێب بوو، وتم: ئەوانە هاوڕێیەکانی منن، ئەوەیە جیهانی من.

– ئەو ڕۆژەی خاتوونە پاکستانییەکە (بینزیر بوتو) تیرۆر دەکرێت، زیوەر خەتاب نووسیویەتی، ئیمڕۆ ئەو ژنە کوژرا، زووتریش باوکی و براکەشی دەکوژرێت... ئەوەیە... ئەو باسی کتێبێکی ئەو ژنەی بە

ناوی (کیژەکەی قەدەر) کردووە، ژولفەقار عەلی بوتوی باوکی، بەو شێوەیە باسی کیژەکەی کردووە: (ئەو ژنێکە وێنە و نمونەی نییە). بە مردنەکەی ژنەکە دەیسلمێنێت نمونەی نەبوو.

– دایکی بینزیر، بەڕەچەڵەك لە بنەماڵەیەکی کوردی کرماشان بووە.

– زیور خەتاب، بەو شێوەیە باسی کتێبەکەی فوکویاما: کۆتایی مێژوو و دوا پیاوەکەی کردووە. هەروەها دەڵێت سەرمایەداری، کۆتایی مێژوو نییە... هەتا مرۆڤ مابێت، مێژوو لە هیچ سنوورێك ناوەستێت، مێژوو مێژووی ئادەمیزادە.

– نووسەر زۆر هەڵوەستە و رامانی لەسەر تەها حوسێن، جەواهیری، تۆلستۆی، کازانتزاکی، و زۆری تریش هەبووە، پەیڤەکانیان دەگێڕێتەوە و بە مامۆستای مەزنیان دەزانێت. لە رۆژی ١١ی مانگی یونیۆی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی نووسیویەتی: ئیمڕۆ یاری جامی جیهانی فوتبۆل لە باشووری ئەفریقیا دەست پێدەکات، منیش بەردەوام دانوستان و ململانێ لەگەڵ خودی خۆم دەکەم. دوێنێ بەرسڤی پەیڤێکی شەکسپیرم دایەوە: هیچ و مایەپووچە، ئەگەر مرۆڤ، ببێتە قەیسەرێك، مەزنبوون لەوەدایە، مرۆڤ بە کارێك، هەموو کارەکان تەواو بکات. منیش وتم، ئەو کارە چییە هەموو کارەکان تەواو بکات؟ زۆریش بیرم لەو کارە گرینگە کردەوە و دەرئەنجام وتم: دەکرێ مرۆڤ هەتا دوا وزە، ئاوەزی بەکاربهێنێت، هەروەها دەکرێ مرۆڤ بەر لەوەی لە دونیا دەربکرێت خۆی تێدا دەرباز بکات. ئەوەش هاوشێوەی ئەو پەیڤەیە: بمرن بەر لەوەی بمرن... یان پەیڤێکی تر هەیە دەڵێت: ئەوەی دەیەوێ نەفسی خۆی بسازێنێت هیلاکی دەکات. ئەوەی هیلاکیشی دەکات، دەیدۆزێتەوە.

له حیکمەتەوە: رازینەبوون لە نەفس

ئەوەی من لەسەر رووناکبیری گەورە و پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار (١٩٣٠_٢٠١٠)ی زاینی، ئەوەی لەورۆژانە ماڵئاوایی لێ کردین، وتوومە، نە پرسە و نە پێداهەڵدانە، کەسێکی وەك ئەو، شایستەی ئەوەیە رۆژانە یادی بکەینەوە، چونکە ئەو ئەدەب و کولتوورەکەمان بە شاکارە گەورە و وەرگێڕان و بەشدارییە راستەوخۆییەکان لە بوارە رۆشنبیری و هونەرییەکانی پایتەختا، هەتا دوا ساڵەکانی بەرچاو و باڵکێش کردبوو.

بەرهەمە هەرە مەزن و دیارییەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی لە چەند بەرگێکدا بوو، تێدا تۆمارێکی وردی شرۆڤەکراوی، هەر لە سەدە کۆنەکانەوە، هەتا سەردەمێکی زۆر نزیکیش، خستووتە بەر دەستی قوتابیان و مامۆستایان، ئەو وەك ئەکادیمییەکی سەنگین و رۆحێکی ئەدەبی دەناسرا.
کەم کەس هەیە، بتوانێت هەموو هیوا و بەرنامەکانی جێبەجێ بکات، هەر چەند کۆشش بکات، هێشتا هەندێك لە بەرنامەکانی بە ناتەواوی و خەون و هیواکان دەمینێنەوە.

کۆچکردوو، سەرەڕای کارە ئەکادیمییە زۆرەکان و توێژینەوەکانی، بەرهەمی زۆریشی لە گۆڤارە ئەدەبییەکان بڵاودەکردەوە. دوو ساڵ بەر لە ئێستا، گلەیی و رەخنەی لەسەر خۆی هەبوو، کە هەندێك لە بەرهەم و خەونەکانی تەواو نەکردووە... ئەو هیوای وابوو، هەتا لە ژیاندا ماوە چەندین پرۆژە تەواو بکات.

من بەو رامانەی ئەو، سەرسام بووم، باشە لەو هەموو بەرهەم و کارە جوانانە، چی مابوو تەواویان بکات، ئەو کار و بەرهەمی زۆری هەبووە، لەبەرخۆمەوە دەمووت: هێشتا چی ماوە و هیوادار بووە تەواویان بکات؟

ئەو دەیووت: لەبەر ئەوەی نەگەیشتووتە هەموو هیوا و بەرنامەکانی، بۆیە، لە ژینی گشتی و نووسین دادەبڕێت. لە دیمانەیەکی ئەدەبی بینیم، لەسەر ئەو قسەیە لێم پرسی: تۆ بەرهەمت زۆرە. وزە و دەسەڵاتی مرۆڤیش سنووردارە. من وا دەزانم تۆ ئارەزوومەندانە ناتوانیت لە نووسین بکشێیتەوە.

بەپێکەنینەوە وتی: بەڕاستی ناتوانم وازبهێنم. لە ئەنجامی پێداچوونەوەیەك لەگەڵ خودی خۆم، بیرم لەوە کردەوە، بەڵام من پەرۆشی ئەوەش بووم، لە بوار و مەیدانەکانی داهێنان دوورنەکەومەوە، بەڵام توێژینەوە ئەکادیمییەکان زۆرتر کاتم دەگرن و سەرقاڵم دەکەن.

منیش وتم: ئەو توێژینەوانەش داهێنان و شاکاری زۆری تێدایە.

مارف خەزنەدار، بەردەوام وتاری بۆ ڕۆژنامەکان دەنووسی و بەشداریشی دەکرد لە بوارە گشتییەکانی ژیان، بەتایبەتی لایەنە ڕۆشنبیرییەکە. ئەو گەشبین و بە بەرهەمیش بوو. ئینجا هەر رەخنە و گلەیی لەسەر کار و بەرهەمەکانی هەبوو، تا رادەی ئەوەی لە خۆی رازی نەبوو.

مردن، دەتوانێت هەموو کەسێك لە داهێنان و ئیشکردن دابیڕێت، بەڵام ڕووناکبیرێکی وەك مارف خەزنەدار، نووسین و بەرهەمەکانی و خوێندکارەکانی ئەوانەی پەروەردەی دەکردن، نووسەرە گەنجەکان ئەوانەی لەو فێردەبوون گەشاوە دەمینێتەوە.

جارێکی تریش گیڤارا

نهێنی بەردەوامی مەعنەوی هەر مرۆڤێك چییە، بۆ یاد و ناوهێنانی دەمینێتەوە، بە تێپەڕبوونی زەمانیش زۆرتر گەشەدارتر دەبێت؟

بە چ ناوێك دەبیتە (ئەفسانە)، چی ئەو ناوە دەکاتە سومبڵ؟! تەنها وشەیەکە؟ یان بە بایەخدانی خەڵك ئەفسانە دروست دەبێت؟ یا شاکار و مەزنی کردەوەی مرۆڤەکەیە؟ یان فاکتەری تر هەیە؟

گیڤارا (ئەرنستو گیڤارا)، شۆرشگێرە ئەرجتینییەکەی هەتا سەرکەوتنی شۆرشەکەی کوبا لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەشداری دەکات، لە ساڵی ١٩٦٧ی زاینی، بەشداری شۆرشی پۆلیڤیا دەکات، لەوێش دەگیرێت و لەلایەن تیمێکی سەربازی لە رۆژی ٨ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی گوللەباران دەکرێت، بە کوشتن و نەمانی ئەو، شۆرشە نێونەتەوەییەکە کۆتایی نایێت، ناوەکەی ئەو دەبێتە رەمز و هێمای گەنجانی یاخی، گەنجە سەرکەشەکانی هەموو کیشوەرەکانی ئەمریکا و ئەوروپاش... هەر ئەو پیاوە دەبێتە کەرەستەی فیلمێکی سینەمایی بەڵگەنامەیی بە ناوی (تشی... پیاوە نوێیەکە) (١) و لە فیستیڤاڵی تورنتۆی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی خەڵاتی باشترین فیلمی بەڵگەنامەیی وەردەگرێت، فیلمەکە هاوکات لە کوبا و ٣٣٣ی هۆلی نمایشی سینەمایی لە جیهان نمایش دەکرێت، لەوانە هۆلی سینەماکانی ئەرجنتینیش.

فیلمەکە دیمەنێکی تێدایە، گیڤارا، بە دەنگی خۆی شیعرێکی شاعیری پیرویی سیزار ڤاییخو، وەك پەیامێکی ماڵئاواییکردن لە دایکی، بۆ رۆیشتن و بەشداریکردنی لە شۆرش و ژیانی خەڵکی کۆنگۆ، دەخوێنێتەوە.

لەو بەڵگەنامانەی لەو ساڵانە دەردەکەون و دەبینرێن، دیارە کە گیڤارا لە ساڵی ١٩٦٥ی زاینی، لە گەرمەی شەڕی ساردا، نووسیویەتی: (یەکێتیی سۆڤیەت ئەگەر بەو هەنگاو و بەرنامەیەدا

بڕوات بەرەو قۆناخی سەرمایەداری دەچێت). کە گیڤارا لە کوبا دەڕوات، نامەیەك بۆ ڤیدل کاسترۆ دەنێرێت، لەناو بەڵگەنامەکان، نامەکە کە بەدەستخەتی خۆیەتی ماوە، لە دێڕێکی نامەکە گیڤارا بۆ کاسترۆ نووسیویەتی :

(ئاسنا لاڤیکتوریا سییمبری: واتە: هەتا هەتایی بۆ سەرکەوتن)، ئەو رستەیە ئێستاش دروشمێکە، لە بەردەم بارەگای سەرۆکایەتی پۆلیڤی و ئەرجەنتینی هەڵواسراوە. دیارە فیلمەکە سەرەنجراکێش و بالکێشە، کامیلوی نەوەی گیڤارا، لەسەر فیلمەکە وتویەتی :

(ئێمە دەزانین زۆر لە بەڵگەنامەکان کاردانەوەی مەزنی لەسەرمان هەیە، کاردانەوەکەی زۆرتریش دەبێت، لەسەر ئەو کەسانەی بۆ یەکەمجار دەیانبینێت).

گیڤارا بڕوای بە بەردەوامی شۆڕش و رابوون دژ بە زۆرداری و چەوسانەوە و کۆلۆنیزم هەبوو... بۆیەش پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکەی کوبا، وچان نادات، بەشداری شۆڕشەکانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی دەکات. ئەو کەسێکی راستگۆ بوو، کاری بۆ ئەو بەرنامەیەی بڕوای پێ بوو دەکرد، قسە و کردارەکانی وەك یەك بوون .

یەکێك لە ستوون و جومکە سەرەکییەکانی بوونی ئەفسانە و دروستبوونی راستگۆییە، ئەو لە هەموو کاروبارەکانی ژیان و هزر و خەونەکانیدا مەسداقیەتی تێدا بووە، هەروەها بایەخی بە هەموو وردەکارییەکانی چواردەورەی خۆی داوە. ئەو بڕوای چۆن بوو، بەو شێوەیەش دەژیا، ئەگەر شۆڕشەکانیش سەرناکەون، بەڵام بەڵگەنامەکان، ئەو لە بیرەوەری میللەتان بە نەمری دەهێڵێتەوە.

---

[1]. پاشکۆی (هونەرەکان)ی رۆژنامەی (ئەلسەباح)ی رۆژی ٢٤ی مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠١٠ی زایینی.

ئەوەیان، لە پەپوولەیەك تێبگەن

ئەگەر لە هەندێ لە نهێنییەکانی ژیان تێنەگەیشتوون، سەیری بەهرەی خۆرسکی پەپوولە بکەن، دوا تویژینەوە بەو شێوە باسی ئەو باڵدارەی کردووە: (گوڵ و درەخت، خەسڵەتی تایبەتی پزیشکی و تەندروستیان هەیە و لەوانی تری جیادەکاتەوە).. ئەوە مانای چییە: پەپوولە، بەهرەیەکی خۆرسکی رەسەنی تێدایە، دەزانێت کام گوڵ لەرووی پزیشکییەوە باشترە.... ئایا ئەوەش مانای ئەوە نییە، ئادەمیزاد چاو لە پەپوولە بکات، بزانێت لەسەر کام گوڵ و رووەکی تر دەنیشێت و شیلەکەی هەڵدەمژێت، بەوەش دەزانێت کامیان لەڕووی تەندروستییەوە سوودبەخشترە؟!

دەتوانن ئەوەش بە چەندین ئاراستە و نیگاوە شرۆڤەی بکەن. باشترە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا پەپوولە بەهرەیەکی تایبەتی تێدایە، بۆ ناسینەوەی رووەك؟! دەکرێ قسەیەکی لێ بکەین، هەڵوەستەیەك لە زانست و زانیارییەکانی پەپوولە بکەین. ئەوەش بە کردەوەیەکی رێژەیی دەکرێت. هەموو بونەوەرێکی زیندوو، بە پلە و ئاراستەیەك مامەلە لەگەڵ ژینگە دەکات، بە خۆرسکییەوە دەزانێت، کامیان چاکە و کامیان پەسەند نییە؟ کامیان بە سوودن و کامیان زیاندارن؟

وادەزانم، مرۆڤ، هێشتا لە دوای پلەی هەستکردن هاوبەشن، لەگەڵ چواردەورەی سرووشت، کەمتریش هەست بە بوونی زیندەوەر و گیانداری تر دەکەن. بۆیەش بەڕەمەکی و کوێرانە سرووشت کاول دەکات، خاپووری دەکات، دەرئەنجام ئەو کردە ناپەسەندانەی بەسەردا دەگەڕێتەوە و زیانی لێ دەداتەوە.

عارفە مەتەسەوفەکان، لە ناوەڕۆکە زانستییەکانی هاوکێشە وردەکانی سرووشت نزیکترن، دەبێ لەو هاوکێشەیەش تێبگەیت و رێزی بگریت. هەندێ لە رێنمایی و فەرموودەی عارفە مەتەسەوفەکانی وەك گاندی و شەهابەدینی سەهروری و پێغمبەرەکانی وەك زەردەشت، مرۆڤ، بە

ڕێزگرتنی گیانداران و پێزانینی دیاردەکانی سرووشت، بە قووڵی، وەك شانازی و کاریگەریی و ڕووناکییەکانی خالیق، پێناسەی دەکەن .

ئەگەر ئادەمیزاد، ڕوو لە دەرخستە و ئامانجەکانی زانست و زانیارییەکان بکات، دەبێ ئەویش هەمان کردەوە بکات، دیاردەکانی سرووشت هەراسان و سەخڵەت نەکات، ئارەزوومەندانە و لەسەر مەزاجی خۆی بەبێ توێژینەوە و زانیارییەکانی ژێرزەوی و سەر زەوی، بیرێك لێ نەدات، چ ڕوودەدات و دەرئەنجامەکان چ دەبن، ئەگەر بیرێك بتەقێتەوە، بیرێکی پترۆل بتەقێتەوە، هەروەها بیری کانزایەکی تریش، چ ڕوو دەدات، ئەگەر کەلەن و کوونێکی گەورە لەناو زەوی پەیدابوو. ئەوانە پەیوەندییان بە چینەکانی بنەوەی زەوییەوە چییە، ئەوانە فاکتەری بۆمەلەرزەکانن...؟ لەبەر ئەوەیە بورکانەکان دەتەقنەوە؟ پرسیارەکان زۆرن و وەڵامدانەوەیان ئاسان نییە... وەڵامەکان تەنها لەلای (بیردۆزە فیزیاییەکەی پەپوولەکەیە)، چەند باڵەفڕەی پەپوولەکان کاردانەوەیان لەسەر هەڵکردنی با و باهۆزەکان هەیە... هتد!؟

## بەشی چوارەم

## فەلسەفە لە بن پێی ژنانە

- گەڕانەوەی سەرمەدی
- رامان دەروازەی حیکمەتە
- هاری پۆتر
- کەون ئامێرێکە بۆ تەئمل
- تاوانی من بوو لە بەهەشت دەرکرام
- لە ئازادی رۆشنبیرییەوە
- موزیك خۆشیی و چارەسەرییشە
- هاوسۆزی لەگەڵ پارچەیەك موزیك
- هۆشمەندی ئیلهام دەبەخشێتە موزیك
- تۆی کتێب
- سرووشت دەرد و دەرمانیشە
- مریەمی پاکیزە
- ئازاری کەس مەدە
- ئازادییە رۆشنبیرییەکە لە هەموویان بایەخدارترە
- داهێنانی ژنان لە چەندین بواردا
- فەلسەفە لەبن پێی ژنانە
- حیکمەتی ژن
- هیباشا زانایەکی ماتماتیك و فەیلسوفیش بووە

**فەلسەفە لەبن پێی ژنانە**

**گەڕانەوەی سەرمەدی**

**گەڕاینەوە هەمان بازنەی پێشوو، سەر زەوییەکە و چوارچیوە و هەوا و ئاوەکەی... هیچ دەربازبوونێکی لە گێژاوەکەی (گەڕانەوەی ئەبەدی) لە بیردۆزەکەی فریدریك نیتشەدا نییە، ئەو بیردۆزە فەلسەفییەش لە زەردەشتی حەکیمەوە وەرگیراوە.**

**لەبەرئەوەی گۆی زەوی لە چواردەورەی خۆی دەسوڕێتەوە، پێکهاتەی خۆریش لەسەر سووڕانەوەکەی بەردەوامە، هەسارەکانیش تێدا مەلەی خۆیان دەکەن... کەواتە هەموو شتەکان، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگەڕێنەوە، سەر خاڵی خۆیان و بازنەکەی خۆیان.**

**ئەگەر ئادەمیزاد، بیر لە بوون و پێگەی خۆی بکاتەوە، لە ڕەوشە سادەکەی بیر بکاتەوە، زۆرتر خاکی دەبێت و دەزانێت ساتەکانی فیز و زلبوونەکان، چەند مایەپووچ و بێ مانایە، بیانووش بۆ لووتبەرزییش نییە.**

**ناکرێ لە بەردەم ئەو گەردوونە فراوانەدا لووتبەرز بیت، تۆ چیت لە بونەوەرەکانی تر جیاوازە؟ ئایا دەتوانیت بۆ ئەو گەردوونە بەخشندە بیت، لەو بوارەدا شتێکی بۆ زیاد بکەیت... یان غروریی بریتییە لە گەورەترین بەهەدەردانی ژیان.**

**تۆ، ئەی ئادەمیزاد، تۆ بەکارهێنەرێکی سادەی سرووشت و خەڵکەکەی... تۆ گەنم و ئاو و دارەکان و میوە و ئاژەڵ و قوماش و ئاوی باران و هەنگوین و پترۆلی بەرهەمهاتووی ژێرزەوی، ئەوانە و کانزای تریش بەکاردەهێنیت. تۆ بەرهەم و داهاتی مرۆڤ و سرووشت، زۆر بە زیادەڕۆییەوە بەکاردەهێنیت.**

**ئەگەر تۆ کەسێکی بەرهەمهێنەریش بیت، ئەوە بەرهەمەکەت کەمە و لە بەرامبەر ئەو سامانەی بەخۆرایی لەبەر دەستت ئامادەکراوە زۆر کەمە... تۆ بەکارهێنەرێکی داماو و شێتی، یان بڵێین مشەخۆریت،**

کەواتە لەسەر چی و بۆ مەغرور و لووتبەرز دەبیت؟ لەسەر چی و لەپای چی لەسەر خەڵکەکە لاف لێ دەدیت، خۆت لەسەر خەڵك و بونەوەرەکان بە زلتر دەزانیت. لە چییەوە ئەو لاف و گەزافە ناشیرینە، لەسەر خەڵکی تر لێ دەدیت... لەسەر ئادەمیزاد و دار و درەخت و باڵندەی کێوی و دار و دەوەنی دەشت و چیا، لەسەر هونەرمەندان و عارفەکان و کرێکار و شوان و گوڵزارەکان؟

تۆ سووکتر و بچووکتری، تۆ لاوازتر و ترسنۆکتر و بە تەماحتری... تۆ لەسەر پەیژەی بوون زۆر دواکەوتوویت، لەبەر چ فیز و لووتبەرزی لەسەر کەسانی ترەوە دەکەیت، هەموو ئەوانە، لە نەزانینێکی رەشەوە هاتووە !؟

لە کێوە هاتوون، گەڕاینەوە هەمان خەت و بازنە. ئەگەرنا سەرەتایە دروستە راستەقینەکە، نەدیار و نەزانراو دەردەچوو. با بەو نەزانین و نەفامییە هەموو کایە و پێشهاتەکانی چواردەورەمان بناسین.

دەکرێ سەرەدێری ئەوە، بە سەرەتای بابەتێك بزانین. هەر چەند بنووسین هەر دەگەڕێینەوە سەرە دێرەکە، وەك چۆن کۆتایی شەو سەرەتای رۆژە. ئەگەر شەو کۆتایی نەبێت، هەرگیز رووناکی و رەنگەکانی سرووشت نابینین، رەنگ و رووناکییەکان تیشکی خۆرە، بە هاتنەوەی سەرەتا و دەستپێکی رۆژەوە پەیدا دەبن. سەرەتای شەوەکان هەتا دەگاتە کۆتاییەکانی، ئێمە بەرەو سەرەتای رۆژمان دەبات و ئەویش بۆ شەوێکی ترمان دەبات.

رامان دەروازەی حیکمەتە

ئەگەر خوێندنەوەی ئەو بابەتە، تەنها سێ خولەکی ویستبێت، (بە گەردوونەوە) ماوەی ١٢٥٠٠ کم لە خاڵی سەرەتای خوێندنەوەکە دوورت دەخاتەوە.

ئەو زانیارییەی زانایان، لە روانگەی فەزایی فەلەکی (هابل)ی ماوەبەسەرچوو، وەریانگرتووە، کە گەردوون بەردەوام و هەموو چرکەیەك حەفتا کیلومەتر لێکدەکشێتەوە، ئەو لێکشانەوەیەش سێزدە هەزار ملیۆن ساڵە بەردەوامە، کەسیش نازانێت، ئەو دیاردەیە چەند و هەتا کەی بەردەوام دەبێت. ئەو لێکشانەوەیەش مانای ئەوەیە وەستانی نییە، رەنگە جوولەی داهاتووشی گرژبوونەوە بێت.

ئەو زانیارییانەش، وا لە ئادەمیزاد دەکات، لەسەر گەردوون رامان و هزر بکات، بە دروستی لەسەر کەون و بوون: ئەو چۆنە؟ بۆ پەیدابووە، هەتا کەی دەمینێتەوە؟ ئێمە بۆ خۆمان بەرامبەر دوو بۆچوونین:

یەکەم: بوون و پێگەی مرۆڤ لە بووندا لاواز و سادەیە.

دووەم: ئەگەرچی ئادەمیزاد لاواز و کەمدەرفەتە، بەڵام مەزن و شکۆداریش دەردەکەوێت. چونکە بیردەکاتەوە و رامانی هەیە، دەیەوێ راستی ئەو بوون و گەردوونە بزانێت.

ئەگەر زانیار نەبین، ناتوانین رامانمان هەبێت... فێریش نابین. فێربوون یەکەم پرۆسەیە. چونکە بە زانست، دەتوانین بەردەستەکان و ئاسۆکانی رامانمان فەراهەم بکەین.

بەڵام رامان و تەئمل گرینگترە، هەر بە رامانە ئاوەزی ئادەمیزاد گەشە دەکات.

رووناکبیری بۆسنی عەلی عیزەت بیگۆڤیتش وتوویەتی: (شارستانیەتی فێر دەکرێت)، بەڵام رۆشنبیری (پێویستی بە تەئمل

هەیە)... (تەئملیش هەژموونێکی ناوەوەیە، بۆ ناسینی خود و شوێنی مرۆڤ لەو جیهانەدا)، تەئمل چالاکی و کردەیەکی جیاوازە لە فێربوون و فێرکردن.

تەئمل رێگایەکە، بەرەو حیکمەت و خاوێنی و دڵنیایی و بوارێکە بۆ پاکبوونەوەی ناوەوە (جوانی). هەروەها ئەو دەبێژێت: (تەئمل تاوانەوە و شۆربونەوەی ناو خودە، کۆششە بۆ گەیشتن و دۆزینەوەی ناسنامە و حەقیقەتی بوونمان)...

**هاری پۆتر**

یەکێك لەو راپۆرت و نووسینانەی لەسەر رۆمانی هاری پۆتری نووسەری ئینگلیزی (جی. کی. رولنگ) نووسرابێت، راپۆرتەکەی (وئیام عەلی رەشید، رۆژنامەی تاخی رۆژی ٢٣ی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠١٠ی زاینی) بوو، کە باسی پیرۆزییە مردارکردنەکانی ناو رۆمانەکەی کردبوو: عەباکەی شاردنەوە، گۆپاڵە سیحراوییەکە، کەڤری ژیانەوە، ئەوانە نهێنین و دەکرێ دەستبەر بکرێن (مردن راوبنرێت و لەبن دەستەکانی دووربکەویتەوە).

لە هەموویان خۆشتر ئەوەیە، هاری پۆتریش شوێنێکە، جادووگەرە بەدکارەکە، بەشێکی رۆحی تێدا شاردوتەوە، ئەویش تا خەڵکەکە دەرباز بکات، دەبێ گیانی خۆی بکاتە قوربانی .

فەلسەفە و هزرە ئاوێتەکەی ناو رۆمانەکە، بە قوربانییە سەخییەکانی ناو مێژووی مەعنەوی مرۆڤایەتی دەچێت، وەك ئامادەیی ئیبراهیم (سەڵامی خودای لێ بێت) بۆ قوربانیدان بە ئیسحاقی کوڕی، قوربانی مەسیح (سەڵامی خودای لێ بێت) بە هەڵواسینی لەسەر خاچ.

ئاراستەیەکی تر لەو رۆمانەدا بەرجەستەیە، ئەویش خەونە دێرینەکەی مرۆڤە بۆ نەمری و دەربازبوونی لە مردن، هەروەها رۆمانەکەی فاوستی شاعیری ئەڵمانی گوتەی تێدایە. سەبارەت بە ریزبەندی رووداوە درامابیە تێکهەڵکێشەکان، لە رۆمانی هەزار و یەك شەوەدا نزیکە... رۆمانی هاری پۆتر، داستانێکی مرۆڤایەتی هاوچەرخە و ئارەزووە سادە سەرپێیەکان و هیوای مەزن و مەبەستی پیرۆزی دێرینی تێدایە.

وەستانی رۆمانەکە لە بەشی حەوتەمی، رەنگە ئاماژەیەك بێت بە ژمارە (٧)ی میسولوژیا و ئەفسانە و حیکایەتە خۆرهەڵاتی و خۆرئاواییەکان، بوون و کەونیش مانەوەی هەمیشەییەکەی لە حەوت

سینگەکەی (ئاڤاتارا)، کە بەردەوام لە ناو جۆرەها جەستە و نژاکان سەرهەڵدەدات و نوێ دەبێتەوە.

کەون ئامێرێکە بۆ تەئمل

مەزنی مرۆڤ، بەو قەوارە بچووکە و پێگەکەی لە کەون، لەوەدایە، کە دەتوانێت تەئمل بکات، کۆششی هەستکردنی بە بوون لەو ژینگە بەرینە گەورەیەدا هەیە، ئەو هەوارەی سنوورێکی بەرجەستە دیاری ناکات.

کەواتە مرۆڤ، دەیەوێ ئەو جیهانە بێ کۆتاییە، وەك چۆن لەناو هزرییدا بوونی هەیە بەرجەستە بکات، بوونی بروخێنێت و داگیر بکات.

ئایا لەسەر هەسارەی زەوی، لەسەر ملیۆنەها هەسارەی تر، تەنها ئادەمیزاد، توانای تەئملی ناوەوە و ئیدراکی ناسینی حەقیقەتەکانی هەیە، تەنها مرۆڤ؟! ئایا حەق بە خۆمان دەدەین، خۆمان هەڵخەڵەتێنین و بڵێین و بڕوا بکەین، تەنها ئێمە، دەتوانین ئەو گەمە زەهنییە زۆر ئاڵۆزە پیادە بکەین؟!

یان لەناو بونەوەرەکان و گیاندارەکان، هەتا دار و بەرد و رووبار و باڵندەکان و ئەوانی تریش، بونەوەرەکان، هەموویان توانای ئەوەیان هەیە هەست بە بوون بکەن؟

ئەگەر مەزندەی ئەوە بکەین، بەتەنها مرۆڤ خاوەنی ئەو موعجیزەیە بێت، ئەو کەونە بکاتە بیابانێکی وشکی ترسناك، بەس شەپۆلەکانی هزر و هەستەکانی ئەوی تێدا بجولێتەوە.

ئەگەر بە بینینی ئێمە، مەزندەی ئەوە بکەین، هەموو بونەوەرە زیندووەکان و بێ گیانەکان و ئەوانی تریش، دیار و نەدیارەکان، توانای تەئمل و ئیدراکیان بە شێوەیەك لە شێوەکان هەبێت، دەگەینە ئەوەی کەون، ئامێرێکی وردە بۆ بیرکردنەوە و تەئمل، دەزگایەکی مەزنە، بۆ بەرهەمهێنان زانست و هونەر، کتێبێکی کراوەیە، گەورەتر، لە هەموو کتێبە بڵاوکراوەکان و ئەوانەی دواییش بڵاودەبنەوە...

ئینجا کەون، لەناو هزری ئێمەدا دەبێتە، چەندین تابلۆی جوان و داهێنەر و دۆزینەوە و گۆڕانی سوپرایز... بەوەش ئەگەری ئەوە هەیە، کەون، لەسەر ئەو شێوازە تژی دەبێت، لە جوولە و خشە و دەرکەوتنی وزەی بگۆڕ، بۆ شێوەی ناجێگیر، چونکە هەموو شێوەیەك، یان حاڵەتی وزەش بۆ وزەی تر، یان بۆ مادەی تر دەگۆڕێن، ئیتر بەو جۆرە...

کەواتە، ئێمە بەتەنها نین، هەستکردن بەوەش دڵمان دەداتەوە و وەحشیەتی کەون و ترسناکییەکانی، کاتی بوونمان دەڕەوێنێتەوە.

تاوانی من بوو لە بەهەشت دەرکرام

راکردن لە بەهەشت

لەبەر هەڵە و لاسارییەکانی دراونەتە، پاڵ داپیرم و باپیرمەوە، ئادم و حەوا، من لە بەهەشت دوورنەخراومەتەوە.

هەڵەی خۆم بوو، لە بەهەشت دەرکراوم، باپیر و داپیرە ئەزیزەکەم تاوانیان نییە.

بۆچی تاوان و گوناحەکانی خۆمان، دەخەینە پاڵ ئەوانەی لە پێش ئێمەوە هاتوون؟ ئێمە بوارماندا حەزرەتی مەسیح (سڵاوی خودای لێ بێت) بەتەنها خاچەکە لە پشت بکات؟

ئەگەر ئادەمیزاد ئارەزوویەتی و پەرۆشە بچێتە بەهەشت، بۆ خەڵکمان لەو مافە رەوایەیان بێبەش کرد؟

ئێمە دەبوایە بەر لەوەی ئیبراهیم (سڵاوی خودای لێ بێت) قوربانی بە ئیسحاقی بدات، قوربانییەکە بدەین، بۆ بوارمان بەو دا، قوربانییەکەمان بۆ بدات؟

ئێمە خۆمان بێدەسەڵات و لاوازین دەرحەق بە مان و بوونمان، هەر زوو بوار دەدەین خەڵکی تر قوربانیمان بۆ بکات.

کرێکارەکانی ناو کانەکان، لەناو کۆڵانە تاریکەکانی ژێرزەوی ساڵانە رەنج دەدەن، لەو شوێنە ترسناکانەدا، لەجیاتی ئێمە و بۆ دۆزینەوە و فەراهمکردنی خۆشییەکانی ئێمە کار دەکەن.

ئەوانەی لافاو لە پاکستان ماڵەکانیان رادەماڵێت، بۆ ئێمە قوربانیان داوە، ئەگەرنا ئێمە، پێش ئەوان، دەبووینە قوربانی تۆفانەکەی دوایی.

زاناکان، بۆ دۆزینەوەی هەتوان و چارەسەری نەخۆشییە درێژخایەنەکانمان، لە کونجی تاقیگەکانیان بەنهێنییەوە دەمرن و پێکی مونا و هیوا لە گەرمەی شادومانی دۆزینەوەکانیان هەڵدەدەن.

ئەدی ئەوانەی لە دیار تەئملی وەجوود بێدارن، چاوەڕوانن ساتەکانی حەقیقەت پرشنگەکانی پەخشان بکات، هەتا کۆتایی کەون، دەیانەوێ قومی شیلەی ئەزەلی بخۆنەوە...

ئەوانە و زۆریش لەو کەسانەی، بەخۆڕایی، پاش سەرگەردان و دەربەدەرییەکی زۆر، بۆ دۆزینەوەی بواری گەڕانەوەمان بۆ بەهەشت، کۆشش دەکەن، ئێمەش یاخیین و نامانەوێ بگەڕێینەوە بەهەشت.

بەهەشت لەبەر چاومانە، لێدانەکەی لەگەڵ لێدانی دڵی ئێمە دایە، لە پێشەوەمان دەڕوات، بەڵام ئێمە ناتوانین هەستی پێ بکەین، چونکە تارمایی کوێری، دیدە و بینینی بردوین، نەزانین، گوێی داخستووین و بوار نادات موزیکی وەجوود ببیستین.

له ئازادی رۆشنبیرییەوە

موزیك، ئینجا قەدەغە بێت یان شیرین بێت، هێشتا لە بەغدا (پایزی ساڵی ٢٠١٠ی زاینی) ئاخاوتنی لەبارەوە دەکرێت، هەر بوارم هەبووبێت، من هەڵوەستەم لەسەر کردووە. ئەوەش ناشارمەوە من بە تەواوی و زۆریش لایەنگیری موزیکم، چونکە موزیك، هونەرێکە لە هەموو بوارەکانی تری هونەر، لە رۆح و سرووشتەوە نزیکە.

نازانم ژینمان چۆن شیرین دەبوو، ئەگەر موزیك و ئاواز و شادییەکان نەبوایە.

من لە ناخەوە پشتیوانی و هاوڕێیەتی هونەرمەندان و ئەدیبانی بەغدا و هەموو عیراق دەکەم، ئەوانەی داوا دەکەن ئاهەنگە موزیکییەکان، شانۆگەرییەکان ئازاد بکرێن، پەیکەرەکانی کۆلیژی هونەرە جوانەکان و پەیکەرەکانی سەردەمی سومەر و کلدان و ئاشوور و ئەکد و ئەوانی تریش، نۆژەن بکرێنەوە، ئەگەر کەلەپوورەکەمان نەناسین، ناتوانین و ناکرێ، پەیڤ لەسەر شارستانیەتی میزوپۆتامیا بدەین.

ئاوەز، ناتوانێت لەسەر داخستنی یانە کۆمەڵایەتییەکان و سەرکوتکردنی ئازادییە تایبەتییەکان، مات و بێدەنگ بێت. ئازادی تاك، بنچینەی ئازادییەکانە، ئازادیە کۆمەڵایەتییەکانیش پێشەنگی هەموومانە.

زانایانی ئیسلام، رێزی هونەری موزیکیان گرتووە و لەسەریان نووسیوە، یوسف بن ئیسحاقی کەندی کۆچکردووی ساڵی ٨٧٣ی زاینی بەرامبەر ٢٥٨ی کۆچی، ئەوەی ٢٣١ کتێبی نووسیوە، لەوانە حەوت کتێبی تایبەتی بە موزیکی نووسیوە، نامەیەکی لەسەر موزیك نووسیوە، هەتا ئێستاش هەڵگیراوە، ئەوەی شایانی باسە، کەندی لەسەر فەلسەفە و فەلەك و دەروونناسی و ژمێریاری و ئەندازە و سیاسەت و زانستی سرووشت و زۆر لە زانستی تری نووسیوە.

ئەبو نەسری فارابی کۆچکردوو لە ساڵی ٩٥٠ی زاینی بەرامبەر ٣٣٩ی کۆچی، هونەری موزیکی باش زانیوە، وەك هونەر و دەسترەنگینی ئیشی تێدا کردووە، چەندین ئامێری موزیکی داهێناوە، ئاوازی داناوە و لەسەر چەند ئامێریش موزیکی ژەنیوە، هەندێك جار خەڵکی گریاندووە، پێکەنینی خولْقاندووە و هەروەها تەئملیش...

چۆن لە بەغدا پاش بیست و یەك سەدە، قسە لەسەر قەدەغەکردنی موزیك و ئاهەنگ و خوێندنی دەکرێت؟

حەکیم و پسپۆرەکان دەڵێن: ئازادییە رۆشنبیرییەکان پێش ئازادییەکانی تاکە، گرینگتریشە.

موزيك خۆشيی و چارەسەرييشە

گوێتان لەو پەيڤە بووە، كە موزيكی مۆزارت، كاريگەری لەسەر ميوەی مۆز هەبووە و شيرينتری كردووە ؟

ئەوەش لە وڵاتی ژاپۆن تاقی كراوەتەوە، مۆزيان لەبەر ئاوازی ئەو موزيكسازە مەزنە داناوە، شيرين بووە.

ئەوەشيان سەيروسەمەر نييە. ماوەی چەند ساڵە، قسە و ئاخاوتن لەسەر كاريگەری موزيك لەسەر چارەسەری مرۆڤ كراوە، موزيك لەرووی دەروونی و جەستەيی هەتوانی مرۆڤ بووە، دەڵێن موزيكی مۆزارت كاريگەی باشی لەسەر نەخۆشييەكان دڵ و نەخۆشی تريش هەبووە.

لەو ساڵانە، لە بەرلين سەردانی دكتۆرێكی ئەڵمانم كرد، دكتۆرێكی كوردی كوردستانی توركياش هاوكاری بوو، چارەسەرييەكەم ماوەی يەك كاتژمێر سڕبوونی دەويست، هێشتا من لە هۆش خۆم نەچووبووم، دكتۆرەكە وتی موزيكی بۆ لێبدەن، ئەوانيش پارچە موزێكی مۆزارتيان بۆ لێدام، كە دكتۆرە ئەڵمانەكە، زانی من چێژ لەو ئاوازە وەردەگرم، پارچە موزيكەكە دەناسم، دڵی خۆش بوو. دكتۆرە كوردەكە وتی: زۆر باشە دكتۆرەكە و نەخۆشەكەمان تام لە هەمان پارچە موزيك وەردەگرن، پاش چارەسەرييەكەم و وريابوونەوەم، گوێم لێ بوو، هێشتا موزيكەكەی مۆزارت، بە هێمنييەوە، لەناو قاوشەكانی كلينكەكە دەنگی دەدايەوە.

ئەگەرچی بيتهۆڤن كەڕ دەبێت، بەڵام ئاوازی ناسك و نازدار بۆ سوناتاكانی دادەنێت، لە هەموويان ناودارتر و ناسراوتر، پارچە موزيكە پێنج دەقەييەكەيە، بەو ئاوازە سادەيە، قسە ناودارە نەمرەكەی دەكات و دەڵێت: ئەوەيە ژيان.

ئەو مەبەستی بووە بلێت ژیان، کاروانێکی نەپساوە و بەردەوامە لە سۆزی موزیك، بەڵام مرۆڤ ئەو راستییە نازانێت، کردەوە و چالاکییەکانی رۆژانەی لەو هونەر مەزنە دادەبڕێت.

کەواتە موزیك، نەمر و جێگیرە و بەردەوام بوونی هەیە، بەڵام ئێمەی ئادەمیزاد، لەو هونەرە دادەبڕێن و دووردەکەوینەوە. موزیك هونەری پلە یەکە، موزیك لە کەونەوە هەڵقوڵاوە، ئاسایی و لەسەرخۆ و ئازادانە هەڵدەرژێت. موزیك هونەری خۆرسك و خۆکردە.

هەروەها موزیك گوزارشتیشە، گوزارشت لە بوون دەکات، سازییشی بۆ دەکات. ئازادییەکانی موزیکژەنین و گوێگرتن و تام و چێژوەرگرتنی موزیك، یەکەم مافە لە مافەکانی رادەربڕین.

ئەوەی ماف بەخۆی دەدات ئەو مافە پێشێل بکات، جوانترین بوونی ئینسان ناشیرین و مردار دەکات.

## هاوسۆزی لەگەڵ پارچەیەك موزیك

حیکایەتێکی تر لەسەر موزیك و پزیشکی. ئیبنی سینای دکتۆر و فەیلەسوف، دەیزانی موزیك هونەرێکی گرینگە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان.

بەڵام من ئێستا، باس لە نوژدارێکی ئەو سەردەمە دەکەم، من میوانی چەند هاوڕێیەك بووم لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویژ، لەوێ، دەبوایە بچمە کن دکتۆرێك، هەندێك پشکنینی ورد لەسەر ئەندامانی جەستەم بکەم، دکتۆرەکان ئامۆژگاری ئەوەیان بۆ کردبووم.

نوژدارە نەرویژەکە، کلینکێکی گچکەی هەبوو، دکتۆرێکی کیژێکیش هاوکاری دەکرد. کە دکتۆرەکە پشکنینەکانی بەناز و لەسەرخۆ تەواو کرد، منیش بەنازەوە هەڵسام ماڵئاوایی لێ بکەم، دکتۆرەکە وتی راوەستە، دەستی بۆ ناو جامخانەکە برد، سیدییەکی دەرهێنا و پێشکەشی کردم و وتی :

فەرموو گوێ لەو موزیکە بگرە.

لەجیاتی دەرمان وتی ئەو چەپکە موزیکت دەدەمێ. هاورێیە وەرگێرەکەم وتی :

ئەو سیدییە ئاواز و ژەنینەکانی خۆیەتی، بە دەستی خۆی و بە هاوکاری ئەو کیژە سازیان کردووە .

ئەو لەجیاتی دەرمان، ئاوازێکی پێشکەشکردم، لەودەمانە ئەو دەیزانی هێشتا پێویستم بە دەرمان نییە.

لە ماڵەوە، گوێم لە ئاوازەکانی دکتۆرەکە راگرت، تێدا خۆی کیژە هاوکارەکەی موزیك دەژنن، لەناو دارستانێکی جوان گۆرانی دەچڕن... دیارییەکەم پێ جوان بوو، لەگەڵ خۆم هێنامەوە.

رامانی زۆرم لەسەر ئەو هەموو نهێنینانە دەکرد، کە ئێمە دەرکیان پێ نابەین، ئای لەو جیهانە چەند بەهرە و سۆزی مرۆیی زۆرە!

ئای ئەو جیهانە، ئاوێتەیەکی هەمەڕەنگی چەند هەژییە! هونەری موزیك چ وزە و هەژموونێکی رۆحی تێدا خەملیوە، کە دکتۆرەکانیش وەك هونەرمەندان داهێنان و جوانییەکانی پەخشان دەکەن!

ئەگەرچی من ئەو دکتۆرە نەرویژییەم یەکجار بینی، بڕواش ناکەم دیمانەی ترمان ببێتەوە، بەو ئاوڕدان و دیارییە موزیکییە، دەبێتە هاوڕێیەکی شیرین و خۆشەویستم، دیمانەکە و دیارییەکە مانای ئەوەیە، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانی زمان و جوگرافیا و کولتوور و شارستانیەتی نێوانمان، هەستم کرد، چەند بەگەرمییەوە هاوسۆزی بە دڵ و بە گیان لەناو ئادەمیزادا هەیە، ئەوەش دەبێتە کەمەری رۆحی نادیاری بەستانەوە، بۆ هەتوانکردنی برینەکان، بەبێ ئەوەی هۆشمان لە خۆمان بێت و پێی بزانین.

ئەوانەی لە بەغدا، موزیك قەدەغە دەکەن و تەنگی پێ هەڵدەچنن، بۆنەکانیان رادەگرن و پەردەپۆشی دەکەن، هەر ئەوەندەیان پێ دەڵێم، تەسەوف (پاش ئەوەی لەناو جیهانی ئیسلام پەیدا دەبێت)، دەبێتە فاکتەری بەهێزی نەدیاری ئەو ئاینە، دەبێتە فاکتەری بڵاوبونەوەی و جێگیربوونی ئەو ئاینە، بەڵام لەلایەن زۆر کەسیش، دان بەو راستییە دانانێن و بە فاکتەری گەشەی ئاینی ئیسلامی نازانن.

راستە ئەگەر بڵێین، تەسەوف هونەریشە، تەنها فەلسەفە و تێگەیشتن و باڵابوونی رۆح نییە، تەسەوف، داکوتان و بەریشەبوونی نەفس و خالیقە.

هونەری موزیك هاوسۆزی سرووتەکانە، حاڵەتەکانی هەموو تیم و تایەفەکانی تەسەوفە، لەناو تیمەکانی تەریقەتی مەولەوی، شمشاڵ و دەف زۆر بەکارهاتووە، تەنبوور و عودیان هەبووە، ئەوانە و لەناو سۆفییەکان، تیمی کۆڕاڵ هەبووە (ئەویش هونەرێکی مەزنە و دەگاتە ئاستی موزیك)، ئەوەش جۆرێکە لە شێوەکانی گوزارشت و تەرتیل و رەجا و پاڕانەوە.

هۆشمەندی ئیلهام دەبەخشێتە موزیك

ئازادییەکان و کەسایەتی و مرۆڤ، بەبێ موزیك گەشە ناکات.

من نازانم، چۆن بێ موزیك دیموکراسیەت بوونی دەبێت و دەچەسپێت، نازانم مانای چ دەگەێنێت سیستەمی دیموکراسی ئەگەر هونەرەکانی موزیك و پەیکەرتاشی و شانۆ بخنکێنێت! ؟

ژیان، سەکۆیەکی گەورەی نمایشی شانۆیە، شانۆش بەشێکی ژیانە. شانۆش، بەر لە هەموو شتێك گوزارشتە، بە وشە و جوولە و موزیك و شێوە و رووکارەکانی دیکۆر. شانۆ، هەموو جۆرەکانی هونەری تێدا کۆدەبێتەوە.

ئەگەر هەناسە و چاوەکانی شانۆ و شانۆکارانتان بڕی، ئەوە بەشێکی گرانبەهای ژیانتان خنکاند، خیانەتتان لە ئەمانەتی ژیان کرد.

دووبارە، دەگەڕێمەوە سەر فارابییە مەزنەکە، پەرۆشی و خۆشەویستی بۆ هۆشمەندی، بە موزیك، گران و دەوڵەمەند کردووە. دەڵێن ئامێری موزیکی زۆری دروستکردووە و بنچینەکانی ئەو هونەری داڕشتووە (١).

هەندیك وتوویانە، فارابی ئامێرێکی وەك ئامێری قانونی دروستکردووە، دەبێ ئەو قانوونەی ئێستا لەلایەن ئەوەوە دروستکرابێت (٢).

فارابی، دوو کتێبی لەسەر موزیك هەیە، یەکێکیان شرۆڤەیەکی زۆری لەسەر بیردۆزەکانی زانستی ئاوازەکان کردووە، خۆرهەڵاتناس و زانا کورسجارتن، پشکنین و شرۆڤەی کردوون.

ئەو سەبارەت بە فارابی وتوویەتی :

ئەو ئەزموون و بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی هەبووە، لاسایی کەسی نەکردوتەوە. ئەو شێوەکانی دەنگ و هاوسەنگی و چینەکانی وەستان، جۆرەکانی ئاواز و کێش و بەزمەکانی ڕووندەکاتەوە .

دەڵێن ئەو، کتێبێکی لەسەر شێوازی و گۆڕانی زاناکانی موزیك نووسیوە، تێدا هەڵەکانی راستکردونەتەوە، ئاماژەی بە کەماسییەکانیان لەو بوارە داوە (٣).

ئەوەی لە زانستە سرووشتییەکان، زانای یۆنانی ڤیپاغۆرس و قوتابییەکانی باسیان نەکردووە، ئەو شرۆڤەی کردون، ئاماژەی بە هەڵەکانی ئەوان، لە بواری دەنگی هەسارەکان و ئولفەتی ئاوازە موزیکییەکان داوە و بۆی راستکردونەتەوە.

فارابی، لە پیشەسازی موزیك و کارکردن، گەیشتووتە مەبەست و بەدروستی سازی کردووە، بە مەرجێك پێویستی بە دەستکاری و وردبونەوەی نەبێتەوە (٤).

ئەگەر زانا و فەیلەسوفێکی وەك ئەبو نەسری فارابی کۆچکردوو لە ناوەندی سەدەی دەیەمی زاینی، بایەخی بە موزیك و سازییەکان و ئاوازەکان دابێت، کەی رەوایە! لە سەدەی بیست و یەکدا گەمارۆی بخرێتەسەر، کەی ئەوە لۆژیکێکی دروستە؟! کەواتە فارابی و قوتابییەکانی بە یازدە سەدە لە پێش ئیمەوە بوون.

---

(١,٢,٣,٤)سەیری کتێبی مێژووی فەیلەسوفەکانی ئیسلام بە زمانی عەرەبی لە نووسینی محەمەد لوتفی و جومعە، دەزگای العلم للجمیع بکە.

تۆی کتێب

حەقیقەت هیچ کتێبێکی نییە!...

حەقیقەت، لە ڕووانگەی ڕێبوارانی عیرفان و تەسەوف، لووتکە و مەبەستە. باڵاترین و دوورترین گەیشتنە، وەك وەجوود شاراوە و ونە، بۆیەش کەسی گەیشتوو، ناتوانێت ئاخاوتنی لەسەر بکات، بە نهێنی ناوی دەبەن، بۆیەش نابێ و (ناکرێ) ئاشکرا بکرێت.

حەقیقەت، لە زانست و بیردۆزی زاناکان، هەموو دۆزینەوە و دەرئەنجامی کار و تەئمل و پشکنینە بەردەوامەکانیانە.

تەئمل، بنچینەیەکی بنەڕەتی گەیشتنە بە حەقیقەت، ئینجا بە رامان یان بە عیرفان بێت، یان بە ئەزموون و تاقیکردنەوە زانستییە و لێکۆڵینەوە ورد و قووڵەکانیشەوە بێت.

(حەقیقەت هیچ کتێبێکی نییە)، ئەوە بۆچوونی هەندێك لە عارفەکانە، عارف و گەیشتوو، کتێبە، هەر چی بڵێت حەقیقەتە. چۆن دەتوانێت و وزەی بیرکردنەوە، لە کوێ هێناوە بۆ گوزارشتکردن لە حەقیقەت؟ سەرچاوە و ژێدەرەکەی چییە، کێ بڕوابوون رۆحییەکەی پێ بەخشیوە، وا ئازایانە و بێ باك، لە هەموو گازاندەیەك گوزارشت لەسەر حەقیقەت دەکات؟

سەرچاوەکە هەر خۆیەتی، ئەو خۆیەتی، کانییەکەی بۆ هەموو بونەوەرێك پەخشندەیە، دەستکراوەیە و چاکە، لەگەڵ هەموو شتێك دەکات و خۆشەویستی و دڵۆڤانییەکەی دەبەخشێتەوە... ئەو ئامادە و سازە، هەتا رووی پەنجەرەکانمان بەرەو سرووەکانی ئیلهام کرابێتەوە.

ئەوەی رۆح، لەناو ئەو کەونەدا دەکات، هەموو ساتێك ئامادەیە ئیلهامپەخش بێت، ئەو، وەك ئاوازێکی موزیکە، هەندێك بەسۆزەوە گوێی بۆ رادەگرن، هەندێکیش بە هەردوو دەستیان کونی گوێچکەکانیان دەگرن، تا نەیبیستن. ئارەزووەکە، لەکن خۆتە و

ئازادیت. ئەوەیە نهێنییەکانی ئازادی هەڵبژاردن و ویستن. دەتوانیت چەپ یان راست رێ بکەیت، دەتوانیت گوێ لە سرووەی ئاواز بگریت، یان گوێچکەکانت بەڕووی ژاوەژاوەکەی ئەو جیهانە دابخەیت.

حەقیقەت هیچ کتێبێکی نییە، چونکە تۆ خۆت کتێبی، موزیکیش هەتا ئامێریك نەیژەنێت پەخش نابێت. تۆ ئامێری... تۆ شمشاڵ و گیتار و دووزەڵەی، تۆ دەف و کەمانچەی... تۆش وردە پەنجەی و دەیتوانیت لەسەر ژەنینی وشە موزیکییەکان رایبهێنیت.

تۆ کتێب و پێنووسی. تۆ ئاوازیشی، ئینجا خەمگین و بێزار دەژیت، یان تۆ کەسێکی وێڵی سەرگەردانی سەرچاوەی ئاوازێکی.

جیاوازی نێوان کتێب و وشە لەکاتی دەربڕیندایە، ئەوە لەلایەك، لەگەڵ کتێب و وشەیەکی پرشنگداری وریای بەردەوامیش، بەندە، بە دووری و نزیکی سەرچاوەی ئیلهامەکە، ئەوەی لێوەی دەربچێت، راستییە. ئەوەش نهێنی ماونەوەی کتێبێکە، لەگەڵ کتێبێکی تر، یان بەردەوام ئەو رستەیە بەرامبەر رستەیەکی تر. ئەوانەش دەتوانن دەرکاندنی راستییەکە بگەیینە هەموو وەرگرێك، ئەوەش پەیوەندی بە زەمان و شوێن نییە. فەیلەسوفی ئینگلیزی برتراند رسل وتوویەتی، زانای فیزیایی ئالبرت ئینشتاین، ئاوێتەیەکە، لە کەسایەتی و بلیمەتی فەیلەسوفی یونانی ڤیپاغۆرس و ئەللیدی ئایدی، دەزگای کڵێسای زانستی کریستیانی. ئەو کڵێسایە، مەزهەب، یان رێچکەیەکی کریستیانییە و باوەڕدارەکانی خۆی فێر دەکات، نەخۆشییەکانیان تەنها بە دوعا و نزا و پاڕانەوە لە رەب چارەسەر بکەن، داواشیان لێ دەکات ئەو رەوتە پەیڕەو بکەن.

هزری ئەو بیرۆکەیە، لەو پەیڤەیەوە نزیکە، کە وەرگرتنی ئیلهامە (ئەوەش چاکبوونەوەیە)، بەندە بە نزیکی و دووری لە سەرچاوەی ئیلهامەکە.

سرووشت دەرد و دەرمانیشە

جان دورینگ، مامۆستایەکی گەورەیە، توێژینەوە لەسەر موزیکی خۆرهەڵاتی دەکات، لە ساڵی ١٩٤٧ی زاینی، لە هەرێمی ئەلزاس لە فەرەنسا لەدایکبووە، کار لەسەر موزیکی کلاسیکی ناوچەکانی کوردستان و ئێران و ئازەربیجان و تاجیکستان و ئەزبکستان و بلوژستان و پاکستان دەکات، کتێبێکی بە ناوی (موزیك و عیرفان) لەسەر ئەو بابەتە نووسیوە، کتێبەکەی تایبەتە لەسەر موزیکی کلاسیکی عیرفانی ناوچەکانی کرمنشان لە کوردستانی ئێران (١)، بەدرێژی باسی ئامێری تەنبووری کردووە، چونکە ناوچەکە بەو ئامێرە ناسراوە، مێژووەکەی بۆ زۆرتر لە پێنج شەش هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، هونەرمەندی شارەزا و لێهاتووی تێدا هەڵکەوتووە.

دورینگ، لەسەر زاری یەکێك لە عارفەکان دەگێڕێتەوە، (کە موزیك زمانی خودایە)، نووسەرەکە، بە قووڵی، باس لەسەر بوونی پەیوەندی نێوان موزیك و ئیمانداری و رەووشت و رۆژانەی ئیمانداری شەیدا بەدوای حەقیقەتی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات، کە موزیك دەچێتە ناخ و ناوەوەی بوونی ئادەمیزاد.

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر هەتوان و چاکبوونەوەی نەخۆشییەکان بە موزیك، هەروەها ئاماژەش بە تەئملی رۆحی و پاڕانەوە و دوعاکردنیش دەکەم.

هەردوو مەسەلەکە، لەیەك راستییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش ئەوەیە سرووشت دەرد و دەرمانیشە، نهێنییەکان لەناو سرووشت دەشاردێنەوە، ئادەمیزادیش، گەردیلەیەکی ئەو سرووشتەیە، ئاوازە موزیکییەکان و شەپۆلە رۆحییەکان، لەناو ویژدانێکی پاکی بێگەرد هەڵدەقوڵێن. جارێکیان برادەرێکم وتی:

بۆ چارەسەرکردن لە ئەڵمانیا بووم، لەوێ ژنێکی زراڤی هۆشیار و وریا سەردانی کردم، ناسیاری ژنێکی خزمم بوو، ئەو وتی :

من دەزانم و ئاگادارم ژانەکەت قوورسە، ئەو دوو جارەی تۆم لەسەر شەقام بینیوە، بۆت نیگەران بووم، هاتووم پێت بڵێم، ئەگەر دەخوازیت من هەفتەیەك و هەموو بەیانییەك لە کڵێسا مۆمێکت بۆ دادەگیرسێنم.

یەکەمجار بوو، ئەو ژنە ببینم. بە پەیڤە ناسکەکەی دڵی گەشاندمەوە، منیش لە وەڵامدا وتم:

بەڵێ! سوپاس تۆ نوێژم بۆ دەکەیت و داوا دەکەیت چاك ببمەوە. سوپاس بۆ هەموو شتەکان.

شارەکە گچکە بوو، هەموو دانیشتوانی شارەکە یەکتریان دەناسی، کڵێسایەکی بچووکی تێدا بوو. ژنەکە باسی نەخۆشییەکی خۆی بۆ کردم، بەر لە پازدە ساڵ نەخۆش دەکەوێت، دوایی هەڵدەستێتەوە. ئەو وتی: (ژنە خزمەکەم وتی، خەڵکی شارەکە لەسەر ئەوە شاهیدی بۆ دەدەن) من دەمردم، کانسەرام بوو، نەخۆشییەکەم کوشندە بوو، نۆژدارەکان دەستنیشانی دەردەکەیان کردبووم، بەڵام من، پاش ئەوەی پێیان وتم لەو نزیکانە دەمریت، من ژنێکی ئیماندار نەبووم و لە ئاین و بڕواوە دووریش بووم، بۆ چاکبوونەوە رووم لە خودا کرد، دەستم بە دوعاکردن کرد، لە خودا نزیکبوومەوە و زۆریش پاڕامەوە...

ژنەکە داوای دەکرد، خۆراگر و ئیماندار و هیوادار بم، بەردەوام ئەوەی بە گوێیەکانم دەچرپاند، چیرۆکی چاکبوونەوەی بەو دەرمانە و بەو هیواداریانە بۆ دەکردم.

ئەو ورەبەرز و بەتوانا قسەی بۆ دەکردم، سەردانی زۆری دەکردم، ئەو و مێردەکەشی مامۆستای زانکۆ بوون. لە قسەکانییدا ئاماژەی بەوە دەکرد، موزیك، چارەسەرییەکی رۆحییە. قسەکانی ئەو ژنە و خۆبەختییەکەی بۆ پشتیوانیکردنم، بەبێ ئەوەی من پێشتر ئەوم

ناسیبێت، ئەوانە بۆ من ببوونە سەرچاوەی کامەرانی و کرانەوەیەکی سەرفراز.

---

[١]. کتێبەکە بە زمانی فەرەنسی لە ساڵی ١٣٧٨ی کۆچی هەتاوی نووسراوە و کراوە بە فارسی.

## مریەمی پاکیزە

خاتوو مریەمی پاکیزە لە قورئان ناوی هاتووە، هەمان ئەو مریەمەیە کە لە ئەنجیلیش ناوی هاتووە.

تۆ کە لەناو قورئان رێزی دەگریت، تۆش کە لەناو ئەنجیلیش شکۆداری دەکەیت. ئەوەیە راڤەی یەکێتی ئاین و یەکێتی مرۆیی.

سوجدەبردن و خاك ماچکرد هەبووە، بەڵام لە ئاینە ئاسمانییەکان و زەمینەکان بە پرۆسەی جیاواز ئەو ماچکردنە کراوە. کەسێکی بودایی، وەك باوەڕدارانی تر سوجدە دەبات و زەوییەکە ماچ دەکات، زەوییەکەش یەکە و پرۆسەکەش وەك یەکە، هەمووومان سوپاسگوزاری خوداین، کە ئەو زەوییەی بۆمان ساز کردووە، ئەگەرنا لە کوێ ژینمان بەسەردەبرد، لەوەش فاکتەری مان و بەردەوامیمان بەرجەستە دەکەین.

مەعقولێ نییە، لە ناوچەیەکی ئەو سەر رووی زەمینە، سوجدە ببەیت و زەوی ماچ بکەیت، لە شوێنێکی تریش ئەوە نەکەیت. ناکرێ تۆی ئادەمیزاد، ئەوە بکەیت و ناچار بیت ئاخەکەت خۆشبوێت، تۆی بونەوەرە هەرمانەکەی ئەو گەردوونە. ئایا ئەوەش هەر لەبەر بڕوابوونە؟ یان جۆرێکە لە زانیاری؟ یان ئاوێتەی هەردووکیانە؟

ئیمان، رەوشێکی ویژدانی خودی ناوەوەی هەموو تاکێکی مرۆڤە. ناتوانیت ئیمان و بڕوابوونی ویژدانی و رۆحی بکێشیت، یان پێوانەی بکەیت. چونکە ئیمان، تەنێکی سێ رەهەند و روو نییە، تا قەبارەکەی بدۆزیتەوە، قەوارەکەی دیاریکراو نییە بکێشرێت، رەنگ و بۆنێکی دیاریشی نییە تا مرۆڤێکی بینەر ببینێت. خەڵکی ئیمانداریش ناتوانێت و بۆی ناکرێت پێناسەی رەوشی ئیمانەکەی بکات.

کە تۆ بروات هەیە... کەواتە بە یەقین و دڵنیاییەوە بڕوات بە مەسەلەیەك هەیە. ئەو یەقینە، ناکرێ هەستی پێ بکرێت. کە ئیمان

ناکێشرێت و ناپیورێت و نابیندرێت و بۆن ناکرێت، بۆیە دەبێ ئیمانداریيەکە، بۆ کەسانی ئیماندار جێبهێێڵیت و لێی دووربکەویتەوە. یەکێك لە تاوان و گوناحە مەزنەکان، رقکاری و زۆرداریيە بۆ گۆڕینی ئیمان. (فلا اکراە فی الدین).

ئەوەی شایانی سەرەنج و رامانە، مانای فۆنەتیکی وشەی ئاین، وەك دەربڕین خۆی، لە کەلەپووری زەردەشتی ویژدان (وجدان) و رەووشت و راستگۆیی دەگەێنێت. ئەو وشەیە لەناو کتێبەکەی زەردەشت (ئاڤێستا) بە وشەی (دنینا) هاتووە، ئەوەش مانای ویژدانی مرۆڤە. هۆشمەندی داوا دەکات بگەیتە بێگەردی ئەو ویژدانە.

کەواتە ئاین هۆشمەندی و ویژدان و رەووشتە.

لێرەدا مەزنی و دروستی بیرۆکەی قبووڵکردنی کەسی تر پێویست و راستە. ئەوەش مانای ئەوە نییە، کەسەکە بە شێوەی ئیمانەکەی یان قبووڵکردنی ئیمانەکە گوزارشت بکرێت، بەڵکو دەبێ ماف ئیمانبوون بە رەوا بزانیت، وەك چۆن ئەو هەستی پێ دەکات و بڕوای پێ دەکات و پەسەندی دەکات.

قبووڵکردن و پەسەندکردنی بەرامبەرەکەت، لە قبووڵکردنی رەوایی مافە لە ئیمان بە بابەتێك، نەك بە ئیمان خۆی.

رەنگە تۆ بڕوات بە بابەت و جۆری ئیمانی یەکێك نەبێت، بەڵام ناکرێ و نابێت نکۆڵی لە ماف حاڵەتی ئیمانداری یەکێکی تر بگریت و ئەو مافەی لێ زەوت بکەیت.

**ئازاری کەس مەدە**

دەکرێ هەڵەی یەکێك راست بکەیتەوە، روونکردنەوەیەك لەسەر پێشهاتێك بدەیت، بەڵام مافی ئەوەت نییە گاڵتەی پێ بکەیت، یان بواری نەدەیت خۆی بناسێنێت.

ئێمە دەڕۆیشتین، پاسارەییە گچکەکە بەخۆشییەوە باڵەفڕێ بوو، یەکێك لە هاوڕێیان بەردێکی گچکەی تێدەگرێت، ئەویش لە ئێمە دوورکەوتەوە، بەڵام گوێمان لێبوو، لە دووری ئێمەوە دەیجرواند و گۆرانی دەچڕی.

مافی ئەوەت نییە، هیچ بونەوەرێك لە گوزارشت و رادەبڕین قەدەغە بکەیت.

خوێندن و جریوە، خۆناساندن و خۆدەرهێنانە. خوێندنی گۆرانی گوزارشتە... هەموو دەنگێك ئاماژەیەکی تایبەتە.

تۆ کە دەنووسیت، مانای ئەوەیە خودی خۆت دەناسێنێت و ئاشکرای دەکەیت. کە گۆرانییش دەچڕیت، گوزارشت لە خۆت دەکەیت. گوڵیش بۆ ناساندن و دیاربوونە کە دەپشکوێت.

دووبارەبوونەوە، یاسای دەرکەوتن و ناساندنە. تا بابەتەکە لەناو هزر دەچەسپێت، دەبێ چەند جار دووبارەی بکەیتەوە و بیڵێیتەوە. زۆری نەماوە ئەوەمان لەبیربچێت، کە زۆربەی کاتەکانی تەمەنمان دووبارەکردنەوەیە، هەموو شتەکان دووبارە دەکەینەوە، بەڵام بە کەمێك جیاوازی لە وردەکارییەکان.

دووبارەکردنەوە، یاسایەکە لە (سرووتی گەیاندن) ئاین و کولتوورەکان. تۆ سەدان جار گوێت لە بانگی مزگەوتەکان بووە، هەموو رۆژێك و مانگێك گوێت لێ دەبێتەوە، هەفتانە گوێت لە لەرینەوەی زەنگی کڵێسایەك دەبێتەوە... لێدان و ترپەی دەف و فیتەی شمشاڵی ناو بازنەی کۆبونەوەی سۆفییەکان.... ئاهەنگی

ڕۆژی لەدایکبوون و زەماوەندەکان لە مێشکت دەزرنگێتەوە. ئەوانە هەمووی گوزارشتە لە رادەربڕین و خۆدیارکردن.

موزیك، بە ئاوازە جیاوازەکانی و ئامێرەکانی، گوزارشتێکی گونجاو و سازکار و سەرەنجراکێشە، مرۆڤ پەروەردە و ساز دەکات و تینوویەتییە شاراوەکانی لە سووربوونی هەمیشەیی لە دیارکردن و راگەیاندنی بوون دەشکێنێت.

هەر لە رۆژی بوونەوە، هەتا مردن (کۆچی کاتی بە پێناسەی عارفەکان) ... تینوویەتی، تینیبوون و تینوویەتییە.

مرۆڤ، هەر چەند ئاو کانی ئەو ژیانە بخواتەوە تێر نابێت، تێر ناخواتەوە، چونکە نەگەیشتووتە شیلە خاوێن و خۆشەکە، هەندێ لە عارفەکان بە شەرابی ئیلاهی پێناسەی دەکەن.

تینوویەتییە سوتێنەرەکە، هاوڕێیەتی مرۆڤ بەرنادات، ئەو ئادەمیزادەی بێئاگایە لە جوانییەکانی وەجوود. هەتا بە خاك دەسپێردرێت هەر تینووە.... بە بۆچوونی هەندێ لە رامان و باوەڕەکان، رۆح بە نەمریی دەمینێتەوە، جەستە فیزیاییەکەش، دەفەوتێت و نامینێت و بە چەند ئامراز و یەکەیەکی سەرەتایی دەگۆڕێت، بەڵام رۆحەکە هەتا تێربوون دەمینێتەوە و دەگەڕێتەوە، ناو سەرچاوە سەرەکییە یەکەمەکەی جارانی.

مەزنی مرۆڤ لەوەدایە، بۆ هەموو کایەکی نادیار و شاراوە، بە بۆچوونەکانی خۆی زانیارییەکی بۆ داناوە، هەموو کارەساتێك پرسە و رابورادن و دەربازبوونێکی لە گۆشەیەکەوە بۆ دەخولقێنێت...

ئازادییە رۆشنبیرییەکە لە هەموویان بایەخدارترە

لەگەڵ خۆمدا، بۆ سەرکەوتن و نوچدانی هەر حکومەتێك پێوەرێکم داناوە...

ئایا دەتوانێت ئازادییەکانی موزیك و شانۆ و پەیکەرتاشی و هەموو جومگەکانی تری هونەر، لە ژیانی کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتییەکان فەراهەم بکات؟ ئایا رێژەی ژنانی لەناو حکومەت، زۆرتر کردووە و رەوشیان باشتر بووە؟ ئایا بەڕوونی و راشکاوانە خوێندنی هونەرەکانی دابینکردووە؟ ئایا بوارەکانی گەشەسەندن و دەربازبوونی هونەرەکانی سازکردووە؟ ئەگەر حکومەت لەو مەرج و بوارانە سەربکەوێت، دەتوانێت هەموو کێشە و گرفتەکانی تریش چارەسەر بکات. بەڵام ئەگەر لەوەیاندا نووچیدا و نەیتوانی سازیان بکات، هونەرەکانی گەمارۆدا و خنکاندی، ئەوە حکومەتەکە هەڵوەشاوەیە و جێگیر نییە، حکومەتەکە هەڵدەوەشێتەوە و دووبارە هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەکرێتەوە.

ئازادییە رۆشنبیرییەکان، دەستپێکی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانە، بناغە و مەرج و بنچینەی ئازادییە سیاسییەکانیشە.

بەپێی ئەو پێوەرە من چاوەڕوانی بڕیارێکی روون لە حکومەت دەکەم (١).

من نازانم بەربەستکردن و کۆتکردن ئازادی هونەرە جوانەکان مانای چییە، هونەر تا ئێستاش هەوێن و شکۆدار و پێگەیشتنی رۆحیەتی خاك و رۆشنبیری مرۆڤە.

لە سەرەتاکانی مێژووەوە، هونەری موزیك و ئاوازەکان و سروود و سەڵاواتەکان، ستوونی باوەڕداری و پەرستنی مرۆڤ بووە... هارپ، ئەوەی شارستانیەتی سۆمەرییەکان دایانهێناوە، رەنگە پێش ئەوانە هارپ هەبووبێت، ئەوەی پەنجەی هونەرمەندە داهێنەرەکەمان تارا جاف دەیژەنێت، ژنە هەڵەبجەییەکە، ئەوەی دەڵێت من ناتوانم بێ

هارپەکەم گەشت بکەم، ناژیم ئەگەر هارپەکەم پێ نەبێت، ئەو ژنە بە ژێیەکانی گوزارشت لە بوونی خۆی دەکات.

تارا هونەرمەندێکی رۆشنبیرە، دەزانێت چۆن ژێیەکانی بجولێنێت و چ لە ژێیەکان بکات، دەزانێت ژێی هارپەکە چ لە رۆحی دەکەن... ئەو لەگەڵ ئاوازی هارپەکە گەشتی مەند و هێمنانە دەکات. من لەو ژنە تێگەیشتم ئازادی ژنان، پابەندە بە ئازادی موزيك و هونەرەکانی تریش.

دیمانەی زۆرمان لەگەڵ ئەو ژنە بووە، بە ئاخاوتنەکان کامەران دەبووم، ئەو بەرێز و بەنیانییەوە قسە دەکات، کە قسە دەکات لەناو جیهانێکی دوورەوە چرپەی دێت، هونەری رێزداری هونەرمەندان و گەورەییان فێربووە.

---

١. مەبەستم حکومەتی عیراقە لە ساڵی ٢٠١٠ی زاینی.

**داهێنانی ژنان لە چەندین بواردا**

ئەو ژنە هونەرمەندە، هەموو مەسەلەکانی کەون و ژیان، بە فەلسەفە دەکات، بۆیە شایستەی هەموو ڕێز و پێشوازییەکە.

کە ژنان لەسەر پەراوێزکردنیان لە بوارە جیاجیاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگاکەیان، ناڕەزایی دەردەبڕن، لەناخەوە گوزارشتکردنێکی قووڵە، لەوەی لە هەموو بوارەکانی ژیان بە کەم و سووکەوە سەیر و هەڵسوکەوت دەکرێن.

کۆمەڵگای پیاوسالاری (یان نێرینە بە پێناسەی هەندێك) پەیامە هەڵەکە (ئەوەی بە مەبەست دەکرێن) دووبارە دەکاتەوە، کە دەڵێن ژن بێدەسەڵات و ئاوەزی کەمە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە شایستە و گونجاو نییە، بۆیەش ناتوانێت سەرکردایەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بکات.

نێرەکان، کالفامی و نەزانینی ژنان لە بواری فەلسەفەدا دەکەنە ئاماژە، یەکێك لە من دەپرسێت:

ئەگەر ژنان، وەك پیاوان وزە و هزر و تاقەتی پیاویان هەبێت، بۆ ژنێکی فەیلەسوف هەڵنەکەوتووە؟ یان دیارە ژنان لەبارەی عەقڵەوە کامیل نین؟

وەڵامەکەم بە سادەیی و بە بەڵگەوە ئەوەیە، ئەگەر بواریان لەسەر ئاستی خوێندن و فێربوون و ئازادییەکانی توێژینەوە و سەربەخۆیی کەسایەتییان هەبوبێت، ژنە فەیلەسوفی مەنەزنیان لێ هەڵدەکەوت، وەك چۆن لە بوارە هونەرەکانیان دیار و شکۆدارن.

لەناو کۆمەڵگای نێرینەدا، ژنان لە بوارەکانی هونەر و ڕۆشنبیری بواریان هەبووە، بۆیە داهێنانیان کردووە، لە سینەما و شانۆ و ستران و سەمادا پێشەنگ بوون. پیاوان ئەوەندە خۆپەرستن، ئەوەندە شانازی بە نێرینەی خۆیانەوە دەکەن، هەتا ڕێژەیی ئازادییەکانیشیان، دەیانەوێ ژنان بۆ ڕابواردن و خۆشییەکان خۆیان

و جوانییەکانی ژیان، بەکاربهێنن. کەواتە، ژنان وزە و بواری داهێنان و دۆزینەوەیان لەبارە و دەتوانن، ئەگەر پێش دەستیان بکرێتەوە، بوارەکانیان بۆ ساز بکەن، کە هەموویان لەبن دەستی پیاوانە.

ژنان، دەچنە ناو کەپسولەکانی فەزا، سەرۆك وەزیرانن، وەزیری بەرگری و هونەرمەندی مەزنن لە بوارەکانی هونەر و ئەدەب، سەیر بکە چۆن نووسەری رۆمانی هاری پۆتر، دەتوانێت بە نووسینەکانی جیهان سەرسام و سیحراوی بکات. ژن لەناو کەسایەتی ئوم کلسوم، تارا جافە، ژنە دەبێتە سەماکەری بالیە و ئەکتەری ئۆپرا و سینەما، مەدام کۆرییش ژن بوو، ئەندێرا گاندی و بینزیر بوتو...

بۆیە، واز لە بیانووە کۆنەکان بهێنن، کە دەگووترا (ئاوەزی ژنان کەمە) یان دەیانووت (کەماسییان تێدایە)... هتد، ئەو بۆچوونانە زاڵمانەیە و شان و شکۆی ژن و مرۆڤایەتی دەشکێنێت.

لە بوارەکانی فەلسەفەش ژنان داهێنانیان کردووە، وەك بۆتان روون دەبێتەوە...

فەلسەفە لەبن پێی ژنانە

زانا و فەیلەسوفەکان، دان بەوە دادەنێن، کە ئاوەزی مرۆڤ لەکن هەموو رەسەن و میللەتێك وەك یەکە. ئاوەز، لەلای دەستەیەك یان کۆمەڵە و نەوە و رەچەڵەکێکی تر، جیاوازتر نییە لەگەڵ دەستە و نەتەوەی تر. بوار و رەوشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان، کە بەسەر دانیشتووانی خۆرهەڵاتدا دەڕوات، فاکتەر یەکلاکەرەوەیە لە دواکەوتنیان لە بوارەکانی فەلسەفە و فەلسەفەکردن، بە بۆچوونی رووناکبیری میسری بە نەژاد کورد، (عەباس مەحمود ئەلعقاد) دیارترین هۆکاری دواکەوتنەکەش، زۆرداری و دەسەڵاتی پیاوانی ئاینییە (١).

ئەزموونی فەلەسەفییە نایابەکەی فەیلەسوفی یونانی ڤیساغورسی لەدایکبوو ساڵی ٥٣٢ی زاینی، دەسەلمێنێت، کە ژنیش دەبێتە فەیلەسوف و رووناکبیر، ئەگەر بوارەکانی ژیان و فێربوونی وەك پیاوان، بۆ فەراهەم بکرێت. ئەو بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، قوتابخانەیەکی فەلسەفەیی لە ژنان و پیاوان پێکدەهێنێت، تێدا بوار دەداتە ژنان، وزە عەقلییەکانی کارکەر بکات، لەناو دەستەکەی بە ناوی (دەستەی ڤیساغورس) (٢) کار و کۆششەکانیان ئەنجام بدەن. دەرئەنجامی ئەو ئەزموونە، چەندین ژنە فەیلەسوف لە مێژووی یونانی و مێژووی سەرانسەری جیهانیش دەردەکەون، لە هەموویان ناسراوتر، پیانوی هاوسەر ڤیساغورس و هەر سێ کیژەکەی بە ناوی: ئاریجنوت، مینا، دامو.

کە ڤیساغورس دەمرێت، ژنەکەی و هەر سێ کیژە فەیلەسوفەکانی قوتابخانەکە بەڕێوە دەبن، چەندین فەیلەسوفی ژن و پیاو پێدەگەێنن. بوارساز بووە لێرە قسە لەسەر ژنە فەیلەسوفەکانی ڤیساغورس بکەین، کە لە سەردەمانێکی کۆن و زۆر زوو، ناویان هەبووە. بێجگە لە پیانو و کیژەکانی، ناوی زۆری ترمان هەیە وەك: ئایزارا لوکانی، ڤینتست ئەسبارتی، برکتیونی یەکەم و ئەسپازیای مامۆستای

وتاربێژی، ئەوەی سوقرات فێری حیکمەت و بیردۆزەکانی ئەڤین دەکات، جولیا دونا، ماکرینا خاوەن پەیڤی: جەوهەری نەفس توانای بیرکردنەوەی عەقلە، ژن و پیاویش لەوەدا جیاوازیان نییە. هەروەها ژنە فەیلەسوفەکەی ئەسکەندریە هیباشا (٣) و زۆر ناوی تریش. ئەو ژنانە لە سەدەکانی شەشەم و پێنجەم و سێیەمی پێش زاین ژیاون.

ڤیساغورسی حەکیم و  فەیلەسوف، لەسەر دەستی کاهینەکانی میسر و مەجوسەکان (میپرانییەکان و زەردەشتییەکان) فێر دەبێت، فەلسەفەش لەسەر بنچینەی ماتماتیك و ژمارەکان و هاوسۆزی ناکۆکەکان دادەنێت، فەلسەفەکەی ئەو، رەگێکی ئاینی نهێنی پێوە بوو، زۆریش لە بیردۆزەکانی مۆرکێکی شۆرشگێریشیان پێوە بوو.

ڤیساغورس بایەخی زۆری بە موزیك داوە، ئەو وتوویەتی: جیهان بریتییە لە ژمارە و ئاوازەکان، ئەو قسەیەش لەلایەن گریکەکان بە هەڵە شرۆڤە کراوە. ژنە فەیلەسوف پیانو، هاوسەرەکەی ڤیساغورس ویستویەتی راڤەی ئەو دەستەواژەی ڤیساغورس بکات.

کەواتە ئەو ژنە رووبەڕووی قووڵترین کاروبارە هزرییە فەلسەفییەکان بوویتەوە (٤).

---

(١,٢,٣,٤) دکتۆر ئیمام عەبدولفتاح ئیمام، ژن و فەیلەسوفەکان، خانەی تەنویر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و پەخش، بەیروت ٢٠٠٩، بە زمانی عەرەبی.

## حیکمەتی ژن

سوقرات، ئەوەی لەنێوان سالآنی (نزیکەی ٣٩٩_٤٧٠ ب.ز) ژیاوە، هیچ مامۆستای پیاوی نەبووە، مێژوو دەگێڕێتەوە، دوو ژنە فەیلەسوف فێری وتاربێژی و حیکمەتیان کردووە، ئەوانیش: ئەسپازیایە، سوقرات دانی بەوە داناوە، هونەری وتاربێژی و دیالۆگ لەو ژنە فەیلەسوفە فێر بووە، ئەو ژنە رۆشنبیر و رووناکبیرێکی ناو ژیانی ئەسینا بووە، ئاوەزێکی گەشەداری لە کایە سیاسییەکان و ئەو بابەتانەی لەلایەن میللەتەوە پەیوەست بوون، هەروەها لە هونەری وتاربێژییش هونەرمەند و کارامە بووە. (١)  (ئەو ژنە لە سەدەی چوارەمی بەر لە زاین ژیاوە).

دووەم ژنیش کە سوقراتی پێگەیاندووە، ژنە فەیلەسوف دیموتیایە، ئەو ژنە کاهینە لە شار مانتینا ژیاوە، ئەسینونییەکان وەك ژنێکی پێشبینزان و چارەسەری کێشەکان ناسیویانە. ئەفلاتۆن لە (دانوستانەکان)دا باسی کردووە، کە چۆن سوقرات لەو ژنە فێری بیردۆزەکانی هۆشمەندی و ئەڤین بووە.

ژنە مامۆستای دووەمی سوقرات وتوویەتی: (خۆشەویستی، خۆشەویستی جوانییەکانە. ئەوەی لەگەڵ جوانییەکان دەگونجێت، لەگەڵ خێریش وایە، وەڵامیش لەو دوو حاڵەتەدا یەکە: ئەویش دابینکردنی شادومانی خودە. شادومانی لەگەڵ بوون و خاوەنیداری خێر دایە، لەسەر جوانییش هەمان بۆچوونی هەبووە، شادومانییش لە هەردوو رەوشدا مەبەستە) (٢). ئێستاش، لە سەدەی بیستەم و یەکدا سەیری پەیڤێکی پێشەوای بودی دالای لاما بکەیت، کە لە پێشەکی ئەو کتێبە ئاماژەم پێ کردووە، بەوەش دەزانیت ئەو ژنە چەند بلیمەت و زانا و حەکیم بووە.

دوور لە قسەکردن لەسەر ژنە فەیلەسوفەکان و سوقرات، بوارسازە لەو پەیڤ و لێدوانەدا، لەسەر مەبەستی شادومانی پەیڤێکی زەردەشتی حەکیم قسەیەك بکەم (نزیکی شەش سەد ساڵ بەر لە

زاین)، ئەو نامەیەك لە ئاهورا مزدا (خالیق) لەسەر پرسیاری مەبەست و غایە لە بوونی ئادەمیزاد لەو گەردوونە چییە وەردەگرێتەوە، وەحییەکە پێی دەڵێت: مەبەست و غایەتی ژیان شادومانی و کامەرانییە. دالای لامای پێشەوای رۆحی و دونیایی تبت، کەسێکی باوەڕداری بودایی بووە، ئەو بڕوای بەوە هەبووە، کە مەبەستی مرۆڤ لە بوون، شادومانییە.

ژنە فەیلسوفی یونانی ماکرینا (٣٣٠_٣٧٠ی پ.ز) پاش قۆناخی دووەمی ڤیساغورسیەت هاتووە، ئەو وەك ژنێکی قەدیس و خاوەنی کۆنترین سیستەمی زوهد و ناسکییەکان ناسراوە، زۆر بەرگری لە ئازادی کردووە، ئازادییە هزرییەکان و سەربەخۆیی کەسایەتی و هزرە فەلسەفییەکانی ڤیساغورسیەتی بڵاوکردوتەوە و کەلەپوورێکی قووڵی جێهێشتووە، بەرگری لە یەکسانی و یەکێتی ئاستی رۆحی ژن و پیاوان کردووە. ئەو وتوویەتی: ژنیش وەك پیاو هەموو خەسڵەتەکانی خالیق لەبەرکراوە (٣)، خودا بە هەمان شێواز هەردووکیانی دروستکردووە، سرووشتەکانیان یەکە و یەکسانن.

مەبەستم لەو نمایشکردنەدا، سەلماندنی تواناسازی پیاو و ژنە، هەردوولا دەتوانن، داهێنان بکەن و وزەکانی بە سازبوونی رەوش و مەیدانەکان یەکسانە.

---

(١،٢،٣) دکتۆر ئیمام عەبدولفتاح ئیمام، ژنە فەیلەسوفەکان، سەیری سەرچاوەی پێشوو بکە، چڕ و کورتکراوەتەوە.

هیباشا زانایەکی ماتماتیك و فەیلسوفیش بووە

هیباشا ژنە فەیلسوفە ئەسکەندرییەکە (٣٧٠_٤١٥ زاینی)، لەودەمانەی ئەسکەندریە مەڵبەندێکی جیهانی هزر و رۆشنبیری بووە، ئەو لە مۆزەی ئەسکەندریە مامۆستای ماتماتیك بووە، ناوی ئەویش لەناو تۆماری مۆزەکە، وەك زانایەکی مەزنی ناو زاناکانی ناوی نووسراوە. ئەو لە مۆزەکە وانەبێژ بووە و مەزهەبەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتونی راڤە کردووە، خەڵك لە نامەکانیان بە دەستەواژەی (ژنە خوداکە)، یان بە (ژنە فەیلسوفەکە) ناویان بردووە. دەڵێن ئەو ژنە زۆریش جوان بووە، ئاکارێکی سرووشتی ئەفسانەیی هەبووە، شووکردن لەناو مێشکی دەردەهێنێت، خو و خولیاییەکانی تەنها دەداتە هزر. ئەو رووبەڕوو هەڕەشە و شکانەوەش هاتووە، هەتا لەلایەن خوێندکارانی خۆشی.

ئەو قوربانی بە خۆشییەکان دەدات، بە پاکیزەیی دەمینێتەوە و تەنها روو و مەبەستی هزر و فەلسەفە بووە، هزری راستی ئەفلاتۆنی لەسەر ئەڤین دەخوێنێت و پەیڕەوی دەکات. مێژوونووس (دیل دیورانت) چیرۆکی سەرەنجراکێشی لەسەر نووسیوەتەوە، کە چۆن، گەنج و گەورەکانیش تەنگیان بەو ژنە هەڵچنیوە و ئازاریان داوە. ئەو ژنێکی بەرێز و بەرەووشت بووە، لەگەڵ ئەوانەی ئازاریشیان دەدا دلۆڤان بووە، بۆیەش خەڵکەکە رێزیان گرتووە و کەسایەتی بەو رەووشتە بەرزەوە پاراستووە. هەموو مێژوونووسان دەبێژن، ئەو بە پاکیزەیی ماوەتەوە، جوانییەکانی و حیکمەت ساز و روونی و سادەییەکەی پاراستووە. لە خەمە گشتییەکان بەشدار دەبێت، بەرگری لە لانەوازان کردووە، ئازایانە بەڕووی دادگاوە وەستاوە.

لەگەڵ ئەو هەموو رەووشتە بەرزە، ئای لەو ناکۆکییە، کریستیانەکانی ئەسکەندریە بە رق و ناڕەزایی و ناشیرینەوە سەیریان دەکرد، بە بۆچوونی ئەوان، ئەو لەسەر ئاینی یونانی وەسەنی ماوەتەوە، بە بۆچوونەکانی ئەوان، هزر و روانینەکانی لە کایە زانست و فەلسەفە و

ڕۆشنبیرییەکانی بەرجەستەی وەسەنیەتی کردووە، ناسنامەیان هاوشێوە و یەکە. هەروەها خەڵکە کریستیانەکە، ڕقیان لەو ژنە بووە، چونکە، لەگەڵ حاکمە وەسەنییەکەی ئەسکەندریە، کە پرس و ڕای فەلسەفەیی پێکردووە، پەیوەندییان پتەو و گەرم بووە، حاکمەکەش لەگەڵ گەورە ئەسقفە کریستیانەکانی شارەکە، ناکۆکییەکی توندیان هەبووە (١).

کاهینەکان ڕقەکەیان بەرامبەر ئەو ژنە پاکیزەییە، ئەستوور و گەورە دەبێت، تا دەرئەنجام تاوانێکی قێزەون و زۆر نامەردانەی بە دەستی چەند ڕاهیبێك دەرحەق بەو دەکەن، کۆمەڵەیەکی زۆر لە ڕاهیب لە بیابانی (نەتروون)، چەند ساڵ بوو، لەوێ بەیەکەوە ململانێیان لەگەڵ هێزەکانی شەڕ دەکرد، شەهوەت و ئارەزووە تایبەتییەکانیان دەنووسیەوە و ململانێیان لەسەر شەهوەتی جەستە دەکرد، ئەوانە لەسەر ڕاسپاردەی گەورەکەیان کیرلس، بەدروستی لە شەوێکی مانگی مارسی ساڵی ٤١٥ی زاینی، ڕێگە بە گالیسکەکەی هیباشا، فەیلەسوفە پاکیزەیە جوانەکە دەگرن، بەتوندی دایدەگرن و دەیبەنە ناو کڵێساکەی قەیسەروون و ڕووتی دەکەنەوە، سەری دەبڕن، پارچە پارچەی دەکەن، ئاگرێکی گەورەش دەکەنەوە، ئەندامانی جەستەکەی یەك یەك دەهاوێنە ناو ئاگرەکە، تا ئەندامەکانی جەستەکەی دەبێتە خۆڵەمێش.

مێژوونووسی ناسراو دیورانت و شرۆڤەکاران وتوویانە، هۆکاری کوشتنە هۆڤیانەکەی ئەو ژنە، دەگەڕێتەوە، سەر بوونی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆری نێوان نەتەوەکان، کە زۆربەیان کێشە و ناکۆکی ئاینی بوون. ئەوان و زۆربەی کریستیانەکان پەیڕەوی ڕەوت و بەرنامەی مەسیح (سڵاوی خودای لێ بێت) لە ئاشتەوایی و لێبووردنەوە بەرجەستە ببوون، لە وتارەکەی چیادا، داوا دەکات خراپەکاری بە خراپەکاری وەڵام مەدەنەوە، کەواتە ئەو دژی تۆڵەسەندنەوە بووە، بۆیەش ئەو تاوانەی دەرحەق بەو ژنە کراوە، پەیوەندی بە ئاینی کریستیانی و فەلسەفەکەی نەبووە، بەڵکو

دەستەیەك راهیب، بە ئارەزووی خۆیان و لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی سیاسی و تایبەتی تاوانەکەیان ئەنجامداوە.

مەبەست لە ژیان و تراژیدیای هیباشای فەیلەسوف ئەوە بوو، کە ژنیش وەك پیاوە، وزە و تاقەتی داهێنان و بیرکردنەوە و بەکارهێنانی ئاوەزیان هەبووە، گەیشتونەتە ئاستی بەرزی بیرکردنەوەی عەقل، ئەویش فەلسەفەیە.

---

[١]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، بە چڕکردنەوە و بەکورتکراوەییەوە.

**شێرزاد هەینی**

**لە ساڵی ٥٥٥٥ لە هەولێر لە دایکبووم، بەشی رووپێویم لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا تەواوکردووە و هەتا لە وڵات دەرچووم لە شارەوانی هەولێربووم، لەنێوان هەولێر و ستۆکهۆلم دەژیم.**

**چاپکراوەکانم ...**

**٥- لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، ٥٩٨٥ کتێبی (هەولێر)م ئامادەو چاپکرد.**

**٢- هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی ٥٩٩٤ دا، ٥٢ ژمارەی رۆژنامەی (هەولێر) م دەرکرد.**

**٣- کەلاوە... ٥٥٥٥ ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.**

**٤- دیوەخانی فلێن... رۆژانەیە، لە ٥٥٥٥ لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی بڵاوکرایەوە.**

**٥- هەولێر... تا دبلن...... ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.**

**٦- بەغدا.... بۆ هەولێر! ..... ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.**

**٧- مەملەکەتی فارگۆنەکان.....٢٠٠٥ ریپۆرتاژ، سلێمانی.**

**٨- کاکە، ئەبو ئیسماعیل... ٢٠٠١ ، سلێمانی.**

**٥- بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو ٢٠٠١ رۆمانی گابریل مارکیز.**

**١٠- رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. دەزگای موکریانی.**

**٥٥- سارد، یان گەرم (٥٢) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی.**

**١٢- فارگۆنەکان، لە دەزگای بەدرخان لەهەولێر٢٠٠٥ بڵاوکرایەوە.**

**١٣- مەملەکەتی کەلاوە، وەك نامیلکە لەوەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێر بڵاوکرایەوە.**

**١٤- کۆریا پێناسە و مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر ٢٠٠٧.**

**١٥- هولۆکۆست... وەرگێڕان ... سەنتەری نما هەولێر ٢٠٠٧.**

**٥٦- دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... هەولێر دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.**

**١٧- مارتن لۆسەر، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر ٢٠٠٨ .**

**١٨- بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراك، روایال، سارکۆزی ... و: خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٨ .**

**٥٥- سێکس و پۆلیتیك، دیوێکە لەژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ...و: سەردەم ٢٠٠٨**

**٢٠- تەها حوسێن، نابینایەکی بینا، ئامادەکردن.. دۆسیەیەك لە گۆڤاری نما ٢٠٠٨**

**٢٠- ٥٥٥ دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە ... دەزگای نما ٢٠٠٨**

**٢١- دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە....و: دەزگای ئاراس ٢٠٠٨**

٢٢- مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە... سلێمانی ٢٠٠٨

٢٣- من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠٠٩

٢٤- مۆساد.. وەرگێڕان.. لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر چ ٥ و ٢ هەولێر ٢٠٠٥، ٢٠١٠

٢٥- دانپێدانەکانی حاجی پاولۆ .. لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر ٢٠٠٥

٢٦- ترێنە خێرایەکی خۆرهەڵات ... وەرگێڕان دەزگای موکریانی ٢٠٠٩

٢٧- نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە ... وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠٠٩

٢٨- کاکە ئەبو خەلیل ... بەسەرهات ... رەخنەی چاودێر سلێمانی ٢٠٠٩

٢٩- برادەرە جوانەکە... رەشیدە داتی ... دەزگای ئاراس وەرگێڕان ٢٠٠٩

٣٠- سارا پالین ... ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان .. وەرگێڕان دەزگای ئاراس ٢٠٥٠

٣١- دەسەڵات و نەخۆشی ... وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠٥٠

٣٢- سیاسەتی دڵ ... وەرگێڕان دەزگای ئاراس ٢٠٥٠

٣٣- جیهان لە دیدی کۆشنێر ... وەرگێڕان دەزگای نما ٢٠٥٠

٣٣- سیڤییەکان ٥... وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە دیدارێکە ٢٠٠٢ _ ٢٠٠٩

٣٤- گەشتێك بەرەو ئەوروپای نوێ ... دەزگای ئاراس، وەرگێڕان ٢٠٥٠

٣٥- حیكایەتەكانی غەدر و خوێن ... وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠٥٠

٣٦- چیرۆكێك لە خۆشەویستی و تاریكی، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١ هەولێر

٣٧- تووتنەوانەكە... رۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١٥ هەولێر

٣٨- ئەستێرە سەرگەردانەكە ... رۆمان وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر

٣٩- دەربازبوون... وەرگێران دەزگای ئاراس ٢٠١٥

٤٠- مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن دەزگای ئاراس ٢٠١١

٤١- سیڤییەكان ٢ كۆمەڵێك راز و دیمانە وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١١

٤٢- كازیوە، ژنەكەی ناو فەیسبوك، نۆڤڵێت دەزگای نما ٢٠١١

٤٣- غاندی، چیرۆكی ئەزموونەكانم لەگەڵ حەقیقەتدا وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١

٤٤- سەگەكان لە ریگا، رۆمان ... وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١

٤٥- غاردان بەدوای گورگەكاندا، رۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١٢

٤٦- سیڤییەكان ٣ كۆمەڵە راز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٢

٤٧- دەسەڵاتی دوو ژن... ئیلیزابیتی دووەم و ئەنجیلا میركل، بەدرخان ٢٠١٢

٤٨- چراكانی ئۆرشەلیم، وەرگێڕان رۆمان، ئاوێر ٢٠١٢

٤٩- شۆرشەكانی جیهان ئامادەكردن، ئاوێر ٢٠١٣

٥٠- هەولێر، ئیبنی مەستەوفی، رۆمان مەڵبەندی گشتی نووسەران ٢٠١٣

٥١- هەولێر، سێتاقان، رۆمان خانەی ئەربیل ٢٠٥٣

٥٢- گێلە، دۆستویڤسكی، وەرگێڕان رۆمان ئاوێر ٢٠١٣

٥٣- زستانی خێزانەكە، وەرگێڕان رۆمان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٣

٥٤- كەسایەتە مەزنەكانی جیهان، دەزگای نما.

٥٥- سیڤییەكان ٤ كۆمەڵە راز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٣

٥٦- بنچینەكانی رێنسانسی ئەوروپا وەرگێڕان رۆمان ئاوێر ٢٠١٣

ئامادەی چاپە:

٥- پاسپۆرت... یادەوەری ٢٠١٠

٢- حەریمی سوڵتان وەرگێڕان... ٢٠١٣

٣- سیڤییەكان ٥

٤- پایزەساڵ